IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# خەوتن لەگەڵ شەیتان

نوسینی: رۆبێرت بایەر

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

2015

# خەوتن لەگەڵ شەیتان

نوسینی: ڕۆبێرت بایەر

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا

زنجیرە ( 58 )

ناوی کتێب: خەوتن لەگەڵ شەیتان
نوسینی: رۆبێرت بایەر
وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن
بابەت: سیاسی
هەڵەچن: سەروەت تۆفیق
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 500 دانە
نرخ: 3000 دینار
ساڵی چاپ: 2015
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( 1481 ) ی ساڵی 2015 ی پێدراوە

پێشکەشە

بە دایکی کۆچکردوم

(مەحبوبە ئەحمەد سوارە)..!!

سوپاس و پێزانینم بۆ کاک ئەنوەر حسێن، لێپرسراوی دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوەو ستافی دەزگاکە کە جێ پەنجەی ماندوبوونیان بەم بەرهەمەوە دیارە

# ناوەرۆک


پێشەکی ........ 8
پێشەکی وەرگێڕ ........ 9
دەرکەوتنی تیرۆریزمی تەکفیری ........ 18
بێدەنگی گوماناوی ئەمەریکا دەربارەی ئەلقاعیدە ........ 23
سیناریۆی رۆژی قیامەت، عەرەبستانی سعودییە لە لێواری تەقینەوەدا ........ 35
وەهابیەت و ئال سعود لە ئامێزی ئەمەریکاو ئینگلیزدا ........ 47
بەرپرسانی ئەمەریکی مانگانە لە عەرەبستانی سعودییە وەردەگرن ! ........ 63
ریسوایی «هەیفا بەندەر» لە کارەساتی 11ی ئەیلول ........ 79
نێهێنی کۆشکی سپی، بێ ئاگایی ئەمەریکا لە وەهابیەکان و ئیخوان موسلمین ........ 98
هۆکاری چاوپۆشی ئەمەریکا لە وەهابیەکان و ئیخوان ........ 128
نەوتراوی بازاڕ کردنەکانی کەلوپەلی سەربازی عەرەبستانی سعودییە ........ 153
بۆچی ئەمەریکا تیرۆریزمی ئال سعود نادیدە دەگرێت ........ 173
شێوازی پاڵپشتی واشنتۆن لە تیرۆریزم ........ 195

## پێشەکی

بەپێی شرۆڤەی پێگەی هەواڵی تۆڕی جیهان، «رۆبێرت بایەر» نوسەری کتێبی «خەوتن لەگەڵ شەیتان» ئەفسەری پێشووی چالاکی دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکایە. پۆستی جیاجیای «سی. ئای . ئەی» هەبووە، ساڵی 1983 سەرۆکی تیمی ئەم رێکخراوە بووە لە لوبنان و تەقاندنەوەی بیری ئەلعەبدەیە.

ئەو بەرپرسەی (سی.ئای.ئەی) لە کتێبەکەیدا، ئاماژە بە هاوکاریەکانی عەرەبستانی سعودییە و ئەمەریکا لە زادەی تیرۆریزمی تەکفیری و رێنمایی دەکات، ئەم کتێبە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی لە ساڵی 2003، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی و بڵاوکراوەتەوە. دیارە ئەم کتێبە لە ناو هەواڵنێران بە «کۆشکی سپی و زێڕی رەش»یش دەناسرێت.

## پێشەکی وەرگێڕ:

هەواڵگری، یان سیخوڕیکردن بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵی نهێنیانەی کەسێك، یان دامەزراوەیەك، یان وڵاتێك لە بەرژەوەندی شەخسێك، یان وڵاتێك. کۆنی سیخوڕی بۆ کۆنی مێژوو دەگەڕێتەوە، لە کۆنیشەوە سیخوڕی نەك تەنیا لە کاتی شەڕ، بەڵکو لەکاتی ئاشتیشدا بۆ مەبەستی ئابووری، سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندی نێودەوڵەتی وڵاتـان بایەخ و گرنگی خۆی هەبووە، بەرنامە بۆ داڕێژراوە لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتان و دروستبوونی پەیوەندی سەریهەڵداوە، وڵاتـان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر یەك لە بەرژەوەندی خۆیان، سودییان لێوەرگرتووە.

ئەوەش دەبێت بزانین، کە زۆرێك لە دەوڵەتان، جگەلە رێکخراو، یان دامەزراوەی سیخوڕی سود لە کۆمپانیاکان

وەردەگرن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و هەواڵ، هەروەها دەیەی هەشتاکان بەهۆی زۆربوونی روداو و کارەساتی سیخوڕی بە (دەیـەی سیخوڕی) نـاوزەد کـراوە، بەپێی توێژینەوەیەك لەو ساڵەدا زیاتر لە پێنج سەد کتێب لە بواری رۆمان و یاداشت و بیرەوەری بڵاوکراوەتەوە.

(خەوتن لەگەڵ شەیتان)، هەروەك لە کورتە پێشەکی شرۆڤەی پێگەی هەواڵی تۆڕی جیهانیدا هاتووە، (رۆبێرت بایەر) ئەفسەری پێشوی چالاکی دەزگـای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکایەو پۆستی جیاجیای لە (سی. ئای. ئەی) هەبووە، هەروەها بە کارامەترین و زیرەکترین کارمەندی (سی. ئای.ئەی) لە خۆرهەڵاتی ناوین ناسراوە. بایەر سەرەڕای 21 ساڵ ئیشکردنی بۆ (سی. ئای.ئەی) بەردەوام لە بەشی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم چالاکی نـوانـدووە، بـەڵام هەرگیز متمانەی بە سیاسەتەکانی دەسەڵاتدارانی واشنتۆن نەبووە.

بایەر لەو کتێبەدا وەك ژیـان بە بەرداکردنەوەی خۆرهەڵاتی ناوین باسی تیرۆریزم دەکات، کە خۆرئاواش بەهۆی پێویستی بوونی بە نەوتی ناوچەکە، دەبێت بـــەردەوام خۆی لەگەڵ ئەو مەسەلانە بگونجێنێت، هەروەها لەم کتێبەدا ناوی کۆمەڵێك کەس و گروپی بردووە و بە بیانوی پاراستنی ئاسایشی گیانی هەندێکیان، ناوەکانی سڕیونەوە، یان ناوی نەهێناون و شوێنەکەی

لەنێوان دوو کەوانەدا بە بەتاڵی هێشتونەتەوە. ئەوە جگەلەوەی دەمامکی رووی زۆر کەسی داماڵیووە، کە خەڵکی سادەو ئاسایی وەك فریاد رەس تەماشایی دەکەن.

هەروەها بایەر بە ئاماژەکردنێکی ناوازەو بێ پێشینەو کـەم وێنە بە هەڵەکانی خـۆی و رێکخراوەکەی لە سەرەدونانی شوێن هەڵگرتنی جێ پێی گومانلێکراوان - کە تاڕادەیەك ئەو پەردە هەڵماڵینە پێشینەی نەبووەو بێ پێشینەیە - توانیویەتی متمانەی خوێنەرانی کتێبەکانی بۆ ئەو بەرهەمە بەدەست بهێنێت.

بایەر لە ترسناکترین شوێنەکانی دنیا ئیشی کردووە، کە دەکرێت لەوانە ئاماژە بە بەیروت (هەشتاکان)، تاجیکستان (سەردەمی شەڕی ناوخۆ) و عێراق (ناوەڕاستی نەوەدەکان) بکرێت. بایەر لەم بارەیەوە دەنوسێت: «رەنگە ئەو رستەیە گەمژانە بێتە بەرچاو، بەڵام چێژم لە کارکردنم لە بەیروت وەردەگرت، لەجیاتی هەستان بە ئەرکی خۆم و کارنامەو قومارو بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی جیاجیا لە شەقامەکان دەخولامەوەو زۆر ئاسودەش بوم. لە هەمووی باشتر لە سیاسەتەکانی واشنتۆن وەك گەورەترین هۆکاری ئەنجامدانی کارەکانم، دوور بووم».

ئەگەر هەڵوەستە بکەین و بـەوردی دیقەت بدەین دەبینین زۆربەی رۆمان و فیلمەکان بە بابەتی هەواڵگری، یان بە دەربڕینێکی دیکە سیخوڕی ئاخنراون، کەچی مێژوو

ئۆباڵی بێ ئاگایی بۆ دەکێشێت، هەروەها نەشمان دیتووە، یان رەنگە بە دەگمەن بینیبێتمان مێژوو نوسان ناوی خوای لێبێنن و دەرکەی عەمباری روداوە مێووژییەکان (سیخوڕی) بشکێنن و شەن و کەوییان کردبن. تا ببنە پەندو نەوە دوای نەوە بتوانن سودیان لێوەربگرن و بیانکەنە ئەڵقەی گوێیان.

رەنگە مێژوونوسانیش بیانوو پاساوی خۆیان هەبێت، بۆ ئەو مەسەلەیە کە مەسەلەی سیخوڕی، یان هەواڵگری مەسەلەیەکی ئەوەندە ئاڵۆزو بڵۆزەو مرۆڤ ناتوانێت هەروا بە سوك و ئاسانی دەست بداتە قەڵەم و وشە بهۆنێتەوە، چونکە سەرەنجام لە وشە ریزکردن زیاتر یان وەك دەڵێن شەڕە پشیلە زیاتر ئەنجامێکی دیکەی نەبێت و تەنیا رەشکردنەوەو مەرەکەبی سەر کاغەز دەبێت و هیچی دی.

هەرچەند هەندێك راوبۆچوون وای بۆدەچن ئەو پاساو و بیانووەی مێژوو نوسان پاساوی لاوازو بێ بنەماو پوچە، چونکە پێیانوایە ئەوە مێژوو نوسانن سەلیقەو خاوەن شارەزاییەکی تێروتەسەل و لێهاتوون لە بەدەستهێنانەوەی زانیاری و بەڵگەکانی بابەت و بەرهەمە میراتیەکانی کۆن و رابردوون و شایەتی و بەڵگەی ئەو قسەشیان ئاماژەکردنە بە نوسینی سەدان و بگرە هەزاران هەزار کتێبی لەم بابەتە کە قەوارەیان زل و قەبەیە.

دەمەوێت جارێکی دیکە ڕاگوزەریانە ئاماژە بەو دیاردەیە بکەمەوە، کە پێشتر لە یەك دوو شوێنی دیکە ئاماژەم پێکردووە، ئەویش یاداشت یان نوسینەوەی بیرەوەرییە کە دەتوانم بڵێم زیاتر دوای ڕاپەڕینیش لە هەرێمەکەی ئێمەش بۆتە باوو گەشەی کردووە، زۆرکەس لەم بوارەدا ئەسپی خۆی تـاوداوە، چونکە نوسینەوەی یاداشت و بیرەوەریش سەرەنجام مێژوو، نوسینەوەی کۆی ئەو ڕوداو و بەسەرهاتانەیە کە لە ژیانی نوسەری بیرەوەری یـان یاداشت نـوس ڕویــداوەو بۆخۆشی شایەتحاڵی زۆربەی ڕوداوەکانە (ئەگەر بە ئەمانەت و ڕاستگۆیانە بیانگێڕێتەوە) کە ئەم کتێبەی بایەریش لێی بەدەر نییە.

بایەر کارەکتەری زۆربەی ئەو ڕوداوانە بووەو پەردەش لەسەر هەموو ئەو بابەتانە هەڵدەداتەوە کە لە ژیانی هەواڵگریەکەیدا ڕویـان داوە. بایەر لە کتێبەکەیدا سەرهەڵدانی تیرۆریزمی تەکفیری و ڕێنمایی کردنی بە زادەی هاوکاری نێوان ئەمەریکاو سعودیە دەزانێت و خوێنەر لە خوێندنەوەی کتێبەکە ئەو ڕاستییەی باشتر بۆ دەردەکەوێت، ئەوەندەی بشزانین و ئاگاداربین کەس پێی نەوتووە پشتی چاوت برۆیە و خوێنەریش دوای خوێندنەوەی کتێبەکە دەتوانێت خۆی سەرپشك بێت کە بیەوێت هەر بڕیارێك لە ڕاستی و دروستی ئەو مەسەلانە بداو باوەڕیان پێ بهێنێت.

لە کتێبی (خەوتن لەگەڵ شەیتان)، دەردەکەوێت بایەر بۆکاری هەواڵگری، یان سیخوڕی سەری بە زۆربەی وڵاتاندا کردووە، لەوانە مەراکیش، سودان، هیندستان، ئێران و سەردەمانێك بەرپرسیارێتی دۆسیەی عێراقی لە ئەستۆ گرتووە و سەردانی هەرێمی کوردستانەکەی خۆشمانی کردووە، بەڵام سەرپێیانە باسی دەکات، دوور و نزیك خۆی لە قەرەی هیچ شتێك و تەنانەت هیچ ئاماژەیەکیشی پێ ناکات، کارەکەی لە هەرێمی کوردستان بە شاراوەیی دەهێڵێتەوە، کە نازانین راگوزەریانە هاتووە و هیچی لە بارەیەوە لە هەگبەکەیدا نییە، یان ئەوەتا کردنەوەی پریاسکەکەی هەرێمی کوردستانی بۆ کات و کتێبێکی دیکە هەڵگرتووە؟!

بایەر جگە لەو کتێبە کە لەمەیدانی کارەکەیدا نوسیوویەتی، چەندین کتێبی دیکەی هەیە، ئەوەندە بزانم و ئاگام لێبێت یەکەم کتێبیەتی کە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدرابێت. بایەر بۆ نوسینی کتێبەکانی سودی لە شێوازی چیرۆکخوانی ئەدەبی و هونەری وەرگرتووە، هەرجارەی لە فۆڕمێکدا کتێبەکانی نوسیووە، لە ساڵی 2006 رۆمانێکی بەناوی (ماڵەکە کاول بکە)ی نوسیووە،و لەلایەن خوێنەرانی کتێبەکانی پێشوازیەکی گەرم لەو رۆمانە کراوەو فیلمیشی لێ

بەرهەم هاتووە، هەروەها بەرهەمی سەردانەکەی بۆ ئێرانیش فلیمێك بووە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم (خەوتن لەگەڵ شەیتان) بۆ هەردوو زمانی عەرەبی و فارسی وەرگێڕداوە. ئەو وەرگێڕانە کوردییەش لە دەقـە فارسیەکەوەیەتی و هیوادارم ئەوەندەی توانیبێتم خزمەتێکم بە کتێبخانەی کوردی و خوێنەری کورد کرد بێت.

# دەرکەوتنی تیرۆریزمی تەکفیری

### بازرگانی چەك لە عەرەبستانی سعودییە

«ڤیکتۆر بوت» ئەفسەری پێشووی سوپای روسیا، کە لە ئەنگۆلا خزمەتی دەکرد، پاشان دەستی بە قاچاخی چەك و نەوت کرد، لە ساڵی1990 سەرچاوەی گەیاندنی یارمەتی بوو بە ئوسامە بن لادن.

ڤیکتۆر بوت زوو ناوبانگی دەرکرد، چونکە توانیبووی لە رێی کۆمپانیاکەیەوە «ئایرسیس»، کڕین و فرۆشتن و هەموو کەلوپەلێکی رێپێنەدراو بگوازێتەوە.

بە ئاشکراکردنی چالاکییە نایاساییەکانی بۆت لە میدیاکان، عەرەبستانی سعودییە سەرەکیترین شوێن بوو بۆ مامەڵەی کەلوپەلی قاچاخ و قەدەغەکراو. دوبەیش شوێنێك بوو زۆرترین سامانی بۆت بۆ پەلامارەکانی 11ی ئەیلول بە ئەمانەت لە بانکەکانی دانرابوو.

ساڵی 1987 دەوڵەمەندترین بانکی عەرەبستانی سعودییە دامەزرا. بانکێك کە هاوکاری چالاکی کۆمەڵە

خێرخوازیەکان دەکات و پارە بۆ سعودیە توندڕەوەکانی وەك ئوسامە بن لادن دەنێرێت.

نایف کەسێك بوو پیاو نەیدەتوانی شان لە شانی بدات. نایف وەزارەتی وڵاتی دەبرد بەڕێوە، وەك مەلیك فەهد پارێزراو (حەسانە)ی هەبوو کەس نەیدەتوانی دەری بکات. «شەڕی تایبەتی» خۆی دژ بە ئەمەریکای گەرم دەکرد و پارەی بۆ وەهابییە توندڕەوەکان دەنارد. هەمیشە ئەو هەموو بێزاریەی «نایف» لە ئەمەریکا جێگەی پرسیار بوو.

## قەتەر و ئەلقاعیدە

قەتەر لە ناوەڕاستی 1990 میوانداری 10 تیرۆریستی ئەلقاعیدەی کـرد، کە ئەمەریکا راوەدووی دەنـان. دوای ئاشکرا بوونی ئەم مەسەلەیە کە «خالید شێخ محەمەد»، ترسناکترین ئەندامی ئەلقاعیدەیان لەگەڵدایە، «لوییز فرییە»ی سەرۆکی پێشووی «ئێف. بی. ئای» لە نامەیەکدا بۆ وەزیری دەرەوەی قەتەر داوای لێکرد کار بە بەڵێنەکانی بکات، ئەو کەسە رادەستی نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمەریکا بکاتەوە.

«خالد شێخ محەمەد» مامی «رەمزی یوسف بوو»، هەروەها نەخشەیەکیشی بۆ تەقاندنەوەی 11 فڕۆکەی ئەمەریکی بە سەر ئۆقیانوسی ئارامەوە داڕشتبوو.

چالاکیەکی خالد شێخ محەمەد، پەلاماردانی فڕۆکەیەکی فلیپینی بوو لە ساڵی 1994 کە سەرنشینێکی ژاپۆنی تێدا کوژرا.

لە نامەکەی سەرۆکی پێشووی «ئێف. بی. ئای» بۆ وەزیری دەرەوەی قەتەر، دووپاتکرایەوە کە «خالد شێخ محەمەد» بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی قەتەر ترسناکە و «هەوڵی دروستکردنی بۆمب دەدات و شیمانە دەکرێت ژیانی هاووڵاتییانی قەتەر بخاتە مەترسیەوە» و «خالد شێخ محەمەد زیاتر لە 20 پاسپۆرتی ساختەی پێیە»، جگە لەوەی کە خالد شێخ محەمەد ئەوکاتە کارمەندی دەوڵەتی قەتەر بوو (کارمەندی خزمەتگوزاری گشتی) قەتەر وتی: بۆی نادۆزرێتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە بە نهێنی گوازرابویەوە بۆ دەرەوەی قەتەر، ئێف بی ئای لە ئوتێلێکی دۆحە چاوەڕێی دەکرد.

ناڕازی بوونی سەرۆکی پێشووی ئێف بی ئای لە قەتەر لە ساڵەکانی 1997 تا 1999 زۆر زیادی کرد، چونکە قەتەر کۆمپانیایەکی لە شەقامی «کی» بە سەرمایەی 689,805,16 دۆلار، هەروەها کۆمپانیایەك و نوێنەر لە واشنتۆن و نزیك کۆشکی سپی بە سەرمایەی 23,938،994،20 دامەزراند، کە ئامانج لە دامەزراندنی ئەم دوو کۆمپانیایە باش بوونی رووی قەتەر بوو، لە کاتێکدا ئەو کۆمپانیایانە سەرچاوەیەك بوون بۆ ترسناکترین کەسەکانی دنیا.

حکومەتی کلینتۆن هیچ سکاڵایەکی ڕادەستی وەزیری دەرەوەی قەتەر نەکرد، کە هاتوچۆی کۆشکی سپی دەکرد، جارێکییان داوایان لێکردم (نوسەری کتێب) لە نوسینگەی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی بچمە دەرێ تا ئالگۆری یاریدەدەری سەرۆك کۆمار چاوی بە وەزیری دەرەوەی قەتەر بکەوێت.

## ئال سعود و ئەلقاعیدە

نایف هەر بۆخۆی کێشە نەبوو. ئال سعود لە سەرەتای ساڵی 1990 حکومەتی گرتە دەست، لە ساڵی 1996 عەرەبستانی سعودییە بە ئاسانی داوای سودانی بۆ ڕادەستکردنەوەی بن لادن ڕەتکردەوە.

ریاز دوپاتی کردەوە، کە بن لادن لە عەرەبستانی سعودییە زۆر خۆشەویستەو گرتنی دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شۆڕش.

عەرەبستانی سعودییە لە کاتی کارەساتی 11ی ئەیلول تەنانەت تۆمەتێك، یان هەنگاوێکی بە کەڵکی بۆ ڕادەستکردنەوەی بن لادن نەنا.

نایف وای دەردەخست کە عەرەبستانی سعودییە لە بارەی پەلامارەکانی 11ی ئەیلول هیچی لە دەست نایەت. بەشێوەیەك ساڵ و نیوێك دوای ئەم کارەساتە، تەنانەت سعودیەکیش بۆ یارمەتدانی عەرەبستانی سعودییە، بۆ

لێکۆڵینەوە لە بابەتی 11ی ئەیلول نەگیرا.

مەسەلەکە زۆر لەوە خراپترە کە لە عەرەبستانی سعودییە شتێك بە ناوی «دەسەڵاتی یاسا» نییە. کاتێك تەماشای پاسپۆرتی عەرەبستانی سعودییە دەکەین، دەزانین خاوەنی پاسپۆرتەکە سەربە خانەدانی دەسەڵاتدارە. هاووڵاتیەکی عەرەبستانی سعودییە هاوشێوەی بەشێك لە سامانی ئەو خانەدانەیە، لەگەڵ کۆشکی جدە، یان رولزرویسی جیاوازی نییە، کە سەربە ئالی سعودە .. هیچ جۆرە ماف، یاسا، پەرلەمان، یان دەستورێك لە عەرەبستانی سعودییە نییە.

دیارە بارودۆخەکە باشتر دەبوو، ئەگەر ژمارەیەك خەڵکی عاقڵ عەرەبستانی سعودییەیان دەبرد بەڕێوە، بەڵام وەها نییە. خەڵەفاوی، پیلان و دەمارگیری تەنیا سەرەتایەکە بۆ چیرۆکی ئال سعود. خانەدانی دەسەڵاتدار لە عەرەبستانی سعودییە دژی هەرجۆرە گۆڕانکاریەك دەوەستنەوە و نایانەوێت دان بە بۆگەن بوونی خۆیان دابنێن لەم وڵاتەدا.

لە رۆژنامە ئەمەریکیەکاندا گەلێك چیرۆکی تاوانی گەورەو کاری زۆر ناحەزی خانەدانی ئال سعود بڵاوبۆتەوە. ئەم رۆژنامانە جەختییان لە پێویستی بوونی مافەکانی ژنان لەم وڵاتەدا کردۆتەوە، بەڵام کەس ئاوڕی لەم مەسەلەیە نـەدایـەوە: داهاتێکی زۆری نەتەوەیی عەرەبستانی سعودییە بۆ گرێ سێکسیەکان خەرج دەکرێت.

خانەدانەکانی بـاڵادەسـت زۆریـنـەی داهاتەکانی وڵاتیان بە دەستەوەیە و دەتوانی لە دەریای سپی لە کۆشکەکانیاندا بیان دۆزییەوە. ئەو کۆشکانەی کە بۆ خۆشگوزەرانی لەگەڵ «ژنانی سۆزانی» دروست کراون.

کاتێك لە مەغریب بووم هەواڵێك بە دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا گەیشت کە شازادەیەکی سعودی لە کاتێکدا زۆر مەست بووە ئێش و ئازارێکی زۆری بە کچێکی مەغریبی گەیاندووە، بەڵام پادشای مەغریب زۆر زوو بابەتەکەی پووش بەسەر کردووە و پارەی داوەتە خێزانی کچەکە. بە خێزانی کچەکە وترا کە یان دەمیان دادەخـەن، یان کچەکەیان باقی تەمەنی لە گرتوخانە دەباتەسەر. ئەم تاکتیکە سەرکەوتووانە بوو مەسەلەکە پووش بەسەر کرا.

# بێدەنگی گوماناوی ئەمەریکا دەربارەی ئەلقاعیدە

## کڕینی دەستەبژێرانی باڵادەستی ئەمەریکا لەلایەن «سۆپەر سەفیر»ی ئال سعود !

ئەگەر تا ئێستا شوێن لۆژیکی ئەم شەیتانە کەوتبی، تێدەگەی کە خۆرئاوا و دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودییە کەوتوونەتە گێژاوێکی ترسناکەوە. هەموو هـۆکـارە پێکهێنەرەکانی نـائـارامـی لـە شوێنێکی راستودروست روویاندا: سنورە کراوەکان، لەبەردەست بوونی چەك، نەبوونی سیاسەت، باڵادەست نەبوونی یاسا، گەندەڵی پۆلیس، بە کەم گرتنی چینی دەسەڵات، کەمبوونەوەی پشکی داهاتی تاکەکانی کۆمەڵگا، تورەیی هاوسێکان، زیادبوونی لاوە توندڕەوەکان لەناوخۆ.

سەرباری قوتابخانەکانی عەرەبستانی سعودییە خەڵکی توندڕەویان تێدایە، کە بە پەلەن بچن بۆ شەڕ لە برمە، ڤێتنام، کامبوج، نیکاراگوا، ئەنگۆلا، سۆمال و سیرالیۆن،

بۆچی دەبێت عەرەبستانی سعودییە لەم چارەنوسە رابکات؟

**ڤیزای بێ سنور بۆ سعودیەکان ئەگەر ئەندامی ئەلقاعیدە بن**

سەرەڕای ئەو هەموو بۆگەن بوونە، باوەڕ وەهایە کە دەبێت بە ئامانجی پشتگیری کەسانێك لەسەر هەر نەخشەیەکی فەرمی واشنتۆن خاڵێك بەناوی «ریاز» هێمای سور بێت، کە ریاز داکۆکییان لێدەکات. کاتێك کە لەساڵی 2003 ئەم بابەتەم دەنوسی، واشنتۆن سوربوو لەسەر ئەوەی کە عەرەبستانی سعودییە وڵاتێکی سەقامگیرو حکومەتە ناوەندیەکەی هەژمونی بەسەر هەموو سنورەکانیدا هەیە و پۆلیس و سوپا لەو پەڕی تواناو وەفاداری دان، خەڵکی ئەم وڵاتە باش جلوبەرگی شیك دەپۆشن و دەخۆن و فێردەبن.

با لە وەزارەتی دەرەوە دەست پێ بکەین، چونکە بەرپرسیەتێکی زۆر باڵاتری حکومەتی بۆرۆکراتیکی واشنتۆنی لە ئەستۆیە، چونکە ئەم وەزارەتە لەبڵاوکردنەوەی درۆی گەورە دەربارەی عەرەبستانی سعودییە دەوری هەیە. بە شێوەیەك ئەگەر هەڵوێستی لە بارەی مەسەلەکانی ئێستا ببیستی بەو ئەنجامە دەگەی کە عەرەبستانی سعودییە هەمان دانیمارکە.

بە پێی یاسا، تەنیا چاوێك بە شێوازی مامەڵە لەگەڵ ڤیزای سعودیەدا بگێڕی. وەزارەتی دەرەوە بەرپرسیەتی دەرکردنی ڤیزای لە دەرەوە، لە رێگای باڵوێزخانە و کونسوڵگەریەکانی هەیە.

لە ساڵی 1952 یاسای کۆچبەران و ناسنامە لە بابەت «دەسەڵات» تەواو روونی کردۆتەوە. لە بەشی 214 بەمجۆرە روون کراوەتەوە: هەر بێگانەیەك بە کۆچبەر دادەنرێت، تا بە پێچەوانەی ئەم مەسەلەیە بۆ کارمەندانی کونسوڵگەری دەسەلمێنرێت ... ئەو کەسە بکەوێتە بارودۆخی «ناکۆچبەر»یەوە. بە دەستەواژەیەکی دیکە بێگانەیەك بەڵگەیەکی بۆ گەڕانەوەی بۆ وڵاتەکەی نەبێت - بێکارو سەڵت و ناکام بێت - ناتوانێت ڤیزا وەربگرێت - رەنگە لە ئەمەریکا بمێنێتەوە.

بە زیادکردنی نرخی بێکاری لە عەرەبستانی سعودییە بۆ سنوری 30% و دابەزینی داهاتی تاك، سعودیەکان لە وڵاتەکەیان بە کۆچبەر دادەنرێن (ئەگەر لە خانەدانی باڵادەست، یان خزمەتکاری تایبەتییان بن). مانەوەی سعودیەکان لە ئەمەریکا بۆ دەستەبەرکردنی قووتی ژیان بە مەترسیەکی بە زەبر دادەنرێت. هەلومەرجی گەڕانەوەیان بۆ وڵاتەکەیان نییە، ئەم کارە مەسەلەکەی زۆر خراپتر کردووە.

له کاتی پەلامارەکانی 11ی ئەیلولی 2001، پێویست نەبوو سعودیەکان بۆ وەرگرتنی ڤیزا له باڵوێزخانەی ئەمەریکا له ریاز، یان کونسوڵگەری جده بۆ چاوپێکەوتن ئامادە بن. له سایەی سیستەمی «ڤیزای ئێکسپرێس»، عەرەبستانی سعودییەك بۆ وەرگرتنی ڤیزا، تەنیا پاسپۆرت و خەرجی بۆ پارێزەری موسافیر دەنێرێت. پارێزەری موسافیری سعودی بە دیوێکی دیکەدا کەسێك بوو کە دەکەوتە پێگەی حکومەتی ئەمەریکا. ماوەی چاوەڕوانی بۆ وەرگرتنی ڤیزا کەم بوو هەر عەرەبستانیەکی سعودی خاوەن پارە دەیتوانی بچێتە نیۆیۆرك و بزرببێت، یان فڕۆکەیەك بەرە و ئاسمانی داڕوشاو رێنمایی بکات.

## سعودیەکان تیرۆریستانی دنیای نوێن

وەزارەتی دەرەوە بە دەرکردنی ڤیزا بۆ 15 سعودی بێکار، یاسا شکێنی کرد. بێگومان بە سادە گرتنی ئەم مەسەلەیە رێ بە هەموو ئەو دەسەڵاتانە دەدا، کە دەیانەوێت پەلامارمان بدەن و هەڵوێستگیری بکەن. «ئوسامە بن لادن» لە دایکبووی عەرەبستانی سعودییە بوو، ساڵی 1995 هاووڵاتییانی سعودیەی لە تەقاندنەوەی بارەگای گارد بە کوشت داو لە ساڵی 1996 هێرشی کردە سەر «تاوەرەکانی» خوبەر. ساڵی 2000 دوو سعودی فڕۆکەیەکیان لە بەغدا رفاند. بێگومان سعودیەکان

لەودیوو پـەردەی پەلاماردانی پاپۆڕە جەنگیەکانی «کـــول»ەوە بـــوون. ســـەدان سعودییش لە پەلامارە تیرۆریستیەکانی تر لە چیچانەوە بیگرە تا کینیا و تانزانیا بەشدار بوون. کەوایە ئایا وەزارەتی دەرەوە پێویستی بە بەڵگەی زیاترە تا تێ بگات سعودیەکان هەمان «تیرۆریستانی دنیای تازەن»، دەبێت بە توندی چاودێر و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت؟ بەمەش، میتۆدی ئیدارەی بابەتی ڤیزاکان، تەنانەت توانا دەداتە خودی ئوسامە بن لادن کە دزە بکاتە ئەمەریکا.

## پاڵپشتی واشنتۆن لە رژێمی عەرەبستانی سعودییە لە بەرامبەر دادگای نێودەوڵەتیدا

وەزارەتـــی دەرەوەی ئەمەریکا دەرفـەتـی دایـە دەسەڵاتدارانی سعودی تاڕادەیەك هەموو کارێك بکەن. ئەم وەزارەتە لەبەرامبەر رێکخراوەکانی داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ، بانکی جیهانی و سندوقی نێودەوڵەتی دراو، پشتگیری لە سعودیەکان دەکـات. وەزارەتـــی دەرەوەی ئەمەریکا رووداوەکـــەی گـاردی نیشتمانی و تەقینەوەکانی خوبەری لە بەرچاو نەگرت. وەك نمونە لە راپۆرتی ساڵی 1999ی وەزارەتـــی دەرەوەدا هاتووە: «میتۆدی تیرۆریزمی جیهانی. بەشی تایبەتی عەرەبستانی سعودییە: عەرەبستانی سعودییە لە هەموو

ئاستێکدا جەختی لە پابەندی خۆی بۆ بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم کـردەوە، لە درێـژەی ئەم راپۆرتەدا هاتووە: حکومەتی عەرەبستانی سعودییە درێژە بە لێکۆڵینەوە لە تەقینەوەکەی حوزەیرانی ساڵی 1996ی دەوروبەری تاوەری ئەلخوبەر دەدات.»

بـەڵام ئێمە دەزانـیـن ئـەوە درۆیـەکـی گـەورەیـە. تەنانەت نایف بۆ لێکۆڵینەوە لەو دۆسیە هەنگاوێکی نەنابوو، بەڵام لە ساڵی 1999 زۆر کارەسات روویاندا کە حکومەت نایەوێت لێیان ئاگاداربین. نایف لەو ساڵەدا دوو لەو زانایانەی ئـازاد کردبوو، کە فتوای کوشتنی ئەمەریکیەکانیان دابـوو. هەمان کات 15 رفێنەری رێکخراو لە مزگەوتی عەرەبستانی سعودییە فێرکرابوون.

### کاردانەوەی ئال سعود بە هەڕەشە

کۆشکی سپی راستیەکە بەو ئەمەریکیانە ناڵێت کە دەچنە عەرەبستانی سعودییە، بەڵام رایان دەسپێرێت خاکی عەرەبستانی سعودییە جێ بهێڵن. کاتێك بە هاوکارانم دەوت کە رۆژێـك عەرەبستانی سعودییە هـەرەس دەهێنێت، گاڵتەیان بە قسەکەم دەهـات و دەیان وت: هیچ کێشەیەك نییە، خانەدانانی باڵادەست هێندەی پەنجەکانی دەستن و کاتێك هەست بە هەڕەشە بکەن دەبنە مستەکۆڵە، بەڵام بە راستی کاتێك ئال سعود

کاردانەوەیان هەبووە، کە هەڕەشەیان لێبکرێت و چەندی بۆیان بکرێت پاڵپشتی دارایی لە کەسانی توندڕەو زیاد دەکەن. کەچی لە بەرامبەردا ئەمریکا پێدانی ڤیزا (بە عەرەبستانی سعودییەکان)ی زیاد کرد.

## هاوکاری نەوتی لەگەڵ تالیبان و زامنکردنی ئاسایشی بن لادن

ئەمەریکا دەیزانی عەرەبستانی سعودییە هەوڵدەدات نەخشەی هێڵی بۆڕی گاز و نەوت لە ئەفغانستان و ئاسیای ناوەڕاست تا پاکستان کارا بکات، بوونی پەنایەکی بێ ترس بۆ بن لادن زامن بکات. ئەمەریکا هاوشانی عەرەبستانی سعودییە وەستاو کۆمپانیا ئەمەریکیەکانی هاندا لەم پرۆژەیەدا ئامادەبن.

لە ساڵی 1997 ئەمەریکا کەسێکی بە ناوی (ناوی کەسەکە سڕدراوەتەوە) بانگهێشتی ئیدارەی ئاسایشی نەتەوەیی کرد، تا زانیاری زیاترم لەبارەی نەخشەی «هێڵەکانی بۆڕی لیۆنوکاڵ» بداتێ. هێڵی ئەو بۆڕیانەی کە حکومەتی تاڵیبان دژی پەڕینەوەی بوو بە خاکی ئەفغانستاندا.

چیرۆکەکە ئەوەبوو، کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست هەموویان بەشێك بوون لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو (ئازەربایجان، کازاخستان، تورکمەنستان، ئۆزبەکستان)

پڕبوون لە سەرچاوەی نەوتی و گاز، چونکە ئەم وڵاتانە هیچ ڕێگایەکی ئاویان نەبوو، پێویستیان بە گواستنەوەی ئەو سامانە زۆرە بوو بۆ بازاڕەکانی جیهان. ئەم پێداویستیە وایکرد باسی نەخشەی دروستکردنی هێڵی بۆڕی بکرێت.

چەند ڕێگایەکی شیمانەیی بۆ پەڕینەوەی ئەم هێڵە بۆڕیانە هەبوو، مەسەلە سیاسیەکان وایانکرد جێبەجێکردنی ئەم نەخشەیە ئاسان بێت.

کورتترین ڕێگا لە ڕێی ئێرانەوەیە، بەڵام ئەمەریکا ئابڵوقەی لەسەر ئەو وڵاتە داناوە. ڕێگایەکی دیکە لە ڕێی ڕوسیا و چین بوو کە ئەمەریکا ئەم ڕێگایەشی قبوڵ نەبوو. هەربۆیە کۆمپانیای نەوتی ئەمەریکی «یونۆکاڵ» پێشنیازی کرد، کە هێڵی بۆری نەوت و گازی تورکمەنستان لە ڕێگای ئەفغانستان بۆ پاکستان درێژبێتەوە.

سەرەڕای بەردەوامی شەڕی ناوخۆی ئەفغانستان و توندبوونی باڵادەستی تاڵیبان بەسەر ئەم وڵاتەدا، کۆمپانیای یونیۆکاڵ هەوڵیدا درێژە بە نەخشەی هێڵی بۆریەکان بدات. ئەم کۆمپانیایە خەمڵاندبووی کە هێڵی بۆری گازی تورکمەنستان بۆ پاکستان دوو ملیار دۆلاری تێدەچێت. هێڵی بۆڕی نەوتی تەریبیشی دوو ملیارو نیو دۆلاری زیادەی تێدەچێت. ئەم سەرمایەگوزاریە ترسناکە لە وڵاتێکدا ئەنجام دەدرێت کە لە سەروبەندی شەڕی ناوخۆ دایە.

له 13ی شوباتی 1997 (ناوەکە سڕدراوەتەوە) داوای له یونۆکاڵ کرد شەقامێك له تورگاندیەوە بۆ سبین بۆڵداك رابکێشێت، له قوتابخانەکانی قەندەهار و مزگەوتەکانی ئەم ناوچەیە سەرمایەگوزاری بکات، ئەگەر یونۆکاڵ کارێکی لەم چەشنەی کردبێت، دەپرسرێت کە ئایا ئەم جادەیە بۆ راکردنی بن لادن کێشرابوو.

تەنات پاش پەلامارەکانی 1998 بۆ سەر باڵوێزخانەی ئەمەریکا لە کینیاو تانزانیا کە بن لادن له ئەفغانستان ئۆرگانیزەی کردبوو، عەرەبساتنی سعودی درێژەی به هاوکاری کردنی میوانەکەی یان هەمان تاڵیبانی دا.

عەرەبستانی سعودییه به ملیۆنان دۆلار هاوکاری تاڵیبانی کرد، ئەم یارمەتییە داراییە تەنانەت پاش پەلامارە تیرۆریستیەکان بۆ سەر ناوەندی بازرگانی جیهانی و پنتاگۆن بەردەوام بوو، له کاتێکدا کە وەزارەتی دەرەوەی (ئەمەریکا) هێشتا هیچ ناڕەزاییەکی بۆ ئەم مەسەلەیە پیشان نەداوە. بۆیە نابێت درێغی لە هەوڵی ئەمەریکای کاتی روداوی 11ی ئەیلولی 2001 بکات له چاوپێکەوتن بۆ دەرکردنی ڤیزا (بۆ سعودیەکان) کەمتەرخەمی بکات.

### بەندەر بن سوڵتان «سۆپەر سەفیر»

پێش ماوەیەك بەڕێوەبەرانی سی ئای ئەی تێگەیشتن کە بەردەوام دەرگای نوسینگەی کۆشکی سپی له بەردەم

«بەندەر بن سوڵتان»ی سەفیری سعودیە والایـە، لە کاتێکدا سیخوڕانی وڵات دەبێت چەندین مانگ چاوەڕێ بن تا دیدارێکی تایبەتییان هەبێت. هەموو کارێك کە بەندەر بن سوڵتان بۆ دیدار لەگەڵ سەرۆك کۆمار ئەنجامی دەدا، ئەوە بوو داواکاری خێرای دەخستە روو.

بەندەر کەسێك نەبوو گاڵتەی پێ بکرێت، تەنانەت بەڕێوەبەری سی ئای ئەیش نەیدەتوانی کارێکی لەم چەشنە بکات. کاتێك بەندەر گومانی کرد کە بەڕێوەبەری دەزگـای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا بە شێوازێك عەرەبستانی سعودییە تەوق کردووە، سکاڵا دەباتە لای سەرۆك کۆمار، پاشان لۆبییە ناسراوەکانی دەزگا دەخاتە ژێر گوشارەوە.

**سەرمایەگوزاریەکانی عەرەبستانی سعودییە لە ئەمەریکا**

ئەمەریکیەکان و ئەوروپیەکان لە دەیـەی 90 پارەی کەمترییان دەدایـە ئاسیاییەکان بۆ نـەوت. لە راستیدا عەرەبستانی سعودییە سـەرمـایـەگـوزاری لە کاڵاکانی ئەمەریکادا کردووە. پسپۆڕەکانی نەوت لە ئەیلولی 2001 زانیاری جیاوازی نەوتی نێوان بازاڕەکانی خۆرئاوا و ئاسیایی پێدام. پسپۆڕێك پێیوتم (ئاسیا بە سادەیی باجی نەوتی خۆی دەدات. بە هیچ جۆرێك نرخی نەوتی هەناردەکراو بۆ ئەمەریکا دانەبەزیووە) بەمجۆرە بوو کە عەرەبستانی

سعودییە دەرفەتێکی زۆری بە دەستهێنانی قازانجێکی یەکجار قەبەی بازاڕی لەکیس چوو.

ئەگەر دوانـیـوەڕۆی ڕۆژی 11ی ئەیلول سعودیەکان بڕێکی کەم نەوتەکەیان لە بازاڕ دەگرتەوە، دەیانتوانی لەڕێگای سەرانە وەرگرتن لە ئەمەریکیەکان ملیۆنان دۆلار پارەیان دەست کەوێت. ڕووداوێکی وەها لە ساڵی 1990 ڕوویـداو عەرەبستانی سعودییە و هەم هاوپەیمانانی بۆ قەرەبووکردنەوەی ڕۆژانەی 5 ملیۆن بەرمیل نەوتی عێراق و کوەیت، نەوتییان بۆ بازاڕی جیهانی نارد.

ئەگەر بیانویستایە نرخی هەر بەرمیلێك نەوت دەگەیشتە 100 دۆلار، لە ڕێگای «گەردەلولی بیابان» قازانجێکی زۆریان دەست دەکەوت، بەڵام لە بەرامبەردا ڕووبەڕووی کێشەی دارایی بوونەوە، چونکە عەرەبستانی سعودییە بە زیادکردنی فرۆشی نەوت قازانجێکی قەبەی لە دەستدا. دیارە عەرەبستانی سعودییە دەیویست ئەمەریکا لە بیری نەچێت کە کام وڵات دابینکەری سەرەکی نەوتی ئەو وڵاتەیە. هەربەو بەڵگەیە ئەمەریکا نەك تەنیا دەستپێشخەری بەرهەمهێنانی زیاتری نەوتی کرد، بەڵکو گوێیەکانی لە بەرامبەر ڕەخنە توندەکانی ئاسیاییەکان کەڕ کرد.

# سیناریۆکانی ڕۆژی قیامەت، عەرەبستانی سعودییە لە لێواری تەقینەوەدا

## ئاكامە كاولكاریەكانی دامەزراوەی نەوتی عەرەبستانی سعودییە

ئۆتۆمبێلێكی فۆردی سپی، گەیاندمیە نزیك تاوەری ژمارە 7، یەكێ لە 10 تەلارە گرنگەكانی «بقیق». ئەم تـاوەرە بۆ لێكجیاكردنەوەی گۆگرد لە نەوت و بەپێی زاراوە نەوتییەكان لەرووی گۆڕینی «ترش» بۆ «شیرین» بەكاردەبرێت.

لە خۆرهەڵاتی عەرەبستانی سعودییە لە رێگای بیابانی ئەو وڵاتە و لەو شوێنە شوفێرەكە ئۆتۆمبیلەكەی رادەگرێت - كە بەرەبەیان خۆر لە ئاسۆ دەبینرێت. یەكێ لەو هەزاران شیعەیە لە چاڵە نەوتیەكانی عەرەبستانی سعودییە كار دەكـات. ئۆتۆمبیلەكەی كوژاندەوە و بۆ دواجار تەماشایەكی سەعاتەكەی كرد، پاشان سورەتێكی قورئانی پیرۆزی خوێند كە لە مێژبوو رەوانی كردبوو،

له کاتێکدا تیشکی گەورەترین دامەزراوەی دەرهێنان و پاڵاوتنی نەوتی دنیای دەورووبەری دەدرەوشایەوە.

له خۆرئاوای «بقیق» له بناری شاخی «الرماح» له قوڵایی ناوچه دەشتیەکان، سعودیەکی وەهابی دەبینی، یەکێ لەو توندڕەوانەیە کە ئال سعودیان گەیاندە دەسەڵات. ئەو پیاوە له ئەفغانستان لەلایەن کەسێکەوە بارهێنراوە، که له دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا وانه دەخوێنێت.

«ئـال سعود» به توندی له پاشەکشەدایە، چونکه سەرەڕای شەیتانی ئەمەریکی و پشتگیری ئیسرائیلی، له مەودوا نەوت وەك پێشوو بەرهەم ناهێنرێت، که ویست و ئارەزووەکانیانی تێر دەکرد. دەبێت دنیا پێ بزانێت که ئابووری له پاشەکشه دایە.

من له وردەکاریەکەم کۆڵییەوە و باسم کردن و هیچ شتێکم له خـۆڕا نـەوت. ئەمانه توێژینەوەی کەسانی پسپۆڕی بواری پیشەسازی نەوتە. عەرەبستانی سعودییە له قۆناغی ساڵەکانی 1930 تا 1960 نوسینگەیەکی لاوەکی «ئەمەریکای گەورە» بوو. ئەمەریکا بەوهۆیە هەستی به ئاسایش دەکـرد، که هەمیشه نەوتی عەرەبستانی سعودییە بۆ خۆی دەبینی. نەوتێك که له ژێر لم دابوو. ئێمه بەشی نەوتی عەرەبستانی سعودییەمان دامەزراندو به هەوڵەکانمان، مافی بەوپەڕی ئاسانی دەستڕاگەیشتن به نەوتی خاوی ئەم وڵاتەمان دەستەبەرکرد.

### ترسی ئەمەریکاو قەیرانی نەوت لەساڵی 1973

قەیرانی نەوت لە ساڵی 1973 و بە دەسپێکردنی شەڕی عێراق و ئێران، شیمانەی کێشکرانی شەڕ بۆ وڵاتانی عەرەبی کەنداو، دەستی پێکرد.

ئەم کابوسە گەشەی ئابووری دنیای دابەزاند. پسپۆڕی قەیرانەکان لە دەوڵەتی ئەمەریکا و جیا لەو پرسیارە پەرۆشانەی کردیان. پەلامارەکان، هەڕەشە لە کام ناوچەی نەوتی و ژێرخانی عەرەبستانی سعودییە دەکات؟ ئاکامە ماوە کورت و درێژەکانی بڕینی نەوت چییە؟ ئاکامە ئابووریەکانی چ دەبێت؟

پسپۆڕانی قەیرانەکان بـەم ئەنجامە گەیشتن کە دامەزراوەکانی نەوتی خاو لە «بقیق» لاوازترین ناوچەی دامــەزراوەی نەوتی عەرەبستانی سعودییەیە. ئەم دامەزراوانە بە بەرهەمهێنانی رۆژانەی حەوت ملیۆن بەرمیل نـەوت، بە «گود زیـلای» دامــەزراوەی نەوتی عەرەبستانی سعودییە دادەنرێت.

بەشێوەیەکی گشتی، پسپۆڕان گەیشتنە ئەو ئەنجامەی هەر پەلاماردانێکی «بقیق» بۆ گەنجینەکانی نەوت، زیانێکی زۆر بە دامەزراوە تۆپ ئاساکان دەگەیەنێت، کە بۆ کەمکردنەوەی گوشار لە کاتی پاڵاوتن سودیان لێوەردەگیردرێت.

هەرجۆرە پەلامارێکی نیوە قورس و سەرکەوتوو بۆ دامەزراوەکانی «بقیق» دەبێتە هۆی دەلاندنی لە 7%ی ملیۆن ماددەی (ژەهـراوی) «سۆلفیدی هایدرۆجین». ئەو ماددە کاریگەری نامێنێت، بەڵام نەك ئەوەندە خێرا کە بەر بەمردنی کرێکارانی ئەم دامەزراوە و توشبوونی دانیشتوانی دەوروپشتی بە ئازاری شێلگیر بگرێت. سەرباری گازی دی ئۆکسیدی کاربۆن دزە دەکاتە ناخی دامـەزراوەی نەوتی عەرەبستانی سعودییە. ئەم کارە دەبێتە کۆسپ لە بەردەم نۆژەنکردنەوەو نۆژەنکردنەوەی دامەزراوەکە مانگێك دوا دەخات. پەلاماردانی «بقیق» بەرهەمهێنانی نەوتی خـاو بە ئـەنـدازەی 1\3ی بە کارهێنانی رۆژانەی ئەمەریکا کەم دەکاتەوە.

سیناریۆی بقیق، یەکێ لەو چەند سیناریۆیانەیە کە پسپۆڕانی قەیرانەکان لەسەردەمی ریگان باسییانکرد. دیارە ئەم سیناریۆیانە لاوەکی بوون، چونکە کۆمەڵەیەکی زۆر دەوڵەمەندی نەوتی عەرەبستانی سعودییە، کراوەتە ئامانج. هەر بڕە نەوتێکی هەڕەشەی لەسەرە کە دەرهێنان و بەرهەمهێنان و هەناردە دەکرێت.

جوگرافیای خۆرهەڵاتی ناوچەی عەرەبستانی سعودییە بۆ ئەم مەسەلەیە زیاد دەکەین، کە چاڵە نەوتیەکان کەوتوونەتە ئەوێ، ملی جوڵاو بەرەو کەنداوی فارس دەجوڵێت .. ئەم بابەتە بۆتە خراپترین کابوس بۆ ئاسایشی

نەتەوەیی. دابەزینی ژێرخانی نەوتی عەرەبستانی سعودییە وەك ئەوەیە کەسانێك بۆ راوکردن ماسی بکەنە ناو بەرمیلەوە. ئەم مەسەلەیە دەرفەتەکان نییە، بەڵکو مەسەلە پیاوانی بە هێزە کە چییان لە دەست دێت؟

عەرەبستانی سعودییە زیاتر لە 80 شوێنی نەوت و گازی کاراو زیاتر لە هەزار چاڵە نەوتی باشی هەیە، بەڵام «ئەلجعیمە» و سەکۆی «ئەلقیاس» زیاتر لە هەموو ناوچەکانی دیکە مەترسی پەلاماردانی لێ دەکرێت، کە کەوتۆتە 11 کیلۆمەتری قەراخ دەریاوە. 4 بۆڕی نەوتی خاوی ژێرئاو لە سەکۆی سەر زەوی وەردەگرێت، هەروەها ئەم سەکۆیە پێداویستی و وزەی 5 ناوەندی جیاواز دابین دەکات، دەتوانێت 2,5 ملیۆن بەرمیل نەوت و جۆرەکانی سوتەمەنی تر بۆ نەوتکێشەکان بگوازێتەوە.

لە رۆژێکی ئاساییدا، نزیکەی 4,3 ملیۆن بەرمیل نەوت لە رێگای وێستگەکانی «ئەلجعیمە» لە عەرەبستانی سعودییە هەناردە دەکرێت. هەر پەلامارێك کە دامەزراوەی سەکۆی «ئەلقیاس» بکاتە ئامانج و زیان بە نیوەی پایپۆڕەکانی لەنگەر گرتووی کەنار بگەیەنێت و زیان لە گەنجینەکانی سەر زەوی بدات، بەرهەمهێنانی نەوت دوای دوو مانگ بۆ 1,6 تا 2,6 ملیۆن بەرمیل دادەبەزێت و ئەم ناوچەیە پێویستی بە 7 مانگ کاتە، تا جارێکی دیکە بۆ توانای پێشووی بگەڕێتەوە.

کۆمەڵێك کۆماندۆ بە بەلەم دەتوانن کارێکی وەها بکەن. ئـاوی کەنارەکانی نیمچە دوورگــە یەکێ لە ترسناکترین ناوچەی سەر رووی زەوییە، ئەگەری نقووم بوونی کەشتییە گەورەکانی وەك یو ئێس ئێس کول لەم ناوچانەدا هەیە.

مەترسی دامەزراوەکانی «رأس التنورە» لە «ئەلجعیمە» کەمترە. ئەم دامەزراوانە رۆژانە 4,5 ملیۆن بەرمیل نەوت هەناردە دەکەن و لەم ناوچانەدا کۆمەڵێك ئامانجی جیاجیا هەیە.

«جزیرە البحر» بەهۆی کۆمەڵەیەکی ئاڵۆز لە گەنجینە و هێڵی بۆری و پەمپ بە بۆریەکانی «ئەلجعیمە»وە بەستراوەتەوە. ئەم دامەزراوەیەی سەر زەوی لە ئاسمان و زەوییەوە مەترسی پەلاماردانی لێ دەکرێت.

«رأس التنورە» کەوتۆە 100 کیلۆمەتری باکوری قەتەر، هەروەها ناوچەی کۆبوونەوەی فەندەمێنتالیزمی ئیسلام گەرایە. «ینبع» لە دەریای سور لە هەموو پەلامارێك پارێزراوە. بە وتەی ئەندازیاران لە کاتی پەلامار، ئەم دامەزراوە تەنیا پێویستی بە گواستنەوەی رۆژانەی هەزار بەرمیلە بۆ وێسگەیەکی تر.

زیانی ئەوجۆرە پەلامارانە لە روانگەی ئابووریەوە لە تەقینەوەی بۆمبی ناوکی ناوەندی منتهن، یان تەنیشت کۆشکی سپی خراپترە.

پێشتر عەرەبستانی سعودییە تەکیەگای ئەمەریکا بوو لە وڵاتانی عەرەبی خۆرهەڵاتی ناوین. ئەم وڵاتە نەوتەکەمانی لە ژێر ڵمەکان عەمبار کردبوو، تەنانەت ئەگەر عەرەبستانی سعودییە ببێتە دژی ئەمەریکا هەرگیز ناتوانێت هەناردەکردنی نەوت رابگرێت، چونکە ئەم کارە بە مانای خۆکوژی ئەم وڵاتە دەبێت.

## گۆڕینی دەرفەتەکان بە هەڕەشە لە عەرەبستانی سعودییە

دیارە هەموو ئەو مەسەلانە پەیوەندییان بە پێش (11ی ئەیلولی 2001)ەوە هەبوو. پێشتر 15 سعودی و 4 هاووڵاتی سەربە وڵاتانی عەرەبی 4 فڕۆکەی بازرگانی بڕفێنن و بە سەرنشینەکانیانەوە بەرەو تەلارەکانی نیۆیۆرك و واشنتۆن و زەوییە کشتوکاڵیەکانی شانکسویلی ویلایەتی پەنسلڤانیان ببەن، پێش ئەوەی ئوسامە بن لادن ببێتە خۆشەویسترین کەسی مێژووی عەرەبستانی سعودییە، پێش ئەوەی هەموو بزانن کە هاوسەری سەفیری سعودی لە واشنتۆن پارەی بۆ رفێنەرانی (فڕۆکەکان) دەنارد. ئێستا هاوکێشەکان گۆڕاون. ئەم راپۆرتە بە ئەنجومەنی نیشتمانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشت کە عەرەبستانی سعودییە لە ساڵی 1992 بۆ ماوەی 10 ساڵ، نیو ملیۆن دۆلاری داوەتە ئەلقاعیدە. هاوکێشە کۆنەکان

هەموویان لە بەرنامەکە دەرهێنران و راستییە نوێیەکان قابیلی دڵنیایی نین.

5 خێزان بەشێوازی جیاواز نزیکەی 60%ی پاشەکەوتی نەوتی دنیایان لەبەردەستە، بـەڵام ئـال سعود لە عەرەبستانی سعودییە بەشێك 1\3ی ئەم پاشەکەوتەیان بەدەستەوەیە .. بەرمیلێك لە هەر 5 بەرمیل کە لە دنیادا بەکاردەبرێت، لەکاتێکدا لە مزگەوتەکانی عەرەبستانی سعودییە خەڵك بۆ بێزاری لە خۆرئاواو دنیای نائیسلام بانگهێشت دەکرێن و قوتابخانە ئایینیەکانی عەرەبستانی سعودییە بوونەتە پەنایەك بۆ توندڕەوەکان و تیرۆریستان .. لە بالی، کینیا، بۆسنی، چیچان، منتهن قوتابخانەگەلێك کراونەتەوە هەموویان سەربە عەرەبستانی سعودییەن.

## هۆکاری پشتگیری عەرەبستانی سعودییە لە ڕەوتە توندڕەوەکان

ئال سعود لە ترسی رەوتە توندڕەوەکان پارەی خۆیان لە حیساباتەکانیان لە بانکەکانی سویسرا دێننەدەر. دیارە هەرگیز لەبیری ناکەین، کە ئال سعود بۆ دامەزراندنی ئەم قوتابخانە چەکی واژۆ کردووە.

ئال سعود هەربەو بەڵگەیە پشتگیری دارایی لە رەوتی تووندڕەوی ئیسلامگەرای ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوین، ئەفەریقا، ئاسیای ناوەڕاست، تێکڕای ئاسیا دەکات.

ئەم بەرتیلە بۆ بەلارێدا بردنی سەرنجی موسڵمانان لەسەر پارەی دزراوی لای ئال سعودە. ئەو سەرمایەیەی کە ئەم خانەدانانە کۆیان کردۆتەوە تابتوانن لە بیابانەوە بۆ ڤێلاکانیان لە کەنارەکان و تەلارەکانیان لە پاریس، لەندەن و نیۆیۆرك رابکەن. هەربۆیە ناچار دەبین بڵێین ئال سعود بۆخۆیان ناتوانن چارەسەری خۆیان بکەن، دەبێت ئێمە چاڵە نەوتیەکانیان کۆنترۆڵ بکەین.

ئەگەر بەم بارودۆخە بگەین کێ ئەم کارە دەکات؟ داهاتوو دیار نییە، روانگەکانی عەرەبستانی سعودییە بۆ چاکسازی لە دیزە بە دەرخۆنەکردن زیاتر شتێکی دیکە نییە. رەنگە شەڕی ئەمەریکا لە عێراق جارێکی تر شەڕی ئەمەریکا هەموو گریمانەکانی پێشووتر لاواز بکات، لێرەشەوە هەموو بۆگێرانەوەی راپەڕینی ئیسلامگەرایانی دژی خۆرئاوایی کافرە، بە سەرنجدان بەوەی کە وەك پێویست چەند ساڵێکم لە خۆرهەڵاتی ناوین بەڕێکردووە، دەزانـم کە لە شوێنێکی وەك عەرەبستانی سعودییە بێگومان هەموو شتێك بەرەو پێکهاتەیەکی قابیلی گڕگرتن هەنگاو دەنێت.

لە (عەرەبستانی سعودییە) توڕەییەکی زۆر دژی خۆرئاواو ئال سعود هەیە. لەوێ (خەڵك) قەناعەتییان کـردووە، کە پـارەی نـەوت خانەدانەکانی باڵادەستی گەندەڵ کردووە و سەرانی سعودی بە ئیزندانی هێزەکانی

ئەمەریکا بۆ ناو عەرەبستانی سعودییە، سوکایەتی بە خاکی وڵاتییان کردووە.

رزگاربوون لە بوونی سەربازی ئەمەریکی هاوکاری (چارەسەری ئەم مەسەلەیە) دەکات، بەڵام تورەیی خەڵك لە خانەدانانی دەسەڵاتدار زۆر لەسەروی بابەتی بوونی ئەمەریکیەکانەوەیە. کۆمەڵگای عەرەبستانی بەهۆی شکستی پشتگیری هاووڵاتیانی موسڵمان لە فەلەستین و عێراق، لاوازی لە بەرامبەر داماوکردنی موسڵمانانی سعودی، رەخنە لە ئال سعود دەگرێت.

زۆربـەی سعودیەکان لە بەرایی هـەزارەی نوێ، لەو باوەڕەدان بارودۆخی وڵاتیان لە ئێستا باشتر دەبێت، کە ئەگەر هەموویان بگەڕێنەوە بیابان و ژیانی خۆیان بە خورماو شیری وشتر بەڕێ بکەن.

## عەرەبستانی سعودییە چاوەڕوانی تەقینەوەیە

لەو ساڵانەی کە وەك ئەفسەری سی ئای ئەی لە ناوچەکانی: لوبنان، سودان، باکوری عێراق و ئەمەریکا خزمەتی وڵاتـم کـرد، فێربووم موسڵمانانی ئاسیای ناوەڕاست شتێکی دیکەن. ئازار و کوشتنێکم دیتووە کە ئەمەریکا بـەردەوام دوای ئەوە سەری خۆی لە ﻟﻢ رۆدەکرد. عەرەبستانی سعودییە وەك بەرمیلێك باروت چاوەڕوانی تەقینەوەیە..

چارەگە سەدەیەك هەوڵمدا لە خۆرهەڵاتی ناوین لە ڕەگوڕیشەی توندوتیژی بگەم. دوای 11ی ئەیلول دەستم بەم بابەتە نەکردو بۆ ئەوە ئاوڕم لە عەرەبستانی سعودییە و نەوتی خاوی ئەم وڵاتە نەداتەوە. ویستم زیاتر دەربارەی ئیخوان موسلمین بزانم: کێن، چۆن چالاکی دەکـەن؟ بۆچی ئەمەریکا مەسەلەکەیانی لە شوێنی دوورە دەست، یەمەن و ئەفغانستان وەك بابەتێکی هاوبەش لەبەرچاو گرتووە؟

گەیشتمە هەندێك وەڵام. دەمـزانـی ئـەم بابەتە دەمگەیەنێتە دووڕیانێك. ریاز و واشنتۆن، نەوتیك کە ئەم دوانە بەیەکەوە دەبەستێتەوە.

ئەم مەسەلەیە لە ڕوانگەی منەوە پەیوەندی بە سێ بابەتەوە دەبێت.

-ئایا، بۆیە پشتگیری لە ئال سعود دەکرێت، کە دەسەڵاتی باڵایە؟

-ئایا واشنتۆن دەتوانێت لە عەرەبستانی سعودییە لە واقعیەتەکان بگات؟ یان شتێکی وەها دەستوەردانی لە عەرەبستانی سعودییە نەکردووە، دەڵێت: هیچ نابینێت و دەستێوەرنادات؟

# وەهابیەت و ئال سعود لە ئامێزی ئەمەریکا و بەریتانیا

لە ساڵی 1859، سەرهەنگی بە ناوبانگ «ئەدوین درك» لە پەنسلڤانیا توانی بەسەرکەوتوویی نەوت لە رێگای بیر هەڵکەندن دەربهێنێت. پێشەنگی بەمجۆرە دەرهێنانی نەوت بوو لە زەوی. لەم میتۆدەی بیر هەڵکەندن بۆ بەرگرتن لە داتەپینی چاڵەکان سود لە بۆری وەردەگیرا کە ئەم کارە رێی دەدا قوڵایی زەوی زیاتر هەڵبکەندرێت. دوای 11 ساڵ «جۆن راکفلەر» کۆمپانیای «ستاندارد ئۆیڵ»ی لە ئۆهایۆ دامەزراند. پاش سەدەیەك روسیا وەك یەکێ لە سەرەکیترین بەرهەمهێنەرانی نەوت چووە پاڵ ئەمەریکا. ئەندۆنیزیا، رۆمانیا و مەکسیکیش لەسەرەتای شەڕی جیهانی یەکەم و کاتێك کە شەڕ لە ئەوروپا دەستی پێکردبوو، دەستییان بە پیشەسازی نەوت گەیشت. هەر لە هەمانکاتیش لە ڤەنزویلا و چەند وڵاتێکی دیکە لە دەڤەری دەریای کارابیب نەوت دۆزرایەوە.

لە دەڤەری کەنداویش ئێران ئاڵا هەڵگری دۆزینەوەو

دەرهێنانی نەوت بوو. یەکەم چاڵ لە ئـازاری 1908 هەڵکەندراو نزیکەی ساڵی 1913 هێڵی بـۆری 135 ملیمەتری ئەم چاڵە بە پاڵاوگەی ئابادان بەسترایەوە. چاڵی گەورەی نەوتی کەرکوك لە باکوری عێراقیش لە ساڵی 1927 کەڵکی لێوەرگیرا.

نەوت پێش ساڵی 1935 لە رێگای هێڵی بۆریەوە بە کەنارەکانی دەریای سپی گەیشتە لوبنان و فەلەستین. بەحرەین، قەتەر و عەرەبستانی سعودییەش لە ساڵی 1923 چوونە مەیدانەکەوە.

«تۆم پارچەر» ئەندامێکی ئەندازیاران و زەوی ناسان بوو، کە کۆمپانیای ستاندار ئۆیڵ بۆ کاراکردنی پیشەسازی تازە پەیدابووی نەوتی عەرەبستانی سعودییە رەوانەی ئەو وڵاتەی کرد. «تیمی»سوکاڵ» یەکەم گروپ بوو کە لە عەرەبستانی سعودییە چاڵی نەوتی هەڵکەند. نەوتێك کە بۆ خەرجی بازرگانی سودی لێوەردەگیرا. جێی سەرنجە بزانین، عەرەبستان تەنیا بۆ 5 ساڵ یەکپارچە بوو، کە تۆم پارچەر لە ساڵی 1937 ناساندی. عەرەبستانی سعودییە لە ناوەڕاستی ساڵی 1920 لە ناو نیمچە دوورگەی عەرەبستان بە تەواوی گۆشەگیر بوو. عەرەبستان لەوکاتەدا لەبەر نەوت و سامان بە ناوبانگ نەبوو، بەڵکو بەناوبانگی ئەو وڵاتە لەبەرخاتری هەژاری، دەمارگیری، جیاوازی کردن، کەلتوری بیابان نشینی بەسەر هەموو شتێکدا زاڵبوو.

زۆر لە کۆنەوە بازرگانی کەنارەکانی وڵاتانی عەرەبیان دەناسی، لەسەدەی نـۆزدە ژمارەیەکی زۆر کەم لە دۆزەرەوە ئەوروپیەکان بۆ کەناری ئەم نیمچە دوورگەیە رۆیشتن. بەپێی بەڵگەی سەلمێنراو لە نەخشەکانی خۆرئاوا، تەنانەت ساڵی (1865)یش ریاز وەك پایتەختی داهاتووی عەرەبستانی سعودییە لەبەرچاو نەگیرابوو.

سوریا، عێراق، میسر و وڵاتانی موسڵمانی ئەفەریقی وەك جەزائیر و مەغریب هەموو بەشێوەیەکی جێگای سەرنج لەپێشکەوتن دابـوون، بە تایبەت لە ماوەی قۆناغەکانی جەنگی جیهانی یەکەم.

کوەیت لە سنورەکانی باکوری خۆرهەڵاتی وڵاتانی عەرەبی 10 ساڵ کۆڵۆنیال بـوو، بـەڵام عەرەبستانی سعودییە لەماوەی چەندین سەدە نەگۆڕا. تا بن سعود لە 15ی کانونی دووەم 1902 بە سوپایەك ریازی داگیرکرد، کە لە 200 کەس کەمتر بوو. ئەوکاتە بن سعود نزیکەی 20 ساڵە بوو دەیویست خانەدانەکەی زیندوو بکاتەوە، کە لە سـەدەی هـەژدە بـەرەو لەناوچوون رۆیشتبوو. وتی 20 ساڵی داهاتوو تەمەنی خۆی بە شەڕ لەگەڵ هەموو دەورووبـەر و باقی پاشماوەی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی و دەسەڵاتدارانی دوژمنی عەرەب، بە تایبەت «هاشمیەکان» لە ئەردەن بەڕێ دەکات. لە ساڵی 1924 مەککەو مەدینەی داگیرکرد.

بن سعود له سەرەتای 1927 حکومەتی خۆی له عەرەبستانی سعودییه جێگیرکرد، که زیاتر نیمچه دوورگەکەی لەخۆ دەگرت. ناوی بنەماڵەکەی لەم وڵاته نا: «پادشای عەرەبستانی سعودییه».

تا ئەوکاته هێشتا ریاز کارەبای نەبوو، بەرژەوەندی نەوتی نێودەوڵەتی نەگەیشتبووه عەرەبستانی سعودییه و نزیکەی سێ هەزار کەس له شارێکدا دەژیان که دیواره قوڕەکان له خۆی گرتووەو لاقی هیچ بێگانەیەکیشی نەگەیشتبوویه، بـەڵام نەوەکانی بن سعود ئێستا دەوڵەمەندترین کەسانی جیهانن، ئێستا به گازینۆکانی «مۆنتی کارلۆ»، شوێنەکانی له شفرۆشی لەندەن، دەستبڵاوی، ژیان له کۆشکه چەندین ملیار دۆلاریەکان، بوونی ئەسپی رەسەن، بەلەمی گەشتیاری، دزەکردنه دەوڵەتانی خۆرئاوا، فڕین بۆ هەموو شوێنێکی دنیا به فڕۆکەی شەخسی دەناسرێن.

له ناوەڕاستی ساڵی 1930 و سەردەمی کەساسی گەوره، «عەبدوڵڵا سلێمان» وەزیری دارایی هێشتا گەنجینەکانی به دەستەوه بوو بەڵگەکان، سەرانەی وەرگیراو له ئاژەڵداری، کشتوکاڵ، باخەکانی له سندوقێکی پتەودا دەپاراست.

کێشه ناوخۆییەکان پێویستی دەکرد که عەبدوڵڵا به ئاسانی به مەرجەکانی کۆمپانیای «ستاندارد ئۆیڵ» بۆ دۆزینەوەی نەوت له عەرەبستانی سعودییه رازی بێت.

بەشێوەیەکی قۆرخکاری ئەم مافەیدا بە سوکال کە بۆ ماوەی 60 ساڵ نەوت بدۆزێتەوەو دەری بهێنێت و بی پاڵێوێت، بیگوازێتەوەو هەناردەی بکات. ئەویش لە ناوچەیەك کە فراوانی زیاتر لە 40 هەزار میل چوارگۆشە، یان دوو ئەوەندەی رووبەری فەرەسایە.

ئەم کۆمپانیە نەوتیەش لە بەرامبەردا بەڵێنیدا یەکسەر قەرزێك بە بڕی 30ی هەزار لیرەی زێڕی ئیستەرلینی (هاوتای نزیکەی ملیۆنێك و پێنج سەد و شەست هەزار دۆلاری ئەمەریکی لە ساڵی 2002) بداو ساڵانە 5 هەزار پاوەند بدرێتە پادشاکانی سعودیە. سەرباری ئەم کۆمپانیە ئەمەریکیانە بەڵێنیاندا بڕی 50 هـەزار لیرەی زێڕی ئیستەرلینی (2 ملیۆن و شەش سەد هەزار دۆلار) بدات، لەکاتێکدا دۆزینەوەی نەوت بەبڕی بازرگانی دەدرێت. «عەبدوڵڵا سلێمان» بە نوێنەرایەتی پادشا ئەم رێکەوتن نامەیەی لە 29ی ئازاری 1933 واژۆکرد، دوای 4 مانگ لەم مێژووە 2 جیۆلۆجی کۆمپانیای سوکال چوونە عەرەبستانی سعودییە.

## نەوتی عەرەبستانی سعودییە، سوتەمەنی سەرەکی شەڕ

جەنگی جیهانی دەرفەتیدا بە عەرەبستانی سعودییە خۆی لە جیهاندا بخاتە روو. هەریەك لە بەریتانیاو ئەڵمانیا هەوڵیاندەدا سەرنجی عەرەبستانی سعودییە رابکێشن.

ئەڵمانییەکان تێدەکۆشان وەك دەروازەیەکی پشتەوە بۆ هێرش کردنە سەر روسیا سود لەم نیمچە دوورگەیە وەربگرن، بەڵام پادشای بەریتانیەکان بەباشییان دەزانی دیارە نەك لەبەر پەیوەندی پێیانەوە، چونکە ئەوکاتە بەریتانیاو کۆڵۆنیاڵەکانی ئەو وڵاتە سەرچاوەی سەرەکی بەهێزکردنی پادشای ئال سعود بوون.

نەوتی عەرەبستانی سعودییە بەهۆی سەرچاوەیەکی دابینکردنی سوتەمەنی شەڕ، زۆر گرنگ بوو. پەلاماری ژاپـۆن و داگیرکردنی بۆرماو ئەندۆنیزیا بـووە هۆی داخستنی دوو سەرچاوەی گرنگی نەوت، بە تایبەت دوای دەرهێنانی زیاتر لە 5 ملیۆن بەرمیل لە ماوەی 6 ساڵی یەکەم (جەنگی جیهانی دووەم) توانای بەرهەمهێنانی کۆمپانیای ئارامکۆ گەیشتە دەیان ملیۆن بەرمیل، بە دەستەواژەیەکی دیکە لە ساڵی 1944 نزیکەی دەیان ملیۆن بەرمیل نەوت بەرهەم هات، واتە سێ ئەوەندەی بەرهەمهێنانی ساڵێك. نەوتی عەرەبستانی سعودییە لەو کاتەدا بۆ هاوپەیمانانی ئەو وڵات زۆر ژیاری بوو.

سەرەڕای پێگەیەك کە عەرەبستانی سعودییە لە دنیادا بەهۆی دۆزینەوەی چاڵەکان بەدەستی هێنا، ئەم وڵاتە دوای 14ی شوباتی 1945 دەورێکی زەقی بینی. شا سعودی یەکەم لەم مێژووەدا چاوی بە «فرانکلین دیلانۆ رۆزفلێت» کەوت. ساڵانێك بوو رۆزفلێت بەشان و باڵی

عەرەبستانی سعودییەدا هەڵدەدا، دیارە لەبەر نەوت نا، بەڵکو بەهۆی دەوری ئەم وڵاتە لە شەڕدا، هەروەها رۆزفلێت چاوی لە بەهای رێهبۆردی پاشەکەوتی نەوتی عەرەبستانی سعودییە دوای ساڵەکانی شەڕ بەم وڵاتە بوو دەیزانی ئەگەر سعودیەکان بکاتە باشترین دۆستی ئەمەریکیەکان لەوڵاتی ئیسلامیدا، دەتوانێت بەسەر دەسەڵاتی بەریتانیەکان لە رۆژهەڵاتی ناویندا زاڵبێت.

ستانداردی ئۆیڵ لە 8ی شوباتی 1943 لە نامەیەکدا بۆ «هارۆڵند ئێکس» وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا داوایکرد کە هانی حکومەتی رۆزفلێت بدات بۆ بەگژداچوونەوەی دەسەڵاتی بەریتانیا لە رێگای کێشکردنی عەرەبستانی سعودییە، بۆ ژێر سێبەری ئەمەریکا.

یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، دوای 10 رۆژ رایگەیاند کە عەرەبستانی سعودییە خاوەن بەرژەوەندی ژیاریە بۆ ئەمەریکاو بڕیاریدا هاوکاریە ناڕاستەوخۆکان بۆ عەرەبستانی سعودییە بەردەوام بن، کە دەگەیشتە 100 ملیۆن دۆلار.

بەریتانیا ساڵی 1940 نزیکەی 40 ملیۆن دۆلاری دا بە عەرەبستانی سعودییە تا دەسەڵاتی خۆی لەم وڵاتەدا بپارێزێت، لەبەرامبەردا ئەمەریکاش هاوکاری 13 ملیۆن دۆلاری دا بە کۆمپانیای نەوتی عەرەبی ئەمەریکی تا هەم رووبەڕووی دەسەڵاتی بەریتانیا بێتەوەو هەم لە

دوورەوە و لە ناوچەی کەنداوی قترس چاودێری روسیا بکات.

**یەکەم هەنگاوی پەیوەندی عەرەبستانی سعودییە و ئەمەریکا**

«جێمز فۆریستاڵ» وەزیـری هێزی دەریایی لە نامەیەکدا بە «مۆرێکی زۆر نهێنی» لە 11ی کانونی یەکەمی 1944، جەختی کـردەوە کە دەسەڵاتی ئەمەریکا لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتیەکان پەیوەندی بە ماددەی ژیاری وەك نەوتەوە هەیە و کێشەکانی وەك هێڵی ئاسمانی، هەڵگرتن و گواستنەوە، پێگە دەریاییەکان، رێکەوتن نامەی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەموویان پەیوەندییان بە پاشەکەوت کردنی نەوتەوە هەیە. بەمەش چالاکی لە مەیدانی زیادکردنی پاشەکەوتی نەوت لەو کاتەدا زۆر خوازراوە.

تایبەتمەندی ئەمەریکا لە چـاو بەریتانیا بۆ عەرەبستانی سعودییە چاکتربوو. بن سعود هەموو ژیـانـی خـۆی بـۆ دەستەبەرکردنی دەســەڵات لە وڵاتەکەیدا بە شەڕ بە رێکرد. کارێکی نەکرد لە بەرامبەر وڵاتێکی وەك بەریتانیای خاوەن مێژوویەکی ئیمپریالیزمی کە هەمیشە ببووە مەڵۆزمی ناوچەکە. هەربۆیە بە سەرنجدان بە دووربوونی ئەمەریکا لە

روانگەی جوگرافیەوە بە رای واشنتۆن بژاردەیەکی مەترسیتر بوو بۆ عەرەبستانی سعودییە.

رۆزفلێت و بن سعود لە گفتوگۆکانیاندا لە بارەی زۆربەی مەسەلەکان و هاوکاریەکان، کۆك بوون.

ئەم دوو بەرپرسە بە ئاڵوگۆڕکردنی دیاری ماڵ ئاواییان لە یەکتری کرد: شا سعود چەقۆیەکی گەوهەر نیشانیدا بە رۆزفلێت و جلوبەرگیشیدا بە هاوسەر و کچەکەی کە یاوەریان کردبوو، لە بەرامبەردا رۆزفلێت یەکەیەکی ژماردنی فڕۆکەی «داگلاسی» پێدا کە بڕیاربوو، لەدوایدا رادەستی بکرێت، هەروەها کورسییەکی خولاوەی دا بە بن سعود کە هاوشێوەی کورسیەکەی خۆی بوو، چونکە ئازاری بە دەست کۆنە برینێکی لاقیەوە دەچەشت و بە دەگمەن کورسیەکەی خۆی بەجێ دەهێشت، تا لە ساڵی 1953 بەهۆی قەڵەوی و کەم جوڵانی مرد.

## محەمەد بن عەبدولوەهاب لە کوێوە هات؟

محەمەد بن عەبدولوەهاب لە شارێکی بیابانی بە ناوی «ئەلعیینە» لە باکوری خۆرئاوای ریاز دەرکەوت، لە ساڵی 1703 دوای ساڵێك لەم شارەدا هاتە دنیاوە، لە 12 ساڵیدا لەگەڵ کچێك زەواجی کرد کە باوکی بۆی دیاری کردبوو، لە عێراقدا سەفەری بۆ ناوچە کوردنشینەکان (کەرکوك - و، کوردی)، بەغداد، بەسرە کرد.

عەبدولوەهاب ئەو کارانەی بە شەریك پەیدا کردن بۆ خوا دەزانی کە موسڵمانان دەیانکرد: سەردانی گۆڕی پێغەمبەر، شێخ و مەشایخی خوا و قوربانی کردن و ...
پاشان عەبدولوەهاب)یان لە بەغداد دەرکرد. توندڕەوی وەهابی لەم قۆناغەی دوایی زیاد لە ئاستی پێویست توندبووە.

**سەر بڕینی 5 هەزار شیعە لە کەربەلا**

نزیکەی پێش 200 ساڵ وەهابیەکان و لایەنگرانی محەمەد بن سعود بە دوای شەڕخوازیەوە بوون لە نیمچە دوورگەی عەرەبستانی سعودییە، لە ساڵی 1801 گروپێك لە وەهابیەکان پەلاماری کەربەلا و یەکێ لە پیرۆزترین شوێنی شیعەکانیان داو لە ماوەی 8 سەعات 5 هەزار شیعەیان سەربڕی و گۆڕەپانی ئیمام حوسێنیان وێرانکرد.
ئەندامانی هۆزەکانی وەهابی هاوکاری بن سعودیان کرد، کە دوو شاری پیرۆزی مەککەو مەدینە داگیربکەن و کەوتنە شەڕ لەگەڵ نەیاران و لەو دوو شارەدا دەریان کردن.
بن سعودو لایەنگرانی شەڕخوازی کەشوهەوایەکی نیمچە نوێیان هێنایەئارا کە تاڕادەیەك لاساییکردنەوەیەکی پڕۆتستانەکان بوو. هەر لەو کاتەدا نەوت دۆزرایەوەو کەڵکی لێوەرگیرا.

## وەهابیەت، خۆرئاوا و نمونەی ئیسرائیلی

دامەزراندنی ئۆپێك لە ساڵی 1960 ئەو دەرفەتەی بە ئال سعود دا کە کۆمپانیا ئەمەریکیەکان بخاتە ژێر گوشارەوە. سیاسەتکارانی ئەمریکیش بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەك هاوکاری هاوسەنگ بوونی نەوتی زیادەی جیهانیان کرد. بەشێوەیەك کە بڕێکی زۆری نەوتی کڕدراویان لە دەرەوە پاشەکەوت کرد. پێش ناوەڕاستی ساڵی 1950 بەرهەمهێنەرانی نەوت و کۆمپانیاکانی خەڵوزی بەردی ئەمەریکی لە داهاتی دەرەوە تێر ببوون.

«دوایــت ئایزەنهاوەر» لە ساڵی 1959 پشکێکی پابەندکەری لەسەر داهاتی نەوت لە دەرەوە دیاریکرد. دوای 14 ساڵ، کاتێك کە ریچارد نیکسۆن ئەم پشکەی لابرد، دەبێت ئەمەریکا سودی لەم زیادەیە وەرگرتبێت و دەبێتە هاوردەکەری نەوت. هێندەی نەخایاند کە عەرەبەکان بە بەڵگەی پشتگوێخستن ئەمەریکایان سزادا.

سوریاو میسر لە تشرینی یەکەمی 1973 هێرشیان کردە سەر ئیسرائیل. دوای دوو هەفتە رێکخراوی ئۆپێك لە 19ی تشرینی یەکەم لە کاردانەوە بە پشتگیری ئەمەریکاو خۆرئاوا لە ئیسرائیل، هەناردەکردنی نەوتی بۆ ئەمەریکا بە تەواوی قەدەغەکرد.

لە رۆژی دووەم «مەلیك فەیسەڵ» پادشای عەرەبستانی سعودییە، بەپێی وتەگەلی بەرپرسانی ئەمەریکی رازیبوو کە بەشداری گەمارۆدانی خۆرئاوا ناکات و ناچێتە ژێرباری گوشاری هاوپەیمانیەتی عەرەبی بەرهەمهێنانی نەوت. لەنەکاو شێرەی دۆلاری ئەمەریکی رەهەندی نوێی وەرگرت .. ئایا دەکرێت ئەو شێرە(بەلوعە)یە بۆ دەستەبەرکردنی پارە زیاتر بکەیەوە، یان بیگریەوە تا بڕێکی زۆرتر پاشەکەوت بکرێت.

لە ماوەی حەوت دەیە، ریاز کۆمەڵەیەکی پێکهاتووی لە 30 هەزار بنەماڵەی دامەزراند. پایتەختێکی پێکهاتوو لە 4 ملیۆن کەس کە موسڵمانان و ناموسڵمانانی وڵاتانی جیاجیا بۆ کارکردن لە چاڵە نەوتیەکان هاتن. هاوکات، عەرەبستانی سعودییە سامانی نەوتی خۆی بۆ دەرەوەی ئەم وڵاتە هەڵڕشت: زانکۆکانی ئەمەریکا (سەدان سعودی لە کاتی کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم لە قوتابخانە ئەمریکیەکان خوێندیان)، زۆربەی (سعودیەکان) بۆ کڕینی کاڵای دەگمەن لە بازاڕەکانی لەندەن، پاریس و رۆما سوڕانەوە.

لە شەووڕۆژێکدا، کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاست بووە کۆمەڵگای مۆدێرن.

بن سعود بەردەوام پڕۆتستانتە توندڕەوەکانی تەواو پێ جڵەو نەدەکرا، بەتایبەت سەرانی ئیخوان کە نەچوونە دەسەڵاتەوە، دیارە بەشێکی دیکە هاتنە ریاز گیران.

ئیسرائیل لە 5ی حوزەیرانی 1967 پەلاماری میسر، سوریا و ئەردەنی داو لە گورز وەشاندنێکدا ئەم سێ وڵاتەی شکاند و چەند بەشێکی لەو سێ وڵاتە داگیرکرد. زۆربەی عەرەبەکان بەم شکستەوە تووشی ئازار بوون، بەڵام ئەم شکانە بۆ هەندێك موسڵمانان زۆر خراپتر بوو، چونکە قودس و قبە الصخرە، سێیەم شوێنی پیرۆزییان لە ئیسلام لە دەستدا.

سەرەتا عەرەبەکان رژانە شەقامەکانەوە و نارەزاییان دژی هەنگاوەکانی ئەمەریکا دەربڕی، بەڵام پاشان تێگەیشتن کە وڵاتەکانیان تەفرەیان داون. سەرەڕای ئەو هەموو چەکانە هیچ کارێکی شایانی سەرنج ئەنجام نەدرا، ساڵانێك بوو کڕدرابوون. بۆچی؟ چونکە زۆربەی ئەو پارانە هەڵڕژایە ناو کیسەی شازادەکانی گەندەڵ و سیاسەتکاران و ئەفسەرانی سوپاوە، کە دەبوو بۆ دامەزراوەکانی بەرگری خەرج بکرایە.

پاش ساڵی 1970، خانەدانانی دەسەڵاتداری عەرەبستانی سعودییە و کۆمەڵە خێرخوازەکانی ئەو وڵاتە، دۆلارە نەوتییەکانی خۆیان بۆ دروستکردنی

قوتابخانەی ئایینی لە ناوخۆ و دەرەوەی عەرەبستانی سعودییە خەرج کرد، تا نەوەی نوێ بە توندوتیژانەترین و توندڕەوانەترین راڤەی ئیسلام پەروەردە بکەن.

لەم ناوەدا وەهابیەکان وەك ئیسلامخوازانی توندڕەو هاتنە مەیدانەکەوە. قوتابخانە ئایینیەکان باشترین شوێن بوو بۆ ئامادەکردنی شەڕکەران، لە ساڵی 1980 ئەم قوتابخانانە بوونە شوێنێکی بە رێژەو بۆ بیرتەسکان و لەوێ بانگەواز بۆ شەڕی پیرۆز دژی روسیا لە ئەفغانستان کرا. کەسانی چەکدار بە چەکی ئەمەریکاو پاڵپشتی دارایی و لۆجستیکی ئەو وڵاتە تەیارکران و «عەرەب ئەفغانەکان» رێنمایی شەڕی سوریایان بەرەو مۆسکۆ گرتە ئەستۆ و رەوتی مێژوویان گۆڕی.

# بەرپرسانی ئەمەریکی مانگانە لە عەرەبستانی سعودییە وەردەگرن !

## هاوکاری نەوتی، چەك و تەقەمەنی و تیرۆریستی

کاتێك کۆمپانیای «کارلایل» لە 11ی ئەیلولی 2001 خۆی بۆ چوونە ناو کۆنفرانسی ساڵانەی سەرمایەگوزاران لە ئوتێل «ریتزکارلتۆن» لە واشنتۆن ئامادە دەکرد، تەنیا لە دووری دوو میل و نیوی باشوری ئوتێلەکە، فڕینی ژمارە 77ی هێڵی ئاسمانی ئەمەریکی خۆی لە تەلاری پنتاگۆندا، ئەگەر فڕینی ژمارە 93ی کۆمپانیای «یونایتد ئێرلاینز» خۆی لە ئامانجی شیمانەیی خۆی واتە کۆشکی سپی دەدا، ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە دەپەشۆکان، دیارە ئەوان زیاتر لەم مەسەلانە ناگەن.

ئەم کەسانە لەم دانیشتنەدا بەشداربوون: بەرپرسانی باڵای کۆمپانیای «جێیمز بیکەر»، «فرانك کارلۆچی» وەزیری راوێژکاری حکومەتەکەی جۆرج بۆشی باوك، وەزیری بەرگری سەردەمی رۆناڵد ریگان و راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەردەمی پێشووی، براکەی بن

لادن وەك نوێنەری كۆمەڵەی بن لادن كە خاوەن یەكێ لە گەورەترین كۆمپانیای تەون و بەستی دنیایە، بەڵام ناوبانگی زیاتر بەهۆی بن لادنی برایەتی. ئەم دانیشتنە باشترین نمونەی پەیوەندی واشنتۆن بوو بە عەرەبستانی سعودییەوە.

كۆمپانیای «كارلایل» پەیوەندی كۆن و قازانجی بە بنەماڵەی ئال سعودەوە هەبوو، لە ساڵی 1991 ئەم كۆمپانیایە بواری كڕینی نزیكەی 600 ملیۆن دۆلاری لە پشكی كۆمپانیای «سیتی كۆرپ»ی بۆ «وەلید بن تەلال» رەخساند. وەلید بن تەلال برای مەلیك فەهد و شەشەمین كەسی دەوڵەمەندی دنیا بەپێی گۆڤاری فۆربس لە ساڵی 2001. داراییەكەی دەگاتە نزیكەی 20 ملیار دۆلار كە زۆرتری لە كۆمپانیای سەرمایەگوزاری سعودییە لە ریاز.

## دیاری 10 ملیۆن دۆلاری دوای 11ی ئەیلول

ئەو شازادەیە لە دەربڕینی تێڕوانینەكانی كەسێكی بە توانایە، ماوەیەك پاش پەلامارەكانی 11ی ئەیلول چووە نیۆیۆرك و 10 ملیۆن دۆلاری هاوكاری سندوقێك كرد، كە «رودی جولیانی» شارەداری نیۆیۆرك بۆ هاوكاری بنەماڵەی قوربانیەكان دایمەزراندبوو.

وەلید بن تەلال وەك دەرفەتێك سودی لەم بابەتە وەرگرت، بۆ ئامۆژگاری و راسپاردەی بە كەڵك بۆ ئەمەریكاو

وتی: «دەبێت ئەمەریکا بە سیاسەتەکانی خۆیدا بچێتەوە لە خۆرهەڵاتی ناوین و هەڵوێستی هاوسەنگ لە بەرامبەر فەلەستین وەرگرێت». پێدەچێت کۆمپانیای کارلایل لە بیری چووبێت بڵێت زۆرینەی دانیشتوانی نیۆیۆرك پاڵپشتی «ئیسرائیل»ن و ئەمەرکیەکان نایانەوێت بە چاویان دابدرێتەوە کە بە هاوکاری دارایی سعودیە دەژین و سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمەریکا دەفرۆشرێت.

دیارە رودی جولیانی بۆ بیرهێنانەوەی واقعیەتەکانی سیاسەتی ئەمەریکا پێویستی بەکۆمپانیای کارلایل نییە، یەکسەر بە تەلاڵی وت کە دەتوانێت بەم «چەکە» چ کارێك بکات. ئەمەریکا بۆ هاودەردی لەگەڵ جولیانی، 2،8 ملیار دۆلار ناگێڕێتەوە.

## سەرۆکەکان، وەزیـرەکـان، راوێژکارانی ئەمەریکی مانگانە لە عەرەبستانی سعودییە وەردەگرن

ئیدارەی کارلایك پشتگیری ئەم بابەتەی کردووە کە ئەم کۆمپانیایە تەنانەت دەرفەتێك بۆ دەستەبەرکردنی داهات لەدەست نادات. ئەم کۆمپانیایە کەڵکی لە فرۆشتنی بەردەوامی نەوت و کڕینی چەك لەلایەن عەرەبستانی سعودییە وەرگـرت. بە چاوگێڕانێك بە گرێبەستەکانی کارلایل تێدەگەین کە لێڕوانینەکانی ئەم کۆمپانیایە زۆر بەرزەفڕانەیە و ناتوانرێت رابگیردرێت. کارلایل لە ساڵی

1990 پێشنیازگەلێکی بۆ گرێبەست لەلایەن کۆمپانیای نێودەوڵەتی BDM بە پشکێك بە رادەی ساڵانەی 50 ملیۆن دۆلار وەرگرت. ئەم گرێبەستانە بۆ ئاڕاستەکردنی فێرکردن و خزمەتگوزاری کارو لۆجستیکی هێزەکانی گاردی نیشتمانی سعودیە بوو. (کارلایل پشکی خۆی لە کۆمپانیای بی دی ئێم ئێڵ تی ئارِ دەبلیوو لە کۆتایی ساڵی 1979 فرۆشتبوو). تەنانەت پاش ماوەیەکی کەم دوای پەلامارەکانی 11/9، کۆمپانیای کارلایل وەك راوێژکاری خانەدانی ئال سعود درێژەیدا بە بەرنامەی هاوسەنگی ئابووری بە هاوکاری خۆی (لەگەڵ عەرەبستانی سعودییە).

## گرەنتی گرێبەستەکانی فرۆشتنی نەوت بۆ کڕینی چەك

لە ئەدەبیاتی فەرمی عەرەبستانی سعودییە، «قەرەبووکردنەوەی زیانی ئابووری» بە ئامانجی پشتگیری بەرنامەی سەرمایەگوزاری دەرەوە لە عەرەبستانی سعودییە، بە ئامانجی گرەنتی داهاتە نەوتیەکانە، بەڵام بە شێوەیەکی نافەرمی دیارە بە لێکدانەوەیەکی وردتر، ئەم بەرنامەیە بە ئامانجی زامنکردنی هەموو گرێبەستەکانی فرۆشتنی چەك دەبێت بە عەرەبستانی سعودییە.

کارلایل سامانەکەی لە رێگای کڕینی گرێبەستی داکۆکی گچکەکان و خستنەڕووی بۆ کۆمپانیا گەورەکانی وەك

بۆیینگ، لوکهید مارتین، کۆمپانیای نێودەوڵەتی «تی ئاڕ دەبلیوو» (فرۆشیاری سەرەکی چەك بە عەرەبستانی سعودییە) بە دەستهێنانەوە. ئەم کۆمپانیایە بازرگانی چەکی بۆخۆی زامنکرد و لە گەورەترین کۆمپانیاکانی پەیمانکاری ئەمەریکا گەیشتە پێگەی یازدەی بە دەست هێنا.

عەرەبستانی سعودییە گەورەترین بە کاربەری چەکی ئەمریکایە. ئەم وڵاتە دووەم بازاڕی شەڕکەر، سارۆخ، دەبابە، زرێپۆش و چەکوچۆڵی دیکە و خزمەتگوزاری سەربازی ئەمریکایە. عەرەبستانی سعودییە هەروەك دوای سووپای ئەمریکا گەورەترین بە کارهێنەری زرێپۆشەکانی شەڕ «برادلی»یە. عەرەبستانی سعودییە لە روانگەی زۆربەی لایەنەکان، بە گرنگترین پارێزەری هێڵی بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵی ئەمەریکی دادەنرێت.

پەیوەندی حکومەت و کـاری ئیداری لە واشنتۆن هاوشێوەی تاوتوێکردنی بابەتی زینایە لە خانەدانی ئال سعود، بەڵام ئەکتەرانی سەرەکی واشنتۆن دوای وازهێنان لە پۆستەکانی حکومەت یەکسەرو راستەوخۆ دەچنە نوسینگەی دامەزراندنی «کارلایل».

دەکرێت لەوانە ئاماژە بەم کەسانە بکەین: «جێمز بیکەر»، «فرانك کارلوچی»، «کارلایل ئارتۆرلۆیت» سەرۆکی پێشووی دەستەی کاغەزی دارایی و کۆمیتەی

نەختینەیی، «ویلیام کۆنراد» سەرۆکی پێشووی کۆمیتەی پەیوەندیەکان لە قۆناغی دووەمی سەرۆکایەتی کۆمار بێڵ کلینتۆن، ئەفسانەی بیلۆس بەڕێوەبەری سەرمایەگوزاری بانکی نێودەوڵەتی و هاوسەری مایکڵ بیچلۆس مێژووزان و لە کەسایەتیەکانی بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی «جێم لیرەر»، «ریچارد دەرمان» سەرۆکی پێشووی نوسینگەی کۆشکی سپی بودجە لەسەردەمی بـۆش و رێگان، هەروەها یاریدەدەری سەرۆك کۆمارو وەزیری دارایی. هەموو ئەوانە پیشانی دەدەن کە کارلایل کۆمەڵیەکی نێودەوڵەتییە.

هیچ کەس لە واشنتۆن پەیوەندی باشی بە «فرانك کارلوچی»یەوە نییە. سەرباری پۆستی وەزارەتی بەرگری و ئاسایشی نەتەوە، دوای بەسەربردنی سەردەمێك وەك باڵوێزی ئەمەریکا لە پرتووگال، بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا بوو لە ساڵەکانی 1978 تا 1980، هەروەها وەك تیمی کەشتی زانکۆی پرینستۆن یاوەری دۆناڵد رامسفێڵدی کردو هاوڕێیەتی هەردووکییان بۆ ساڵانێکی داهاتوو بـەردەوام بوو (دەقەکە سڕدراوەتەوە).

«جۆرج هێربێرت واکربۆش» بەناوبانگترین راوێژکاری «کارلایل»، چل و یەکەم سـەرۆك کۆماری ئەمەریکا. بەهۆی فەرماندەیی شـەڕی کەنداو جێ سەرنجی

دەوڵەمەندانی سعودیە و کوەیتە. جۆرج بۆش و «جۆن مێجەر» بە نوێنەرایەتی کارلایل سەفەرێکی زۆریان بۆ عەرەبستانی سعودییە و کوەیت کردووە، دەرگاکانیان بەرووی هەندێك سەرمایەگوزارانی دەوڵەمەندی ئەم دوو وڵاتە لە دنیادا کردەوە. بۆشی باوك کاتێك کوڕەکەی چووبووە ناو بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری ساڵی 2000ەوە چووە کۆمەڵێك بیابانی دەگمەنەوە تا پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ عەرەبستانی سعودییە و ئەمەریکا لەگەڵ «شـازادە عەبدوڵڵا»ی میراتگری پادشایەتی تاوتوێ بکات. کارلایل سووربوو لەسەرئەوەی کە بۆش لەو سەفەرەدا جانتای سەرمایەگوزاری ئەم کۆمپانیایەی لەگەڵ خۆی نەبرد، چونکە بۆش زۆر جێی دڵنیایەو لە راوێژکارانی باڵای ئەم کۆمپانیایە دادەنرێت. بەو بەڵگەیەی گرێبەستەکانی کارلایل لە بەشی تایبەتی دابین دەبێت، تەنیا بەڕێوەبەرانی ئەو کۆمپانیایە دەزانن کە سەرمایەی چەندە. 13،9 ملیار دۆلاری ئەمەریکی لە تشرینی دووەمی 2002 لە سەرمایەگوزارانی سعودی دابینکرا. بنەماڵەی بن لادن 2 ملیار دۆلاری کارلایلی سەرمایەگوزاری کرد، کە بە دووەم شەریکی سندوقی ئەم کۆمپانیایە دادەنرێت. کارلایل و بن لادن لە تشرینی یەکەمی 2001 واتە نزیکەی 5 هەفتە دوای پەلاماری ناوەندی بازرگانی جیهانی و پنتاگۆن لێکجیابوونەوە،

بەڵام نزیکەی 10 سعودی تر لەم کۆمپانیایە بەناوی سەرمایەگوزاری مانەوە.

## دەمت لە ئاستی عەرەبستانی سعودییە دابخە و چت دەوێ بۆخۆتی بەرە

لە تشرینی یەکەمی 2002 بۆ سەردانی هاوڕێیەکم چوومە باشوری فەرەنسا. بەلەمۆکەیەکی لە نزیك شاری «کۆن» هەبوو، لە کاتی لەنگەرگرتن لە کەنار پیاوێکم لە بەلەمێکی گچکەدا بینی کە هێمای بازرگانیەکی نوێی هەبوو. لەسەر بەلەمەکەش ئاڵای ئەمەریکا هەڵدرابوو. هاوڕێکەم وتی ئەو پیاوە ئیشی بۆ کارلایل دەکرد. گفتوگۆکەمان دەستی پێکرد تا گەیشتینە عەرەبستانی سعودییە. لە یەکەم دەرفەت لە «عزوزی» و پاڵپشتی ئیداری و کارێکم پرسی کە باسی دەکات. ئەو پیاوە زانیاری لەم بارەیەوە هەبوو پرسی بۆ. کە پێموت خەریکین کتێبێك دەربارەی عەرەبستانی سعودییە بنوسین، لە نەکاو توشی وڵات زەدەیی بوو. واشنتۆن بەردەوام هەوڵدەدات کەڵك لە پارەی عەرەبستانی سعودییە وەرگرێت. «دیك چینی» وەزیـری بەرگری و یاریدەدەری سـەرۆك کۆمار وەك سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیای هالیبرتۆن چالاکی کرد. کۆمپانیایەك کە بەردەوام سود لە عەرەبستانی سعودییە و پڕۆژەکانی ئەو وڵاتە وەردەگرێت، لە کۆتایی ساڵی

2001 بە چوونەدەرەوەی دیك چینی، ئەم کۆمپانیایە توشی شەرمەزاری دارایی ببوو گرێبەستێکی 140 ملیۆن دۆلاری بۆ هەڵکشانی چاڵی نەوتی نوێی عەرەبستانی سعودییە بەستبوو.

«فیلیپ میریل» لەسەردەمی سەرۆك کۆماری جۆرج بۆشی باوك وەك یـاریـدەدەری سکرتێری گشتی ناتۆ دامــەزرا. هاوڕێی شەخسی و نزیکی دیك چینی و هاوسەرەکەی لین بوو.

لە تشرینی دووەمــی 2000 کۆڵن پـاوڵ ماوەیەکی کەم پێش بوونی بە وەزیــری دەرەوە، نزیکەی 100 هەزار دۆلاری وەرگرت. دیارە راپۆرتێك دەگێڕێتەوە کە 200 هەزار دۆلاری وەرگرت. ئەم بڕەیەی لە بەرامبەر وتەگەلی پەرتوبڵاو لە زانکۆی «تافستەر»ی ویلایەتی ماساچۆست وەرگرت. ئەم بڕەیە لە سندوقی تافستەر درا، کە «عصام فارس» یاریدەدەری دەستەی وەزیرانی لوبنان دابینی دەکات، لەراستیدا هەر سەنتێك لە دارایی فارس سەرچاوە لە مامەڵەی لەگەڵ شازادە «بەندەر سوڵتان» وەزیری بەرگری، ترکی بن عەبدولعەزیز برایەکی مەلیك فەهد دەگرێت.

دوای کارەساتی 11ی ئەیلول، کۆمپانیای پەیوەندی «کۆریۆس» مانگانەی 200 هەزار دۆلاری بۆ باش بوونی رووی عەرەبستانی سعودییە وەردەگرت. «تۆم لۆڤلەر»

ئەندامی کۆماریخواز، لۆڤلەر پێش کۆنگرە لەو کەسانە بوو کە هاوکاری ئەم کۆمپانیایەی دەکرد. بەڕێوەبەری کۆمپانیای کۆکردنەوەی پارە بوو بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی جۆرج بۆشی کوڕ بۆ هەڵبژاردنی شـارەداری ویلایەتی تەکساس، هەروەها لۆڤلەر بەڕێوەبەری دارایی کاروباری هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری جۆرج بۆشی لە ئەستۆ بوو، بەمەش وەك دیك چینی زۆر لە کۆشکی سپی نزیکبوو. سعودیەکان لە کۆتایی ساڵی 2002 ساڵانە 720 هەزار دۆلاریان بۆ کۆمپانیای وەکالەتی «لۆڤلەر» پێشنیاز کرد تا نوێنەری یاسایی بەرژەوەندی عەرەبستانی سعودییە لە ئەمەریکا بێت. لۆڤلەریش وەك دامەزرێنەر و شەریکی ئەم کۆمپانیایە بەو بڕەیە رازی بوو.

لەم کەشوهەوا ئەخلاقییە!، هەموو ئەو هاوڕێیەتی و خۆشەویستی نێوان حکومەتی واشنتۆن و ژووری کۆمپانیاکان و ریازو دنیای دیکە، بە ئاماژەیەکی ترسناك دادەنرێت. دیارە بەڵگە ئابووریەکان بۆ بۆشی کوڕ و راوێژکارانی پێویستی کرد کە چاوەکانیان بە دەستی ئاڵودەی سعودیەکان ببەستن. دیارە لە لایەك، ناتوانێت بە بەڵگەی هەوڵ بۆ نزیکبوونەوە لە سعودیەکان لە کەس بپرسێتەوە، چونکە بەرپرسێکی ئەمەریکیت بۆ نادۆزرێتەوە کە بەشێوەیەك پەیوەندی بە عەرەبستانی سعودییەوە نەبێت.

«هنری کەیسنجەر»یش، سەرۆکی کۆمەڵەی «کەیسنجەر و کۆمپانیاکان» لە مشتەریەکانی کۆمپانیای بۆیینگ، کۆمپانیای ئەتلانتیك ریچفێلد ئارکۆ و زۆربـەی ئەو کۆمپانیایانەیە کە لە عەرەبستانی سعودییە کاردەکەن.

پەیوەندیەکان بە کڕینی سعودی لە واشنتۆن زۆر ئاڵۆز و فراوانە، بە شێوەیەك کەیسنجەر و سیناتۆر جۆرج میشێل کە ناوەکانیان بۆ سەرۆکایەتی کۆمیتەی سەرۆك کۆماری تاوتوێکردنی پەلاماری تیرۆریستی دیاریکران، بەشێوەیەکی راستەوخۆ دەستییان لە کارکردن لەم کۆمیتەیە کێشایەوە تا ناچار نەبن لیستی کڕیارەکانیان ئاشکرا بکەن.

جۆرج بۆش بۆ ئەوەی کەسێك پەیوەندی بە کڕیارەکانی سعودیەوە نەبێت کە سەرۆکایەتی ئەو کۆمیتەیە دەگرێتە ئەستۆ، «تۆماس کی» دەسەڵاتداری ویلایەتی نیوجەرسی و سەرۆکی زانکۆی «دور»ی دیاریکرد. تاکە پەیوەندی تۆماس کی بە بەرپرسانی واشنتۆن ئەوەبوو لە هەمان قوتابخانەی تایبەتی خوێندنی تەواو کردبوو، کە ئالگۆر و برا گچکەکانی بۆشی کوڕ واتە «نیل» و «مارۆن» لە وێ خوێندبوویان.

کاتێك تۆماس کی وەك سەرۆکی ئەو کۆمیتەیە دامەزرا، بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی گەورە «ئارمادا هس» بوو کە بۆ هەڵکشانی چاڵە نەوتیەکان لە ئاسیای ناوەند هاوکاری کۆمپانیا نەوتیەکانی عەرەبستانی سعودییە کردبوو.

تەنانەت «لـویـس فـریـچ» بـەڕێـوەبـەری پێشووی نوسینگەی ئێف بی ئای وتبووی کە لە خانەنشین بوونم لە کارکردن لەم نوسینگەیە لە ساڵی 2001، پێشنیازی بۆ کارکردن لەگەڵ عەرەبستانی سعودییە وەرگرتبوو، ئەگەر ئەم هەواڵە راست بێت، بەیانی 11ی ئەیلول و کاتێك لە خەو خەبەری بۆتەوە دەبێت سوپاسی خوای کردبێت کە لەجیاتی کارکردن بۆ عەرەبەکانی عەرەبستانی سعودییە، لە کۆمپانیای کارتی متمانەیی «ئێم پی ئێن ئەی» دەست بەکاربوو.

## پەیوەندی هەموو کەسایەتییە گرنگەکانی ئەمریکی بە کۆمپانیاکانی سعودیەوە

تاڕادەیەك هەموو کەسایەتیە گرنگەکانی واشنتۆن لانیکەم هاوکاری یەکێ لە کۆمپانیاکانی پەیوەست بە سعودیەیان کردووە، کە لە واشنتۆن بەرپرسیەتیەکیان لە ئەستۆ بووە، بەکردەوە هەموو گرێبەستێکی بەستراو لەگەڵ سعودیەکان تیوار(شەفاف) نەبووە و لە گەردەلولی بیابان و لە نزیك چاڵێك بزربووە کە سەرچاوەی پارەیە.
لە کۆمپانیای «تی ئارِ دەبلیوو» تا کۆتایی ساڵی 2002 کە کۆمپانیای «نورپوب گرومان» کڕی، «رۆبێرت گەیتس» بەڕێوەبەری پێشووی «سی ئای ئەی» و یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی پێشوو «مایکل ئارامکست» باڵوێزی

پێشووی ئەمەریکا لە ژاپـۆن و «کۆندۆلیزا رایـس» راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمەریکا پێکهاتبوو، ئەندامانی ئەم کۆمپانیایە سالأنێك هاوکاری ئیدارەی کۆمپانیای «شیورۆن» بوون، کە لە ساڵی 2001 لەگەڵ «تکساکو» یەکی گرت.

«شیورون تکساکۆ» هاوکاری کۆمپانیای نەتەوەیی نیشتمانی سعودی «ئارامکۆ» و «ستار ئینتەرپرایز» و «مۆتیڤا ئینتەرپرایز» بوو.

«کارلا هیلز» وەزیری نیشتەجێ کردن لە حکومەتی «جیراڵد فـۆرد»، «بنت جۆنسۆن» سیناتۆری پێشووی لوییزاناو نوێنەری بازرگانی پێشووی ئەمەریکا لە حکومەتەکەی بۆش کە لە ئەنکەرە بەرپرسی کاروباری وزە بوو، «سام نون» سیناتۆری پێشووی جۆرجیا کە سەرۆکی کۆمسیۆنی هێزە چەکدارەکان بوو لەگەڵ کۆمپانیای «نیمر پترۆلیۆم» هاوکاری هەڵکشانی چاڵە نەوتییەکانی کازاخستان بـوو، ئەندامی کۆمپانیای «شیویۆرن - تکساکۆ»ن.

لە ساڵی 1999حکومەتی سعودییە تێگەیشت کە خانەدان «بن مەحفوز» بانکی بازرگای نیشتمانی بە دەستەوەیە. دوای ئـەوەی لایکەم 3 ملیۆن دۆلار هاوکاری کۆمەڵە خێرخوازیەکانی کرد کە بڕێکی دراوەتە «بن لادن». بڕێکی ئەم پارەیەش دراوەتە کۆمەڵەیەکی

خێرخوازی و ئەندامێکی «عەبدولڕەحمان بن خالد بن مەحفوز» کە ڕێی چوونە ئەمەریکای لێگیراوە. بەڵگەی قەدەغە بوونی بۆ چوونە ئەمەریکا دەست هەبوون بوو لە ریسوایی بانکی نێودەوڵەتی بەرایی دەیەی نەوەد.

پاڵپشتی دارایی کۆمەڵە خێرخوازیەکانی سعودییە لە بن لادن بابەتێکی دوورو لە شیمانە جیا نەبوو. زۆربەی خـاوەن نادیەکانی ئەمەریکا لەو بـاوەڕە دابـوون کە زۆربەی پارەکان بۆ ناوەندەکان، بێوەژنان لە وڵاتەکانیان سـەرەوژێـر دەبێتەوە، دیـارە هەندێك لەو پارانەش بێگومان بۆ کڕینی تفەنگ و ماددەی تەقینەوە بۆ سوپای کۆماریخوازی ئیرلەندا خەرج دەکرێت.

دەوڵەتی عەرەبستانی سعودییە و واشنتۆن لە حیسابە بانکیەکانیان نەدەپرسی، سعودیەکان و نیمچە سەربازانی چەکداری وەهابی وەك خۆیان لێیان گەڕاون، تا لە ڕێگای جیاجیاوە پارە بۆ بن لادن بنێرن، لەکاتێکدا ئەم کارە بۆ دانیشتوانی واشنتۆن کارێکی ئاسان نەبوو، بێگومان کۆکردنەوەو ناردنی پارە لە ریاز و جدە ئاسانتر بوو.

## وانەی سعودیەکان بۆ ئەمەریکیەکان

عەرەبستانی سعودییە ئەم وانەیەیان بە ئەمەریکیەکان داوە: دەمت لە ئاستی عەرەبستانی سعودییە دابخە، تا ئاوڕت لێ بدەینەوە. کار و پۆستت لە زانکۆیەك بۆ

دەدۆزینەوە، یان لە جۆرج تاوون ئۆتۆمبیلی لکسۆس و خانوویەکی گەورەت دەدەینێ.

«ڤۆڵتێر» باڵیۆزی پێشووی ئەمەریکا لە عەرەبستانی سعودییە، سەرۆکی ناوەندی نێودەوڵەتی «مریدیان»ە لە واشنتۆن کە بۆ «زیادکردنی لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتی» دامەزرا. بەوپێیەی لە سایتی ناوەندی مریدیان هاتووە، ئەو کەسانە پاڵپشتی ئەم ناوەندەن، کە هاوکاری سعودییە دەکەن.

هاوسەرانی ئەندامانی کۆنگرەش ئەندامی ئەنجومەنی ئیداری ئەم ناوەندەن: سپنس ئەبراهام، کین بنتس، جۆن برۆ، جۆن کورزین، ویلیام فرێست و چارلز هانمل. «میشێل ولدج ئاڕ» سیناتۆری پێشووی جۆرجیاو باڵوێزی ئەمەریکا لە ریاز لە سەردەمی دووەمـی سەرۆکایەتی کۆماری کلینتۆن سەرۆکی ئەنجومەنی ئیداریەتی. بەپێی بابەتێکی بڵاوکراوە لە واشنتۆن پۆست، کەسێکی نزیکی شازادە بەندەر سوڵتانی باڵوێزی عەرەبستانی سعودییە لە ئەمەریکا وتوویەتی: سەرقاڵی گەیشتن بەو کۆمەڵە بەرپرسانەیە لە ئەمەریکا کە بۆ ژیانی ئاسایی خۆیان گەڕاونەتەوە. کاتێك سعودیەکان گرنگی بە هاوڕێیانی خۆیان دەدەن و لێیان دەپرسنەوە کە واز لە نوسینگەکانیان دەهێنن. ئەمان لەکاتی وازهێنان لە پۆستەکانیان نەخافڵ دەبن و دەزانن چەند هاوڕێی باش سەردانی نوسینگەکەیان دەکەن!.

کاتێك وەك پێویست دەوڵەمەند بی، دەتوانی تەنیا خۆشگوزەرانی بکڕی، بەپێی ڕێککەوتنێك کە لە بەرایی دەیەی 1980 لەگەڵ حکومەتی ڕێگان بۆ پشتگیری لە کەسری بودجەی ئەمەریکا کرا، عەرەبستانی سعودییە تریلیۆنێك دۆلاری بە ئەمانەت لە بازاڕی پشکی ئەمەریکا داناوە. بەپێی پێوەری 10/1 قەیرانی ئابووری، ئەگەر سعودیەکان هەموو ئەمانەتەکانی خۆیان لە بانکەکانی ئەمەریکا بکێشنەوە، ئەم کارە بۆ ئەمەریکا کارەساتبار دەبێت.

# ریسوایی «هەیفا بەندەر»
# لە کارەساتی 11ی ئەیلول

## پارێزەرانی سەرۆکایەتی کۆماری ئەمەریکا لە خزمەت بەندەردا

ساڵی 1994 دوای ئەوەی 2 ساڵم لە «دوو شەممە»ی پایتەختی تاجیکستان - دوورترین و هەژارترین ناوچەی دنیا بەڕێکرد، «سی ئای ئەی» گەڕاندمیەوە بۆ واشنتۆن. بە راشکاوی لە گەڕانەوە بۆ ماڵێ و تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە، خۆشحاڵ بووم. ئێستا وەك پێویست ئاوم بۆ حەمام هەیە و دەتوانم بە کەیفی خۆم بخەوم بێ ئەوەی کە شریخ و هوڕی دەستڕێژی دەبابەکان ببیستم. پێش ئەوەی بچمە بەشێکی دیکەی دنیا، پێویستم بە پشووە. هەربۆیە لە واشنتۆن بەدوای خانوویەکی کرێدا گەڕام.

کاتێك گرێبەستم لەگەڵ دەزگای هەواڵگری ناوەند (دەقەکە سڕدراوەتەوە) بەست، دەبوو ژیانم لە واشنتۆن قبوڵ دەکرد. سەرەنجام تەلارێکم لە جۆرج تاوون دۆزیەوە. ئیدی دەمتوانی لە هەفتەیەك چەندینجار لەوێ دەرکەوم

و پێویست نەبوو باقی ڕۆژەکانی هەفتە گۆشتی بەرازوو لۆبیا بخۆم، بەڵام هەموو ئەم مەسەلانە لەساڵی 1994 گۆڕا. بڕی کرێ لە جۆرج تاوون بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو زیادی کرد، هەموو شوێنەکان لەبەرچاو ونبوون کە بۆی بانگهێشت کرابووم و قاوەخانە مۆدێرنەکانی فەرەنسی و جگەرە فرۆشیەکان جێگایان گرتنەوە، پاشان ئەگەر کەسێك لەگەڵ خێزانێکی چینی مام ناوەند بێت، دەبێت سەعاتێك سەفەر بکات و لە ویلایەتی ڤێرجینیا بە دوای شوێنێکدا بگەڕێت.

کاتێك خەریکە دەچمە ژێر ئەوبارە و دەمویست بە دوای شوێنێك لە دەرەوەی «بلتوی» بگەڕێم، خانوویەکم لە «پالیسیدز» دۆزیەوە. ئەم ناوچەیە شارۆچکەیەکی نزیك جۆرج تاوونە. کرێی ئەم خانووە مانگانەیە و لە 3 ژووری نوستن و دوو حەمام و ئاودەست و چیمەن پێکهاتووە. ئـەم خـانـووە بۆخۆم و خێزانەکەم لە سەروبەرمان زیادبوو کە دەمانویست. ئەم خانووە بە ئۆتۆمبیل تا بارەگای «لانگلی» لە ویلایەتی ڤێرجینیا 5 خولەك دوورە. دووری ئەم خانووە تا شوێنی کارەکەم بە رادەیەك بوو کە بتوانم بە پاسکیل بچمە سەر کارەکەم.

شەوێك لە ڕێگای مـاڵـەوە هەستم بە کاروانێك ئۆتۆمۆبێلی دەرەوەی شەقامی 123 کرد. پێشتر پێموابوو سەرۆك کۆمار تاکە کەسێکە لە واشنتۆن دەتوانێت بەم

شێوەیە پاسەوانی هەبێت، لە ماوەی چەند چارەکێك ئۆتۆمۆبێلەکان ونبوون کە لە هەردووبەری جادەکە ریزییان بەستبوو. ئەوکاتە زانیم بە تەنیشت «بەندەر» باڵوێزی عەرەبستانی سعودییە لە ئەمەریکا تێدەپەڕم. سەرەڕای شوشەی دووکەڵاوی ئۆتۆمۆبێلی لیمۆزین، تێگەیشتم کە بەندەر بۆ وڵاتەکەی گەڕاوەتەوە. بۆ بەیانی لە بارودۆخی بەندەرم پرسی، پێیان وتم لە وڵاتدا تاکە باڵوێزە کە بەشێوەیەکی فەرمی وەزارەتی دەرەوە پاسەوانی دەکات، لەکاتێکدا کارمەندی حکومەت دەبێت لە پەراوێزی شاردا بژیت. ئەو کاتە، تێگەیشتم کە دەبێت رووداووی گرنگ لە دەورووبەری بەندەر، واشنتۆن، دەزگای هەواڵگری ناوەند و پەیوەندی خۆرئاواو عەرەبستانی سعودییە و ئەمەریکا رووی دابێت.

رۆژێکییان کە سواری پایسکیل بووم، سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناوەند، بەرپرسی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و باڵیۆزی عەرەبستانی سعودییە بە تەنیشتمدا تێپەڕی. چوبوون موڵکێك لە پەراوێزی روباری «پۆتۆمك» ببینن کە لەواشنتۆن بە باشترین ناوچە دادەنرێت. ئەو موڵکە دەیانجار لەو خانووە گەورەتر بوو کە تێیدا دەژیام.

## شێوازی هاتوچۆی بەندەر بۆ کۆشکی سپی

بەندەر دەیتوانی هەرکاتێك بیەوێت بۆ گفتوگۆ بچێتە کۆشکی سپییەوە، بەڵام من بۆ وەرگرتنی کاتی چاوپێکەوتن بەکارمەندێکی ئاسایی دەوڵەت لە ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتمانی، دەبوو چەند هەفتەیەك چاوەڕێ بم. دیارە ئەگەر بتوانم بۆ چەند خولەکێك قسەی لەگەڵ بکەم. زۆر خواپێداو دەبم.

بەندەر بۆ دانیشتوانی کۆشکی سپی لە لیستی A ی دایە، ئەگەر ئارەزووی کردبایە دەیتوانی هەموو نامەیەکی هەستیار بداتە هەر کەسایەتیەك لە حکومەت، یان رۆژنامەکان.

رۆژنامەی «واشنتۆن پۆست» جەختی کردەوە، شەوی کردنەوەی ناوەندی «کەنەدی» و لە رێوڕەسمی نانخواردنی ئێوارە لە ماڵی «کاترین گراهام»، بەندەر رۆڵگێڕی واشنتۆن بوو، نەك دەزگای هەواڵگری ناوەند.

## بەندەر ئیدارەی واشنتۆن دەدات !

ماڵە فراوانەکەی بەندەر و ژیانی بێ سنوری، بلیتێك بوو دەیتوانی لە واشنتۆن هاتوچۆی پێ بکات. چاوپۆشین لە گەمژەییەك کە وەك دیموکراسی و دنیای ئازاد دەناسرێت، واشنتۆن کۆمپانیایەکە بەندەر لەسەر کورسی

ئەنجومەنەکەی پاڵی داوەتـــەوە، ئەگەر بتەوێت لە بازنەکەی بچێتەدەر، نەفرەتت لێدەکرێت، کەوایە باشترە بەپێی ڕێساکەی یاری بکەی.

لە هەر باسێکدا کە ئەمەریکاو عەرەبستانی سعودییە تێیدا ئامادەن، دەبێت کەسێك بێت لە هەر کەمپێك پێگەیەکی هەبێت تابتوانێت بە باشی پەیوەندی بە هــەردوولاوە بکات، بە ئاسانی مامەڵەی لەگەڵ دوو کەلتور هەبێت. دەبێت بەرادەیەك توانای هەبێت کە خەڵك شوێن هاوبەشی کردنی بکەون. دەبێت ئاگای لە هەموو وردەکاری و ئاکامەکان بێت.

تەوەری واشنتۆن - ریاز کەسێکە بە ناوی بەندەر بن سوڵتان عەبدولعەزیز. شازادە بەندەر لە لیستی خانەدانی دەسەڵاتداری (سعودی) لە کەسانی پلە نزمە. سەرەڕای باوکی وەزیری بەرگرییە، دایکی خزمەتکاری ماڵان بوو، بەڵام واشنتۆن بەردەوام گرنگی بە پارە دەدات و نەك ئەسڵ و نەسەب.

## موسڵمانیەتی بە مەسعەدەی سکۆتلەندی و جگەرەی کوبایی

بەندەر لە ڕۆژێکی ساڵی 1983 و لە تەمەنی 34 ساڵی وەك باڵیۆزی عەرەبستانی سعودییە لە ئەمەریکا دامەزرا. ئەوکاتە هاوڕێی زۆر و کەسێك بوو کاریگەری بەسەر

خەڵکەوە هەبوو، لە سەردەمی لاوی فڕۆکەوانێکی شەڕانی و کەسێکی شەڕانگێز بوو. بەندەر موسڵمانێکە بە مەسعەدەی سکۆتلەندی و جگەرەی کوبایی کە بەردەوام پلە و پۆستی هەبووە. بەندەر وەك ڕۆڵگێڕێکی نایاب خۆی سەلماند.

## فڕۆکەی ئەواکس و یەکەم زەربەی بەندەر

بەندەر لە ساڵی 1981 وەك هۆگری سەربازی عەرەبستانی سعودییە لە ئەمەریکا شۆڕشێکی هەڵگیرساندو توانی سەرەڕای نارەزایی تورە ئاسای ئەیپك - بەهێزترین لۆبی ئیسرائیلی لە واشنتۆن، رەزامەندی کۆنگرە بۆ فرۆشتنی فڕۆکەی «ئەواکس» بە عەرەبستانی سعودییە وەرگرێت.

بەپێی توێژینەوەی رۆژنامەی واشنتۆن پۆست لە ساڵی 2002، بەندەر لەسەردەمێکدا توانی قەرزەکانی عەرەبستانی سعودییە بە راسپاردەی پەڕینەوەیەکی نهێنیانەی 10 ملیۆن دۆلاری لە بانکی ڤاتیکان بدات کە باڵیۆز بوو.

ئەم راسپاردە نهێنیانە بە داوای دەزگای هەواڵگری ناوەند ئەنجامدرا، کە ئەوکاتە «ویلیام کیسی» سەرۆکی بوو تا کریستیانیانی دیموکرات سود لەو شەڕە لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی ئیتاڵی وەربگرن.

بەندەر لە حوزەیرانی 1984 باسی یەکەم 30 ملیار دۆلاری خانەدانی دەسەڵاتدار (سعودی) کرد، تا «ئۆلیڤەر نورپ» بتوانێت چەك بۆ شۆڕشگێڕشەکانی «کۆنترا» لە نیکاراگوا بکڕێت.

**میوانداری هەیفا بەندەر لە کچە تەڵاق دراوەکەی بۆش لە کاتی خۆیدا**

بەندەر بەشێوەی کەسیشی باش درەوشایەوە. کاتێك جۆرج دەبلیوو بۆش کۆتایی تشرینی دووەمی 1990 سەردانی عەرەبستانی سعودییە کرد تا چاوی بە هێزەکانی بکەوێت، کە بۆ وەرگرتنەوەی کوێت ئامادە دەبوون، «شازادە هەیفا» هاوسەری بەندەر، «دۆرتی» کچە تازە تەڵاق وەرگرەکەی جۆرج بۆش و منداڵەکانی بۆ جەژنی سوپاسگوزاری میوانداری باخەکەی بەندەری کرد لە ویلایەتی ڤێرجینیا. کاتێك جۆرج بۆش دوای چەند ڕۆژ جەژنی سوپاسگوزاری سەردانی بەندەری کرد، لەکاتێکدا فرمێسك لە چاوەکانیدا قەتیس مابوو بە بەندەری وت: « ئێوە مرۆڤی خێرخوازن.»

**پێدانی نازناوی بۆش بە بەندەر !**

لە کاتی سەفەری هاوینی بەندەر بۆماڵی بۆش لە

«کینگپۆرت» لە ویلایەتی «مین»، خێزانەکە نازناوی «بەندەر بۆش»یان پێدا. بەندەر بۆش بۆ راوەماسی بانگهێشتی بەریتانیا کرا. بەندەر بڕی هاوکاری ملیۆنێك دۆلاری بۆ دروست کردنی کتێبخانەی سەرۆکایەتی کۆماری بۆش لە کۆلێژی «کۆلێژ ستەیشن» لە تەکساس دا. مەلیك فەهدی پادشای عەرەبستانی سعودییەش بە پێی پێشنیازی بەندەر، باربارا بۆشی بە ملیۆنێك دۆلار کۆمەك کرد بۆ چالاکیەکانی لە بەگژداچوونەوەی نەخوێندەواری، هەروەها ملیۆنێك دۆلاری وەك کۆمەك دا بە «نانسی رێگان» لە بانگهێشتی بەگژداچوونەوەی ماددەی هۆشبەر.

بەندەر سعودیەیی تاکە کەس نەبوو لە نوسینگەکانی سەرۆکایەتی کۆمارو دامەزراوەکانی تر بەدوای بەرژەوەندیەکانیەوە بوو. لە تشرینی یەکەمی 1983 «عەدنان خاشقچی» بازرگانی چەك 50 هەزار دۆلاری دا بە گەنجینەی سەرۆکایەتی کۆمار «جیمی کارتەر» لە ئەتلانتا، لە کۆتایی ساڵی 2002 شازادە «وەلید»یش نیو ملیۆن دۆلاری کردە هاوکاری دامەزراندنی سندوقی بۆرسی خوێندنی جۆرج هێربێرت واکربۆس لە ئەکادیمی فیلیپس. پێشتر «رودی جولیانی» 10 ملیۆن دۆلاری دیاری وەلیدی قبوڵ نەکرد.

## پەیوەندی بەندەر و کلینتۆن

لە سەردەمی سەرۆکایەتی کۆماری «بیل کلینتۆن» بەندەر چەند هەفتەیەکی لە کۆشکە شاخاویەکەی لە «سپن» بەسەر دەبرد. (50 هەزار مەتر چوارگۆشە، 32 ژوور، 16 پێشوازی تەندروستی، 55 ملیۆن دۆلار)، لە راستیدا ئەم دوو کەسە لە شێوازی ژیاندا جیاواز بوون. بەندەر شانازی بە رابردووی سەربازی خۆیەوە دەکردو هەمووجارێك لە دیداری کلینتۆن باسی ئەم بابەتەی دەکرد.

کلینتۆن لە رێگای هاوڕێیەکی لەگەڵ «شـازادە ترکی» سەرۆکی پێشووی زانیاری سعودی، لەودیوو دەرگـاوە پەیوەندی بە ریازەوە هەبوو. مێژووی ئەم هاوڕێیەتیە بۆ سەردەمی زانکۆی جۆرج تاوون دەگەڕێتەوە. راوێژکارانێك لە کۆشکی سپی هەموویان هەوڵیاندا کلینتۆن لە بەندەر دووربخەنەوە. دوا کار کە کلینتۆن بە نیازی بوو ئەوەبوو کاتی خۆی لەگەڵ شازادەیەکی زۆر دەوڵەمەندی عەرەبی بەسەر بەرێت.

## دەوری بەندەر لە تەقاندنەوەی تاوەرەکانی خوبەر

گۆڤاری نیوزویك جەختی کردەوە، بەندەر دەوری زەقی لە رازیکردنی لیبییەکان بۆ رادەستکردنەوەی 2 کەس لە هاوشاریانی خۆی بینی، کە بە دەست هەبوون لە رووداوی

ساڵی 1988 و تەقاندنەوەی فڕۆکەی پان ئێم 103 بەسەر ئاسمانی لۆکوربییەوە لە سکۆتلەندە تاوانبار کرابوون، هەروەها ئەم گۆڤارە بیری هێنایەوە کە بەندەر بە تەقاندنەوەی تاوەرەکانی خوبەر بە هاوکاری نوسینگەی «ئێف بی ئای» لە ساڵی 1996 هاوکاری وێرانکردنی بەرگری کرد لە عەرەبستانی سعودییە، چونکە لێکۆڵینەوە لە بابەت ئەم رووداوە دوای مردنی 19 سەرباز لەوێ بۆ زیاتر لە 5 ساڵ بە راگیراوی مایەوە.

بەندەر سودی لە توانای خۆی وەرگـرت بۆ رازیکردنی پادشا لە رووی پێدانی 23 ملیۆن دۆلار بە ناوەندی زانکۆی «ئۆرکانزاس» وەك دیاری، چونکە شارەداری ئۆرکانزاس (بیل کلینتۆن) وەك سەرۆك کۆمار هەڵبژێردرابوو. کلینتۆن لە ساڵی 1991 لە چاوپێکەوتنی لەگەڵ باڵوێزی سعودی گوشاری زۆری بۆ بە دەستهێنانی ئەو پارە بەکاربرد، لە تشرینی دووەم 1992یش بۆ هەمان مەبەست بە تەلەفۆن قسەی لەگەڵ مەلیك فەهد کرد.

ئەو پارانە لەدوو رێگاوە رادەست دەکرا: 3 ملیۆن دۆلار لەسەرەتاو باقیەکەی دوای10 هەفتە. کاتبەندی زۆرگرنگ بوو.

بەندەر بن سوڵتان، بەپێی ریتمی چالاکیەکانی لە کۆتایی هەر حکومەتێك، هەموو ئەندامانی کابینەی کلینتۆنی بۆ نانی ئێوارە لە ریستۆرانتێك میواندری دەکات، کە بۆخۆی هەڵیبژارد.

## «بەندەر بۆش»میوانی هەمیشەیی کلینتۆن لە کۆشکی سپی

لە قۆناغی دووەمـی سەرۆك کۆماری بۆش، بەندەر بەشێوەیەکی سەرسامکەر وازی لە کۆشکی سپی هێنا، ڕێك وەك ئەوکاتەی کە بەریتانیەکان لە ساڵی 1814 ئاگریان تێ بەردا. خۆی بۆ میوانێکی هەمیشەیی سەرۆك کۆمار گۆڕی، دیارە هەموو حەز بە دواندنی دەکەن، لە کانونی یەکەمی 1997 جیمی و روزالین کارتەرو بۆشی باوك سەردانی کۆشکی بەندەریان کرد لە قەراخ رووباری «پوتۆماك» و بەشداری ڕێوڕەسمی 25 ساڵوەگەڕی هاوسەرگیری ئەو و هەیفایانکرد. پاش 2 ساڵ کە نیلسۆن ماندێلا سەردانی واشنتۆنی کرد، بەندەر بە شانازی ئەو لە کۆشکی «مکلین» میوانداریەکی سازکرد کە تا بەرەبەیان درێژەی کێشا.

لە نیسانی 2001، «یاسر عەرەفات» داوای لە «شازادە عەبدوڵڵا»ی میراتگری پادشایەتی سعودی کرد شکات لە ئیسرائیل بکات، چونکە سەربازەکانی تەقەیان لە کاروانی ئۆتۆمبیلی بەرپرسانی فەلەستینی کردووە. عەبدوڵڵاش ئەو داوایەی گەیاندە بەندەر کە پەیوەندی بە دیك چینی و کۆلین پاوڵەوە هەبوو.

پاوڵ لە کۆتایی ساڵی 1970 لە ڕێگای «دیڤید جۆنز»ی سەرۆکی دەستەی فەرماندەیی هاوبەش و هاوڕێی

بەندەر لە یاری تێنس، بەندەر بن سوڵتانی ناسی. پاوڵ ئەوکاتە گفتوگۆیەکی یەك سەعاتەی لەگەڵ عەرەفات و شازادە عەبدوڵڵا هەبوو.

## سعودیەکان و تیرۆریزم

ئەم بابەتە لە ناوەڕاستی ساڵی 2002 دزەی کردە ناو رۆژنامە نوسانەوە کە سیاسەتی بەرگری نیمچە فەرمی ئەنجومەن بە سەرۆکایەتی «ریچارد پـرۆل»، لەسەر ئەو کاروبارە وەستاوە کە بابەتەکە دەگاتە «تیرۆریزم» عەرەبستانی سعودییە دۆستمان نییە. وردتـر، لەم راپۆرتەدا جەختکراوەتەوە کە «عەرەبستانی سعودییە بۆخۆی دنیای عەرەبی خاپوور کردووە و قەیرانەکانی عەرەبی دەگوازێتەوە». سعودیەکان لە هەموو ئاستێکدا تیرۆریستی کارایان هەیە و نەخشەکێش، پاڵپشتی دارایی و هاندەری ئەم تێڕوانینەن».

پـاوڵ جارێکی دیکە بۆ مـاوەی چەند سەعاتێك بە تەلەفۆن قسەی کرد تا بۆ بەندەرو کارگێڕیەکەی دوپاتی بکاتەوە، کە ئەمجۆرە مەسەلانە هەڵوێستی فەرمی حکومەتەکەی بۆش نییە. جۆرج بۆش بۆ بەهێزکردنی ئەم بابەتە بەندەری بانگهێشتی کێڵگەی خێزانیەکەی خۆی کرد لە «کروفۆرد» تەکساس. زیاتر ئەمجۆرە میوانداریانە لە سەرۆکانی وڵاتان دەکرێت.

پێدەچێت سیاسەتی بەرگری ئاسایش، سەرقاڵبوونی سەرەکی «هنری کەیسنجەر»ە، کە عەرەبستانی سعودییە درووستی کرد و بۆ ماوەیەك سەرۆکایەتی کۆمیتەی شریتی ئـاوی لە ئەستۆ گـرت. ئەم کۆمیتە بەرپرسی لێکۆڵینەوە بوو لە هەڵەی زانیاری کە مایەی سەرهەڵدانی کارەساتی 11/9 بوو. دەبوو پێش بە ئەستۆوە گرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە دەست لە کاربکێشێتەوە، چونکە چەند سعودییەك لە لیستی لێکۆڵینەوەکەی دان.

## ریسوایی هاوکاری هاوسەری بەندەر بۆ ئەلقاعیدە

کاتێك وترا هەیفا هاوسەری بەندەر - بەشێوەیەکی نائەنقەستانە - هـاوکـاری دوو کـەس لە رفێنەرانی (فڕۆکەکانی 11ی ئەیلولی) کرد کە لە (سان دیگۆ) نیشتەجێ بن، پاوڵ لە 28ی تشرینی دووەمـی 2002 سەردانی دەزگای هەواڵگری ناوەندی کرد تا بەرگری لەو دوو شازادەیە بکات.

پاوڵ لە وتوویژێك لەگەڵ «میشێل کیلمەن» وتی: «ساڵانێکە شازادە بەندەر و هەیفا دەناسم و لەوباوەڕەدام کە هیچ کارێك ناکەن پشتگیری بێت بۆ هەر کەسێك، یان رێکخراوێکی تیرۆریستی، بەڵام بابزانم راستییەکە چییە».

ئایا بەندەر هێڵی پێشەوەی تێکشکاند؟ ئایا حکومەتی بۆش هەوڵدەدات پەیامەکانی کۆدکاری کراو بنێنرێت؟

ڕەنگە بەم شێوەیە بێت، بەڵام پاوڵیش هەوڵیدا ئەو مەسەلەیە پووش بەسەر بکات کە هەبوو.

## میوانداری بەندەر بۆ ژنانی کەسایەتیە گرنگەکانی ئەمریکی

شازادە هەیفا لە سەرەتای ئازاری 2001، هەشتا ژنی بەناوبانگترینانی واشنتۆنی بۆ نانی ئێوارە دەعـوەت کرد. هاوسەرانی کەسایەتیەکانی وەك دۆناڵد رامسفێڵد، کارمەندانی ئەندرۆ کارد، «پۆل ئۆنێل» وەزیری خەزنەداری و «کلارنێس تۆماس» و «ئەنتۆنی کەنەدی» دادوەری دادگای باڵا، لە خەرواری داوەت کراوان مشتێك بوون. «ئۆڵما پاوڵ» میوانی شانازی پێوەکراویش بوو.
ئەم مەسەلەیە لە واشنتۆن ئاسایی بوو، بەڵام ئەم کارە بۆ من بە گەورەترین مەسەلەی نەخافڵکەر دادەنـرا. هاوکاریەکانی هەیفا هاوسەری بەندەرو ئەو پارانە هاوکاری خێرخوازی بوو کە گەیشتە دەست تیرۆریستەکان. شازادە هەیفاو هاوسەرەکەی هاوکاریەکی دارایی زۆریان بۆ ئەم مەبەستە کردە دیاری. (!)
بەڵام کەسێك چۆن دەتوانێت دڵنیابێت کە ئەم پارانە ناگەنە دەست توندڕەوەکان؟ وەرە شێلگیرانە لەم مەسەلانە بڕوانین، دواجار کەی بوو کە داوامـان لە عەرەبستانی سعودییە کرد لێکۆڵینەوە لە هەموو ئەو مەسەلانە بکات؟

سەرەڕای هەرشێوازێکی بیرکردنەوەمان بۆ کۆمەڵە خێرخوازیەکانی سعودییە، ساڵانێك درێژە بە چالاکیەکانی خۆیان دەدەن بەبێ ئاوڕدانەوە لە ئێمە، لە پەلامارەکانی وەك 11/9، هیچ کەس نەی دی کە (تیرۆریستەکان) دێن، چونکە کەس نەی دەویست بیان بینێ.

## پشتگیری کۆمەڵە خێرخوازیەکانی سعودییە لە ئەلقاعیدە

لە ئازاری 2002 واتە ساڵ و نیوێك دوای هاوکاریەکانی هەیفا، هێزەکانی وەزارەتی دارایی - نوسینگەی ویلایەتی ڤێرجینیا - پەلاماری 4 کۆمەڵەی خێرخوازی سعودیەیان دا: دامەزراوەی SAAR، الصفاو، توێژەرەوەی نێودەوڵەتی تێڕوانینە ئیسلامیەکان IIIT و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی رزگاری ئیسلامی (دەستەی نێودەوڵەتی رزگاری ئیسلامی)، هەروەها لەم چالاکیەدا، پەلاماری نوسینگەی ناوخۆیی «یەکێتی دنیای ئیسلامی» درا، کە عەرەبستانی سعودییە پاڵپشتی دارایی دەکات. ئەم کۆمەڵانە چەك و پارەیان بۆ بن لادن دەنارد. بەندەر لە قۆناغێکی درێژماوە و بە بەڵگەی مرۆیی هاوکاری ئەم 5 دامەزراوە خێرخوازیەی کرد، لە کاتێکدا بەرپرسانی وەزاراتی دارایی و شارەزایانی دیکە دەیانتوانی هۆشداری مەترسی ئەم کۆمەڵانە بدەن. «ماتیۆ لیۆیت» ئەندامی دیاری توێژەرەوەی

سیاسەتەکانی خۆرهەڵاتی نزیك لە واشنتۆن، لە 1ی ئابی 2002 لە وتارەکەی لە بەردەم کۆنگرە وتی: «تاریق حەمەدی» کارمەندی کۆمەڵەی IIIT بۆخۆی پاتری تەلەفۆنی سەتەلایتی داوەتە بن لادن.

«محەمەد جەمال خەلیفە» زاوای بن لادن، نوسینگەی دەستەی نێودەوڵەتی رزگـاری ئیسلامی لە فلیپیین بەڕێوەبرد و لەوێوە پارەی بۆ ئەلقاعیدە نارد، لەگەڵ چالاکی نایابی پۆلیسی هیند، «ابو ناسر»ی کارمەندی دەستەی نێودەوڵەتی رزگـاری ئیسلامی، نەیتوانی کونسوڵگەری ئەمەریکا لە کەلکەتە بە سەرکەوتوویی بتەقێنێتەوە.

شازادە بەندەر لە گفتوگۆ لەگەڵ PBS دەربارەی ئەو کێشانەی کە عەرەبستانی سعودییە بە ناردنی پارە بۆ هەموو ناوچەکانی دنیا، وتی: دەتوانین بەردەوام پارە بۆ ئەوروپا و ئەمەریکا بنێرین، بەڵام ئەم پەیوەندییە لە ئەمەریکا دەبڕدرێت.

هاوسەری بەندەر نزیکەی 130 هەزار دۆلار هاوکاری دوو لە ئەنجامدەرانی پەلامارەکەی 11ی ئەیلولی کرد. سعودیەکی نەناسراویش بڕی 550 هەزار دۆلاری کردە هاوکاری بۆ مزگەوتێك لە «سان دیگۆ» کە وەك بارەگایەك بۆ رفێنەران (فڕۆکەکان لە 11ی ئەیلول) دادەنرا، بەشێوەیەك کە لە راپۆرتی نوسینگەی ئێف بی

ئەی دا هاتووە، تێچوونی پەلامارەکانی 11/9 سەرووی 500 هەزار دۆلار زیاتر کەوتووە.

بە دیوێکی دیکەدا بەندەر - یان سعودیەکی دیکە - پارەی خۆی خەرج دەکات، تا 19 توندڕەو خەڵك و زیاتر لە 3 هەزار کەس بکوژن.

ئێمە هەرگیز تێ ناگەین کە پارە بە کوێدا دەنێردرێت، مەگەر سعودیەکان بڕیار بـدەن لە لێکۆڵینەوەدا هاوکاریمان بکەن.

لە تشرینی یەکەمی 2002 کۆمەڵێك لە ئەمەریکا بە سەرۆکایەتی «ئـالان لارسـۆن» جێنشینی وەزیـری راوێژکاری حکومەت لە کاروباری ئابووری چووە ریاز. بە رواڵەت ئەم سەفەرە گوشارکردنە سەر سعودیە بوو بۆ زیاتر چاودێری کردنی کۆمەڵە خێرخوازی و تۆڕەکانی دارایـی هاووڵاتییانی وڵاتەکەی، بەڵام بەهەمانشێوە کە «جفت گـرت» و «جۆدێت میلەر» لە رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز وتیان چیرۆکەکە لێرەدا کۆتایی نایەت: «چەند بەرپرسێکی جێبەجێکردن لە روونکردنەوەی قەیرانی بـەردەوام کە واشنتۆن و ئەمەریکا و نەوتی عەرەبستانی سعودییە رووبـەڕووی بوونەتەوە، وتییان لارسۆن لە بەرنامەکەی خۆی بەندێکی دیکەی هەیە. دەیەوێت زامنی بکات کە عەرەبستانی سعودییە ملیۆنان بەرمیل نەوتی دیکە دەنێرێتە بازاڕی جیهان، چونکە لە

ئەنجامدا پەلاماردانی عێراق بە فەرماندەیی ئەمەریکا، قەیرانی ئابووری لێ کەوتەوە. «مەپرسە، مەڵێ و ئاگات لێ نەبێت» و پێش هەرشتێکی دیکە هیچ لە بارەی شەڕەوە مەڵێ و پارێزگاری لە هەناردەکردنی نەوت بکە. سعودیەکان هەمیشە هەقییانە.» !

ریاز پارەیەکی زۆری نەوتی بە دەستەوەیە و واشنتۆنیش لیکی دەمی هاتۆتەخوار. دامـەزراوە حکومیەکانی واشنتۆن ئارەزوو ناکەن سەرنج لە راستیەکان بدەن، بەڵام چڕبوونەوە لەسەر پارە، یان پارەو نەوت ئەم کارەساتەی لێ دەکەوێتەوە. ئاوێتە بوونی واشنتۆن و ئال سعود زۆر پتەوە. ئەم کارە وەك بایەکە کە لە رێی جوگرافی سیاسی، جەنگی جیهانی دووەم، تەسکبین و بەگژداچوونەوەی کۆمۆنیزم، رێگای خۆی کردۆتەوە.

«فرانکلین رۆزفلێت»، «محەمەد بن سعود»، «محەمەد بن عەبدولوەهاب» و بانگەوازخواز «ئیبن تەیمیە» دەورێکی زەقییان بینی. سەرەنجام ئیبن تەیمیە هەموو تۆوێکی چاند: «ئیخوان موسلمین».

## نێهێنی کۆشکی سپی، بێ ئاگایی ئەمەریکا لە وەهابیەکان و ئیخوان موسلمین

## هەوڵدان بۆ ناسینی ئیخوان موسلمین

کاتێك لە نوسینگەکەم بووم لە باشوری هیند، چەند زیاترم دەخوێندەوە ئـــارەزووم بۆ ناسینی ئیخوان موسلمین زیاتر دەبێت. ئەوکاتە تارادەیەك شتێکم دەربارەی ئیسلام نەدەزانی. ئیخوان موسلمین لە شارێکی هیند قوتابخانەی هەبوو. ئەو قوتابخانەیە بە ناوەندێکی فێرکردن و چـارەسـەر دادەنـــرا. ئەندامانی ئیخوان ناوەندەکانی بازرگانی و دووکانی هیندیەکان دەسوتێنن، بـەڵام جوڵانەوەیان بە دەگمەن یـەك یـان دوو رۆژ بەردەوام دەبێت، بەڵام موسڵمانانی هیند سیاسەتکاران تیرۆر ناکەن و ئۆتۆمبیلی بۆمبرێژکراو ناتەقێننەوە.

میسریەك بە ناوی «حەسەن ئەلبەنا» گروپی ئیخوان موسلمینی لە ساڵی 1928 دامەزراند، تا بە پاڵاوتنی ئیسلام، میسر لە دەسەڵاتی بێگانەکان رزگـار بکات، لە ساڵی 1947 ئەم گروپە رووی لە توندوتیژی کرد و

پەلاماری کۆمپانیای جولەکەکانی دا لە قاهیرە. دوای ساڵێك، حکومەت قەدەغە بوونی ئەم گروپەی راگەیاند. ئەلبەنا دوای بیستنی ئەم هەواڵە وتی: «ئەگەر قسەکان لە گۆڕنرێن، دەستەکان دەمێننەوە».

لە 28ی کانونی یەکەمی 1948، ئەندامانی ئیخوان موسلمین ئەم پێشبینیەی حەسەن ئەلبەنایان لە رێگای تیرۆرکردنی سەرۆك وەزیرانی میسر پراکتیزە کرد. حکومەتی میسریش لە کاردانەوەیدا سەری مارەکەی بڕی کە لەئەنجامدا حەسەن ئەلبەنا لە ساڵی 1949 کوژرا، بەڵام ئەم مەسەلەیە دەمارگرژی زیاتری ئیخوان موسلمینی لێکەوتەوە. دوای تیرۆری بێ ئاکامی (جەمال عەبدولناسر) سەرۆك کۆماری میسر لە ساڵی 1954، ناسر هەموو دەرگاکانی بە رووی ئیخوان موسلمین دا داخست، لە ئەنجامدا ئەم گروپە بەشێوەی خەباتی ژێر زەمینی، یان لە مەنفا بەردەوام بوو.

## کۆچکردنی ئیخوان موسلمین بۆ سوریاو چوونە ئامێزی عەرەبستانی سعودییەیەوە

زۆربەی ئەندامانی ئیخوان موسلمین چوون بۆ سعودیە، دیارە نەك هەر هەموویان. هەندێکیش رایانکردە سوریاو ئەندامانی گەڕاوە لە میسر لە ساڵی 1930 لقێکییان لە سوریا دامەزراند، بەڵام لە کۆتایی 1980 سەرەنجام

حکومەتی سوریا توانی ئیخوان موسلمین لە ڕەگوڕیشەوە هەڵبکێشێت و جارێکی دیکە ناچاریان بکات بچنە عەرەبستانی سعودییە، هەندێکیشییان چوونە ئەڵمانیای خۆرئاوا (کە زەمینەیان بۆ دامەزراندنی گروپۆکە گەلێك بۆ پەلامارەکانی 11ی ئەیلول خۆشکرد). هەندێکیش لە دیمەشق و ناوچەکانی دیکەی سوریا مانەوەو بەشێوەی درێژەیان بە چالاکی ژێر زەمینی خۆیاندا.

ئەم بابەتە هەموو ئەو زانیاریەی بەردەست بوو کە دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا توانی لە ڕێگای پەیامەکان کۆی بکاتەوە. سی ئای ئەی هیچی ئەوتۆی دەربارەی ئیخوان نەدەزانی.

### بێ ئاگایی CIA لە ئیخوان !

پێموایە دەزگای هەواڵگری ناوەند، سەرچاوە، سیخوڕ، یان ڕێکخراوێکی (لە ناو ئیخوان موسلمین) نەبوو، چۆنیەتی چالاکی ئیخوان لە سوریاو سەرچاوەی دارایی ئەندامەکانی نەدەزانی، ڕاشکاوانە بڵێم کە سی ئای ئەی سەری لێشێوابوو.

## بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی ئیخوان، لە هیندستان

دەتوانین بڵێین ئیخوان موسلمین لە هیندستان وەك ڤایرۆس بڵاودەبێتەوە، پاشان لقەکانی ئیخوان لە ئەفەریقا، باشوری بیابانی گەورە، باشوری ئاسیاو ناوچەکانی دیکەی دنیا دامەزرا، بەڵام پێدەچێت کە کێشەی راستەقینە لە سوریایە. ئەم گروپە دەیتوانی لەگەڵ ئیسرائیل بچێتە پرۆسەی ئاشتیانەوە، یان پەکی ئەم پرۆسەیە بخات.

واشنتۆن دەیویست حافز ئەسەد بە فەرمی بڕوات. ئەسەد لە هەر پێکدادانێکی نێودەوڵەتی لەلایەن روسیاوە پشتگیری چەکوچۆڵی دەکرێت، بەڵام رۆیشتنی حافز ئەسەد واتە زاڵبوونی ئیخوان بەسەر سوریادا.

دەزگـای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا چۆن توانی بزانێت، کە ئایا ئیخوان دەرفەتی کۆنترۆڵکردنی سوریای هەیە؟ نەبوونی سیخوڕێك لە گروپی ئیخواندا، مەسەلەکە چاوەڕوان نەکراوو بوو.

شەوێك بە «نهێنی» لە لۆبی ئوتێل «ئینتەر کانتیننتاڵ» هیواداربووم کە بە ئامانجەکەم (ناسینی ئیخوان) بگەم، چونکە هاوڕێکانم لەوێ شکستییان خواردووە. دڵنیابووم کە «علی» هەموو شتێکم دەربارەی ئیخوان پێدەڵێت، لە راستییە ئاڵۆزەکان ئاگادارم دەکاتەوە. «عەلی» عەلەوی بوو، بەڵام پێموابێت لە مێژبوو بەهۆی کارەکەیەوە دەرفەتێکی بۆ ناسینی دوژمنەکەی دروست کردبوو.

ئـارەزووم لێبوو لەڕێگای سوریەکەوە لە ڕاستییەکان ئاگادار بم، بەڵام پێدەچێت ئەم کارە زۆر سەخت بێت، نەمدەزانی لە کوێ یەکێکییان بدۆزمەوە.

بۆ سبەی بەیانی زوو، پێش ڕۆیشتن بۆ دیمەشق چومە لای «تۆم توینان»ی سەرۆکی سی ئای ئەی، کە لە پەناو پەسیوێك بوو. کاتێك تۆمم ناسی کە لە دەهلی بووم. لەوێ نوێنەری (سی ئای ئەی) بوو. کەسێکی خوێن گەرم و پسپۆڕە. گومانم دەکرد کە خەریکە لە (سی ئای ئەی) دووردەکەوێتەوە و پێموا نەبوو ڕۆژێك ببێتە سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ناوەند، لە کۆتایی قۆناغی تۆم، مێردی خوشکەکەی لە تەقاندنەوەی فڕۆکەی پان ئێم 103 بە ئاسمانی لۆکەربی ئۆسکەتلەندا کوژرا.

من و تۆم بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ گفتوگۆمان لە بارەی ڕێگاکانی گەیشتنم بە سوریا کرد، بۆ گەیشتن بە فڕۆکەخانەی دیمەشق کە بەتەواوی لەژێر چاودێری دەزگـا ئەمنیەکانی سوریا دابـوو، بە نهێنی چوبووم، بەڵام ئەگەر بە ئۆتۆمۆبێلی کرێ لە عەمانەوە دەچوومە دیمەشق، دەمتوانی پێش ئاگاداربوونی سوریەکان لەم وڵاتە بچمەدەر. دوای ئەم بەرنامەیە، بەمجۆرە جێبەجێکرا.

## بەڵگەی بێ ئاگایی CIAی لە ئیخوان

دوای تەواوبوونی گفتوگۆکان، لە بارەی ئیخوان موسلمینی سوریا لە تۆمم پرسی، بەڵام خۆی لە پرسیارەکەم کەڕکرد، پاشان پرسیم: «ئایا ئەردەنیەکان بەهۆی بێزاریان لە سوریەکان، پەناوپەسیوو پارە دەدەنە ئیخوانەکان، ئەردەنیەکان لە بارەیانەوە دەڵێن چی؟». ئێمە بۆ ئاگاداربوون لە وردەکاری تین بۆ ئەردەنیەکان ناهێنین، هەرگیز کاری وەها ناکەن، ئیخوان موسلیمن بۆ ئێمە بە ئامانجێك دانانرێن».

تویتاڵ وتی: «دەزگای هەواڵگری دەربارەی ئیخوان موسلمین نییە». دەزگای هەواڵگری ناوەند بەپێی بڕیاری فەرماندەیی لە دەرەوە، سیخوڕی بە سەر وڵاتان، یان گروپە تیرۆریستەکانەوە دەکات. ناتوانم ئۆباڵ بۆ ئەم مەسەلەیە بکێشم، بەڵام دڵنیام کە روسیاو ئەردەنی کردۆتە سەر دەپەی خۆی.

لە روانگەی چالاکیەك، ئەفسەری ژێر چاودێری تویتان، شەو و رۆژ بە چاودێری دیپلۆماتەکانی روسیای بە سەر دەبرد، بەو هیوایەی کە یەکێکییان بۆ سیخوڕی بە قازانجی دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا بە کاربێنێت. ئیخوان موسلیمن ئامانجی شیمانەیی نییە، ئاسایشی پارەو کاتی خۆی بۆیان بە فیڕۆ نادات، هەروەها تویتان لە دەزگای هەواڵگری ناوەند رووبەڕووی کێشەی

کەلتوری ببوەوە. زۆربەی ئەفسەرانی بەساڵداچوو لە پڕۆتستانتەکانی قەفقازی بوون. بەمەش ئەگەر زانیاری و ئەزموونێکیشیان هەبوو، سەربازی بوو. ژمارەیەکی کەمییان زمانی عەرەبیان دەزانــی و کەسانێکیش زمانەکەیان زۆر خراپ بوو، کە بە عەرەبی قسەیان دەکرد. زۆربەی ئەو برادەرانە لە قسەکردن بە زمانی ئینگلیزی لاوازبــوون و دەزگــای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا نەیدەتوانی بە سەر کۆسپی زمان و کەلتوردا زاڵبێت.

ئەردەن نمونەیەکی تری وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین بوو. ئیخوان موسلمین لە دەرەوەی رووپەڕی راداری دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا بوو. هەندێك لە شارەزایان، لەکاتی بێ ئیشییان بە دوای مەسەلەی ئیخوان دەکەوتن. ئەم مەسەلەیە نەدەچووە ئیدارەی چالاکییەوە، بەمەش ئەو بۆچوونەیان بۆ سەرچاوەی چاپەمەنی ئەکادیمی کورت دەبێتەوە.

لەکاتی هەنگاوی جەمال عەبدولناسر بۆ سەرکوتکردنی ئیخوان موسلمین لە ساڵی 1954، ئیدی ئەو توانایە نەبوو کە ئەندامێکی ئەو گروپە بدۆزیەوەو بیدوێنی و ئەم کارە تاڕادەیەك نەشیاو بوو. خۆیان لە ژێر زەمینەکان حەشاردا.

عەرەبستانی سعودییە دوای ساڵی 1954 بووە چەتری ئیخوان موسلمین. ئەم گروپە وەك کتێبێك بوو کە بە رووی هەمووواندا داخرا. بەدەگمەن ئەکادیمیەکان و

ڕۆژنامەنوسان دەیانتوانی ڤیزای چوونەناو عەرەبستانی سعودییە وەرگرن. ئیسلامگەرایی بیرتەسك وەك چاڵێكی قوڵ و تاریك بوو. كاتێك كە ئوسامە بن لادن لە كۆتایی ساڵی 1990 دەركەوت، ئەمەریكیەكان زیاتر پێیانوابوو لە گۆڕ هاتۆتەدەر.

## پاڵپشتی عەرەبستانی سعودییە لە تیرۆریزمی ئیخوان بە ڕەزامەندی ئەمەریكا

ئەگەر بمەوێت بە ویژدان بم، ئەم كارە (بێ ئاگایی لە ئیخوان) هەڵەی دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریكا نەبوو. بەرپرسانی كۆماری تا قۆناغی جەنگی سارد نیگەرانی روسیاو دامەزراوەی ناوكیەكەی بوون، لەراستیدا دەزگای هەواڵگری ناوەند بـەردەوام سیخوڕی بەسەر رەوتی چەكی ناوكی، یان شیمانەی دروستكردنییەوە دەكرد.

## نهێنی گچكە و ناپاكی كۆشكی سپی

هەموو ئەو شەڕانە پەیوەندی بە كۆمۆنیزمەوە هەبوو، دەزگای هەواڵگری ناوەند نقوومییان ببوو. لانیكەم ئەم روونكردنەوە فەرمییە هەمانشتە كە واشنتۆن باوەڕی پێدەكات، بەڵام وەڵامی راستەقینە زۆر ئاڵۆزە. بەڵێ روسیا

هۆکارێك بوو بۆ سەرگەرم بوون و گەیشتن بە ئیخوان موسلمین زۆر بە زەحمەت، بەڵام سەرەنجام ئەوە هەمان نهێنی گچکە و ناپاك بوو لە واشنتۆن: «کۆشکی سپی ئیخوان موسلمینی وەك هاوپەیمانێکی بێدەنگ دەناسی. ئەندامانی ئەم گروپەی بە چەکی نهێنی دژی کۆمۆنیزم دەزانی.»

## پشتگیری عەرەبستانی سعودییە لە ئیخوان، کەی دەستی پێکرد

ئەم چالاکییە نهێنییە ساڵی 1950 بە «داڵاس - ئالین» لە دەزگای هەواڵگری ناوەند و «جۆن فاستەر» لە وەزارەتی دەرەوە دەستی پێکرد و ئەوکاتە رەزامەندییان لەسەر پشتگیری دارایی عەرەبستانی سعودییە لە ئیخوانی میسر دژی جەمال عەبدولناسر دەربڕی. کۆمۆنیست بوونی جەمال عەبدولناسر و سەرکێشیەکەی بە رادەیەك بوو کە واشنتۆنی نیگەران کرد. عەبدولناسر کۆمپانیا بازرگانییە گەورەکانی میسرو لەوانە کەناڵی سوێسی خۆماڵی کرد. چەکی لە روسیا کڕی و هەڕەشەی کرد کە ئیسرائیل دەخاتە دەریاوە. دەزگای هەواڵگری ناوەند لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە هیچ ئەنجامگیریەکی نەبوو هیچ یاداشت و ئاگاداریەکی لە کۆنگرە نەخستەڕوو. وەزارەتی داراییش بودجەی بۆ ئەو مەبەستە لە بەرچاوو نەگرت. بە دەربڕینێکی دیکە هیچ بابەتێك تۆمار نەکرا.

کۆشکی سپی تەنیا ئەو ئەرکەی لەسەر شان بوو گڵۆپی سەوز بۆ وڵاتانی وەك عەرەبستانی سعودییە و ئەردەن پێ بکات بۆ پشتگیری کردنی ئەم گروپە، کە ئیخوان موسلیمنیان داڵدە دابوو. ئەم کارە لە شەڕی ناوخۆی یەمەن لە ساڵی 1962 روویدا. ئەوکاتە جەمال عەبدولناسر پشتگیری حکومەتی یەمەنی کرد کە دژی ئەمەریکا بوو هێزەکانی بۆ هاوکاری کردنی ئەو وڵاتە نارد. واشنتۆنیش لە بەرامبەردا رەزامەندی بۆ پشتگیری ئیخوان موسلمینی لە یەمەن دژی میسریەکان راگەیاند.

بەوپێیەی تۆم تویتان وتی: «دوژمنی دووژمنم هەمیشە دۆستمە، لە خۆرهەڵاتی ناوین بە یەکەم بنەما دادەنرێت.»

دەزگای هەواڵگری ناوەندی ئەمەریکا سیخوڕی بەسەر ئیخوان موسلیمینەوە کرد، چونکە سەرەنجام لەوانەیە ئەو گروپە رۆژێك دژمان بێت. تۆم تویتان، یان هەر ئەفەسەرێکی دیکەی دەزگای هەواڵگری ناوەند لە خۆرهەڵاتی ناوین بەشێوازێك ئەم مەسەلەیە بە واشنتۆن بگەیەنێت. ئەرکی داهاتوو لە چینی نزمی «لانگلی» ئەوە بوو. دەزگای هەواڵگری ناوەند داوای لە بەشی دەرەوەی پاڵپشتی دارایی ئیخوان موسلمین کرد هەرجۆرە زانیارو دەقێك دەربارەی ئەم مەسەلەیە بفەوتێنن (دەقەکە سڕدراوەتەوە). لە ساڵی 1980 «زیبیگینۆ بیرجینسکی»

راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی داوای لە سەرۆك کۆمار (کارتەر) کرد گرێبەستێك لەگەڵ عەرەبستانی سعودییە واژۆ بکات. ئەمەریکا دۆلار بە دۆلار بگۆڕێتەوە و پارەی عەرەبستانی سعودییە بۆ بەریگریکارانی ئەفغانی سەردەمی داگیرکاری روسیا سەرەوژێر بێتەوە. (لە ساڵی 1981 عەرەبستانی سعودییە 5،5 ملیارد دۆلاری دا) و بەشی زۆرتری ئەم پارانە گەیشتە دەست ئەندامانی توندڕەوی ئیخوان موسلمین و لەوانە «عەبد سەیاف».

سەیاف سەرۆکی یەکیەتی ئیسلامی، کەسێکی ترسناك بوو گرنگیەکی زۆری بە پارە و چەك دەدا. قوتابیەکی کۆنترین و باشترین زانکۆی ئەزهەر بوو. ئیخوان موسلمین ئەرکی پێ سپاردبوو. سەیاف وتی وەهابیەکانی عەرەبستانی سعودییە هیچ راهێنانێکیان پێ نەکردووە، بەڵام لە واشنتۆن نە هیچ کەس ئاڵای سوری خۆی هەڵکرد و نە زەرد، تا ریاز تووڕە نەبێت، ئەگەر سعودیەکان و پاکستانیەکان بەشێك بوون لە گروپی «ئیخوان موسلمین»، حکومەتی واشنتۆن دەیوت ئەوە نرخێکە دەبێت بیدەی، بەمەش ئەو شیمانەیە هەبوو کە «کاری قێزەوون» بکەن، تەنانەت ئەگەر ئیخوان موسلمین لەوپەڕی خوێن ساردی خەڵك دەکوژێت، هەرکە گروپی ئیخوان بەگژ ئامێری شەڕی روسیادا چۆوە (بۆ پشتگیری کردن لە ئیخوان) بەسە. هەمیشە واشنتۆن بە بەڵگەی

چوونە ناو شەڕی بێ ماناوە بەخۆیەوە دەنازێت. بەمەش گەر گورزی سەرکەوتن لە هەیمەنەی روسیا بدرێت. ئیخوان موسلمین بە ڕێکەوتنێکی باش دادەنرێت.

«جۆن شکرافت» ئەوکاتە دادوەری باڵا بوو، بەڵام هەمووومان (دەقەکە سڕدراوەتەوە) خۆمان لە لیستێکی ئەلقاعیدەدا دۆزییەوە. ئێمە هاوکاری میللەتێکمان کرد بووە خراپترین دوژمنمان. بە خەیاڵم داهات کە ئەم وشانە لە دۆزەخ، یان ژوورێکی گرتوخانەی کەنداوی گوانتانامۆ دەنوسم.

**ئەندامانی ئیخوان بە چەکەوە دەچنە سوریا**

کاتێك بە ئۆتۆمۆبێلی کرێ بەرەو دیمەشق دەچووم، تێگەیشتم کە بـەرد هەڵدەیەوە ئەندامانی ئیخوان موسلمینیان لەبنە. چۆن دەتوانن لە وڵاتێکی پۆلیسی و ئاسایشی وەك سوریا بژین؟ چـۆن دەتـوانـن بە چەکەکانیانەوە لە ئـەردەنـەوە بچنە سوریا. بۆچی ئەردەنیەکان، یان میسریەکان هیچیان لەبارەی ئەم مەسەلەیە پێ نەدەوتین؟ ئەگەر بوونی ئیخوان موسلمین لە خۆرهەڵاتی ناوین راستبوو، تا ئەوکاتە لەوە ناگەین کە ئەم گروپە بڕیار نەدات بە شێوەیەکی ئاشکرا کارا بێت، کاتێك جەنەراڵ «عەلی»م بینی بە ئۆتۆمبیلێکی سەربازی جیبی روسی گەیشتە من. تێگەیشتم کە ڕۆیشتن

له ئەردەنەوە بۆ سوریا بە ئۆتۆمۆبێلی کرێ و ئەویش بەدرێژایی ڕۆژێك، کات بە فیڕۆدان بوو، لەگەڵ پاسەوان و سەربازانی چەکدار هاتە شوێنی پێك گەیشتنەکە، لە دووەم ڕۆژی سەفەرەکەم لەبارەی ئیخوانەوە لە جەنەراڵم پرسی. عەلی وەڵامی دایەوە: «چوزانم .. شێتن و کوشتن تاکە شتێکە کە دەیزانن.»

پرسیم: ئایا دەتوانن بە خواستەکانیان بگەن؟ وەڵامەکەی هەمان سەردانی خێرای سەنگەری تیرۆریستانی دیمەشق و بارەگاکانی هێزی ئاسمانی بوو کە دوای خاپوور بوون، نـۆژەن کرابۆوە. ئیخوان موسلمین ئەو بارەگایانەی بەهۆی ئۆتۆمبیلی بۆمبڕێژکراو تەقاندبۆوە. هەردوولای شەقامەکەی کۆتایی هاتوو بە بارەگای حافز ئەسەدی سـەرۆك کۆماری سوریا بەهۆی بلۆکی بتونی گەورە پارێزرابوو. بەرامبەر باڵوێزخانەی روسیاش بارودۆخ هەمان تاس و حەمام بوو. زرێپۆشەکانیش لە شەقامەکاندا دەهاتن و دەچوون. پۆلیسیش بە ڕێکەوت هاووڵاتییان و ئۆتۆمبیلەکانیان دەپشکنی.

ڕۆژی دووەم دیمەشقم بەجێهێشت، لە کاتێکدا «علی» هیچی لەبارەی ئیخوان موسلمین پێ نەوتم، هەروەها دەربارەی ئایینی خۆی و پەرجوویەکی نەهێنایە سەر زمان، کە مایەی مانەوەی حافز ئەسەد بوو لە دەسەڵات بۆ ماوەیەکی زۆر. دڵنیام حکومەتی (ئەمەریکا) چوونم

بۆ دیمەشق بە ئەرکێکی سەرنەکەوتوو دەزانێت، بەڵام سەفەرەکەم بۆ خۆرهەڵاتی ناوین بۆ (ناسینی) ئیخوان موسلمین بوو. هێشتا ئەو گروپە بۆ من مەتەڵێکە کە دەبێت هەڵبهێنرێت. مەسەلەیەك هێشتا روون نییە، تەنانەت ئەگەر ئەسەد بە سەرکەوتوویی ئیخوان موسلمین تێکبشکێنێت، جارێکی دیکە بە ئاسودەیی ناگەڕێنەوە ئەشکەوتەکانییان.

## رووداوی تیرۆری سەرنەگرتووی حافز ئەسەد بە دەست ئیخوان

ئیخوان موسلمین هەوڵیدا لە 25ی حوزەیرانی 1980 ئەسەد تیرۆر بکات. نازانم توانیان چەند لێی نزیك ببنەوە. رۆژێك دوای نیازخراپی بۆ گیانی ئەسەد، خەڵکی دیمەشق بە دەنگی هێلیکۆپتەرەکان و جموجۆڵی زۆری بارەگاکانی خۆرئاوای ئەم شارە لە خەو هەستان. هێلیکۆپتەرەکان لەو رۆژەدا تاکە هێزی گاردی تایبەتییان بەرەو خۆرهەڵات و گرتووخانەی ناوەندی «تەدمر» گواستەوە. بەرپرسان و ئەندامانی ئیخوان موسلمین لەو گرتوخانانەدا راگیرابوون. دوای کردنەوەی دەرگای گرتوخانەکە، ئەندامانی ئیخوان بۆ لە سێدارەدان گوازرانەوە گرتوخانەی تر. سەرەڕای لە سێدارەدانی سەدان کەس لە ئیخوان، پاشەکشەیان نەکرد.

له 6ی تشرینی یەکەمی 1981 جیهان شایەتی کارەساتێکی خوێناوی بوو. ئەوکاتە جیهادی ئیسلامی لە میسر - ناوەکەی دیکەی ئیخوان موسلمین - ئەنوەر ساداتییان تیرۆر کرد. هەرگیز ئەو دیمەنە لە بیرناکەم کە چەندینجار لە تەلەڤیزیۆن دوبارە بۆوە. ئەم پەلامارە بە نوێژی نیوەڕۆ و لە بەردەم کامیرای میدیاکان، لە کاتی سازدانی ڕێوڕەسمی تێپەڕینی ریزی سەربازی ئەنجامدرا، لە کاتێکدا هەموو پاسەوانەکانی سادات بێ ئاگا بوون. رەنگیشە هەموویان دەیانزانی کە دەکوژرێن، لە ساڵی 1983 گروپی ئیخوان موسلمین جارێکی دیکە بەناوی جیهادی ئیسلامی وەزیری وڵاتییان تیرۆر کرد، لە ساڵی 1995 هەوڵیاندا حوسنی موبارەك لە کاتی سەفەر بۆ ئەسیوپیا تیرۆر بکەن. دوای دوو ساڵیش ئەندامانی ئیخوان پەلاماری کۆشکی ئەلئەقسەریاندا کە لە ئەنجامدا 58 گەشتیار و 4 میسری کوژران، لە راستیدا ئیخوان موسلمین هەر ئەو کەسانە بوون کە بەناوی «ئەلقاعیدە» لە 11ی ئەیلولی 2001 پەلاماری نیۆیۆرکیاندا. ئەم چالاکییە بە هاوکاری «ئوسامە بن لادن» و هەمان تیم ئەنجامدرا کە لە یەمەن، ئەفغانستان و وڵاتانی دیکە چالاکی قێزەونیان کرد. ئێستا چالاکی قێزەونیان لە وڵاتەکەماندا (ئەمەریکا) ئەنجامدا، لە کاتێکدا لە عەرەبستانی سعودییە نیشتەجێن.

**خەرتووم - سودان کانونی دووەم 1985**

دوای تیرۆرکردنی سـادات، بڕیارمدا گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکی سەربە ئیخوان موسلمین بکەم. چونکە بێجگە لەمە چۆن دەتوانین هەر کاتێك ‌بمانەوێت لە ناویان بەرین؟ نەمتوانی لە دەرفەتێکی نزیك زانیاریم لە سەر ئەو مەسەلەیە هەبێت، بەڵام هیوادارم دەرفەتێك بۆ بە ئاگابوون لێیان بە دەستبهێنم.

ڕۆژێکییان کە لە «جۆرج تاون» (واشنتۆن) بووم، چوومە سەردانی نوسەری کتێبی «شێرە باڵا بەرزەکان». ئەوکاتە کتێبێکی بە زمانی عەرەبی دەخوێندەوە. «خالد» خەڵکی سودان و قوتابی باڵای یاسا بوو. ماوەیەکی زۆر دواین تا ڕێکەوتین فێری عەرەبیم بکات. دەبوو فێربووبام و ئەویش پێویستی بە پارە بوو. خالد هاوسەرو منداڵەکانی لە سودان هێنابوو ئیدارەدانی ژیان بۆی سەخت بوو، بەڵام خالد ئەو عارەبیەشی لێ تێکدام کە پێشتر دەمزانی. کێشەکە لێرە دابوو کە میتۆدی وانەوە وتنەوەی کۆن و کلاسیکی بوو. خالد بڕوانامەی پسپۆڕی شەریعەتی ئیسلامی هەبوو.

هەرچەند لە فێربوونی زمانی عەرەبی سەرکەوتوو نەبووین، بـەڵام بووینە هاوڕێی یەکتری. هاوکاری خالدم کرد کۆتایی نامەکەی خۆی ڕاست بکاتەوە، فێری شوفێریم کرد، تەنانەت کاتێك کە بۆ ئەرکێك نێردرامە

تونس، ئۆتۆمبیلە کۆنەکەی خۆمم بۆ بەجێهێشت. یەکەم ئۆتۆمبێلی کڕیاریم بوو. لانیکەم هەفتەی جارێك بۆ نانی ئێوارە دەچوومە سەردانی خالدو خێزانەکەی لە ماڵەوەیان لە ناوچەی «ئادامز مۆرگان».

دوای گـەڕانـەوەم لە تونس، خالدم نەبینیەوە و شوێنەواری نەمابوو. هیچ هەواڵێکیم نەبوو تا لە کانونی دووەم 1985 بە ئەرکێك چوومە خەرتووم و وێنەکەیم لە رۆژنامەیەکی ناوخۆییدا بینی. ببوە قازی دادگایەکی ئیسلامی نوێ لە سـودان. رۆژنامەکەم فڕێدایە سەر زەوی و یەکسەر چوومە سۆراخکردنی. گەڕان بە دوای هاوڕێیەکی دێرین لە خەرتوم زۆر زەحمەتە.

کاتێك لە پۆلیسی ئایینی بەردەم دەرگای دادگا لە قازی خالد پرسیم و وتم هاوڕێی ئەوم، یەکسەر دەرگاکەیان بەروومدا داخست. بوونی بێگانەیەك لە خەرتوم و ئەویش لە هۆڵی دادگا زۆر بە دەگمەن روودەدات. چوومە ژووری چاوەڕوانی، لە کاتێکدا کارەبا بڕابوو، کە ویستم لەوێ بچمەدەر دەنگێکم لە هۆڵی دادگاکە بیست و بە خەیاڵم داهات دەنگی خالد بێت، بەڵام لەو مەسەلەیە دڵنیا نەبووم، چونکە هەرگیز نەم بیستبوو بە دەنگی بەرز بدوێت و هەمیشە هێمن و بە ئەدەبەوە دەدوا.

لەنەکاو دەنگە بڕاو دوای چرکەیەك حەشاماتەکە بڵاوەیان لێکرد. خالدیش لە کاتێکدا پۆلیسێك یاوەری دەکرد لە دادگا چووە دەرێ و جلی چڵکنی لەبەر دابوو. خالد بە دیتنم حەپەساو یەکسەر رایکردە لام و لە ئامێزی گرتم - ئیزنبدە لێرەدا راوەستم، پاشان نانمان خوارد و پێی وتم: «جەنابی باب، دەتوانی بمێنیەوە؛ دەست بە خوێندنی زمانی عەرەبی دەکەینەوە»، پاشان تا هۆڵی دادگا یاوەریم کرد و لەسەر کورسیەکی دادگاکە دانیشتم. هاواری کرد، وادەهاتە بەرچاو کە شتێك روویداوە. ئامادە بووان وەستان، لەکاتێکدا لە رووخسارم رادەمان گوێیان لە قسەکانی خالد دەگرت.

لەوێ پیاوێك لە قەفەسێکی داردا راوەستابوو کە وەك «سندوقی هاکی» دەهاتە بەرچاو. وەها بە زەینم داهات پارێزەری نییەو دادگاکە دەستەی دادوەری لێ نییە، کە خالد دەستی بە قسەکانی کرد تێگەیشتم بەیانی ئەو رۆژە بەهۆی دزینی قاپوقاچاخەوە لە بازاڕ گیرابوو، لە پڕ خالد دەنگی هێواش کردەوەو وتی: «بسم الله الرحمن الرحيم. بەهۆی دزییەوە بە تاوانبارت دەزانم و بڕیار دەدەم 20 جلّدت لێ بدەن. بە ئاماژەی خالد دوو پۆلیس قۆڵی پیاوەکەیان گرت و لە دادگا بردیانە دەر.»

بە چوونە دەری پۆلیس و کەسی تاوانبار، دادگا شێوا، نزیکەی نیوەی ئامادەبووان هاواریان دەکرد کە دادگاکە

دادپەروەرانە بوو، نیوەکەی دیکەش هاواریان دەکردو دەگریان. بێگومان خزم و هاوڕێی ئەو کەسە بوون، لەکاتی چوونە دەر لە دادگا دیتمان کە ئەو بڕیار بەسەردا دراوەیان بە دارێکەوە بەستبۆوە تا بڕیاری دادگا جێبەجێ بکەن.

لە رێگای چوونەوە ماڵی خالد هیچمان نەوت. خالد بۆتە کەسێکی ناجێگیرو زۆر لە هەموو شتێك دوورکەوتبۆوە کە لە ئەمەریکا لە یاسا فێری ببوو.

خالد پێی وتم: «باب، هەروەك دەزانی، لە سودان هیچ چارەیەك نییە. ئێمە لە وڵاتێکی زۆر هەژارو نائارام دەژین. بۆیە ئەگەر کۆنترۆڵی بارودۆخەکە لە دەست بدەین کار لەکار دەترازێت، وەك ئاژەڵ دەژین .. ئێمە سیستەمی یاسایی ئێوەمان نییە، کەوایە تکا دەکەم وەك ئەمەریکیەك تەماشای ئەم مەسەلەیە مەکە.»

لێم پرسی: چۆن دەزانی خەڵك چییان دەوێت؟

وتی: «هیوادارم تێ بگەی سودانیەکان خەڵکانی دواکەوتوون، رواڵەتی لە قورئانی پیرۆز گەیشتوون. دەزانی خەڵکانی نەخوێندەوار کە نەخۆش دەبن چ دەکەن؟ لاپەڕەیەکی قورئانی پیرۆز دەدڕێنن و لە ئاودا دەیکولێنن تا مەرەکەبەکەی بتوێتەوە؛ پاشان ئاوەکە دەخۆنەوە کە پێیانوایە (دەرمانی) نەخۆشیەکەیانی پێوەیە. باوەڕیانوایە ئەم کارە چارەسەرییان دەکات.

دەبێت بە توندوتیژی رووبەڕووی ئەو خەڵکە ببیەوە».
.. «رێبدە بڵێم کە چۆن زانیم ئەو پیاوە قاپوقاچاخی دزیووە. پۆلیسی دادگا ئاگایان لێ بوو کە پەیوەندییان بە دەرەوە هەیە».

خالد لەو دادگایە لە ساتێکدا، قازی، دادوەر، پارێزەر، دەستەی دادوەری، جێبەجێکاری بڕیاربوو.

سەرەڕای ئەوەی خالد هیچی پێ نەوتبووم، ئەو گومانەم تێدا دروست بوو کە خالد لە ئیخوان موسلمینە، لە سودان لەلایەن «حەسەن ئەلتورابی» ئیخوان پەروەردەی دیتبوو. ئەوکاتە حەسەن ئەلتورابی سەرۆکی کۆلێژی یاسای زانکۆی خەرتووم بوو.

جارێکی تر بۆ سەردانی خالد نەچومەوە دادگا، بەڵام تا بۆمکرا سەردانم کرد. زۆرتر دەچومە ماڵەکەی لە باشوری خەرتووم. ماڵەکەی پیشانی دەدا کە قازیەك لە سودان تا چ ئاستێك لە هەژاریدا دەژی. لەسەر فەرشی کۆری دادەنیشتین و تاڕادەیەك هیچ کەلوپەلێکی دیکە لە ماڵەکەیدا نەبوو. پەنجەرەکان شوشەی پێوە نەبوو هاوسەرەکەی لە دەرەوەی ماڵەکە چێشتی لێ دەناو ئاوی لە دەبەی پلاستیکی تێ دەکرد و پێدەچێت ئەم مەسەلەیە کەسی نارەحەت نەدەکرد. زۆرم لە خالد کرد بۆم باسی ئیخوان موسلمین بکات. رژێمی جەنەراڵ «نمەیری» لە بەرایی ساڵی 1985 رووە و هەرەس بوو. بەمجۆرە هاتە

بەرچاوم کە خالد وەك یاسازانێکی باڵا دەسەڵات بە دەستەوە بگرێت. سووپا بە توندی پشتگیری ئیخوان موسلمینی کرد.

شەوێك لە خالدم پرسی کە ئەگەر لە ئیخوان بێت، بێگومان دەبێت لایەنگری هەبێت. ئەویش پێکەنی و پێی وتم: «من سۆفیم باب، بە راستی هیچییان لە بارەوە نازانم.»

خالد ویستی پێم بڵێت تەسەوف باوەڕێکی هەیە کە تەواو دژی ئیخوانە. دیارە خالد ئەو مەسەلەیەی رەتنەکردەوە.

لە شەوێکی ئازاردا وەڵامەکەی خۆمم چنگ کەوتەوە. کۆتایی شەو کەسێك بەشێوەیەکی سەیر لە دەرگای ماڵەکەمی دا. کاتێك دەرگاکەم کردەوە هاوسەری خالدم بینی هەموو دەموچاوی بە شاڵ داپۆشیبوو. پێیوتم: «خالدیان گرتووە، هاوکاریم بکە لەگرتووخانە بیهێنمە دەر، منداڵەکانم ژێرنابنەوە .. پۆلیس لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ شوێنێکی نادیار».

نەیدەزانی خالدیان بۆ کوێ بردووە. تا ماڵەوە لەگەڵی چومەوە و هەموو هەوڵی خۆمدا تا هێواشی بکەمەوە، بەڵام ئەوە هەموو ئەو کارە بوو لە دەستم هات. بۆ سبەینێ بەیانی هەواڵ لە هەموو رۆژنامەکان بڵاوکرایەوە کە نەمەیری بەرپرسانی ئیخوان دەگرێت. بێگومان خالدیش یەکێکیان بوو.

کاتێك ساڵی 1985 جەنەراڵ نمەیری وازی لە دەسەڵات هێنا، حکومەت بڕیاری ئازادکردنی ئەلترابی و ئەندامانی ئیخوان موسلمین و لەوانە خالدی دەرکرد. ئەلترابی بۆ دابەشکردنی دەسـەڵات لەگەڵ حکومەتی سەربازی ئیسلامگەرا گەڕایەوە، تا خەونەکەی بۆ دامەزراندنی حکومەتێکی ئیسلامی لە سودان بێنێتەدی، بەڵام خالد بووە مامۆستای زانکۆیەك کە عەرەبستانی سعودییە پشتگیری دارایی دەکرد.

لەو کاتەوە ئیدی نەمدیتەوە، چونکە کاتی بەربووونی گەڕابوومەوە واشنتۆن.

لە کۆتایی ساڵی 1985 لە کۆمیتەی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزمی دەزگای هەواڵگری ناوەند کارم پێ سپێردرا. ئەرکی خۆم لە بارەگای بەڵگەنامەکان لە گەڕان بەدوای ئیخوان موسلمین دەست پێکرد. دیارە کارێکی وا ئاسان نەبوو.

سەرەڕای ئەوەی ئامانجی کۆمیتەی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم کۆکردنەوەی دۆکیۆمێنتەکان و شارەزایانی سی ئای ئەی بوو لە بنمیچێك، CTC لە هەموو مەیدانێکدا شارەزای خۆی هەبوو، لە سوپای سوری ژاپۆنەوە بیگرە تا «بادر ماینهۆف» (گروپی راستڕەوی پەڕگیر کە لە ساڵی 1968 دامەزراو بە ناوی دوو کەس لە بەرپرسانی خۆی «ئەندریاس بادر» (1977 - 1943) و «ئۆرلیك ماینهۆف»

(1976 - 1934) ناونرا.) هەندێك لە ئەندامانی سوپای سور لە ساڵەکانی بەرایی بە دزینی بانکەکان بودجەی دارایی خۆیان دابینکردووەو تەقینەوەو پەلاماری تیرۆریستیان دەکرد. ئەم چالاکییانە زیاتر دژی کۆمپانیاکانی ئەڵمانیای خۆرئاواو دامەزراوەی سەربازی ئەمەریکا لە ئەڵمانیای خۆرئاوا ئەنجام دەدرا. رفاندن و تیرۆرکردنی کەسایەتییە سیاسی و سەرمایەدارەکانی بازاڕ لەوانە چالاکی ئەم گروپە بوو.

## مەسەلەی چوونی پۆلیسی فەرەنسا بۆ ناو مەککە

لە ساڵی 1979 بنەڕەتخوازانی ئەهلی سوننە لە وەرزی حەج (مسجد ئەلحرام)ی مەککەیان کۆنترۆڵکرد. ئەم کارە پێگەی خانەدانی دەسەڵاتداری عەرەبستانی سعودییە لەرزۆك کرد. بەهۆی سەرکێشی سوپای سعودیە، پۆلیسی فەرەنسا هەنگاوی بۆ وەرگرتنەوەی مزگەوتەکە نا. بنەڕەتخوازان باڵوێزی ئەمەریکایان لە ئیسلام ئاباد سوتاند. ئەوکاتە سوننە توندڕەوەکان لە سوپای سوری ژاپۆن زیاتر هەڕەشەیان لە ئەمەریکا دەکرد، بەڵام دەزگای هەواڵگری ناوەند تەنانەت سەرچاوەیەکی لە ئیخوان موسلمین دا نەبوو دۆکیۆمێنتەکان پڕبوون لە چیرۆکی رۆژنامە کۆنەکان و ژمارەیەکی کەم بەڵگەنامەی نهێنی و راپۆرتی باڵیۆزخانەکان هەبوو.

دادگایی کردنی ئەندامانی جوڵانەوەی جیهادی ئیسلامی لە میسر بە تۆمەتی تیرۆر کردنی سادات مەسەلەیەکی زۆر گرنگ بوو. زانیاری شێوازی جوڵانەوەی ئەندامانی جیهادی ئیسلامی دژی یەکە تایبەتیەکانی سوپای میسر بابەتێکی بە کەڵك بوو.

«عومەر عەبدولڕەحمان» لە زانایانی ئەزهەری میسر بەرپرسی تیرۆرکردنی سادات بوو. باوکی رۆحانی گروپی کۆمەڵی ئیسلامی و نەیاری سیاسی رژێمی باڵادەست بوو لە میسر. عەبدولڕەحمان لە ئەمەریکا گیراو بە تۆمەتی پیلان و دەست هەبوون لە تەقینەوەکانی نیۆیۆرك لە ساڵی 1993 و هاندان بۆ تەقاندنەوەی ناوەندی بازرگانی جیهانی، بڕیاری هەتا هەتایی گیرانی بەسەردا درا.

مەسەلەی «ئیبن تەیمیە» بانگەوازخوازی ئایینی سوری لە سـەدەی سێزدە سەرسامی کـردم، لە ساڵی 1263 لە ناوچەی «حـوران» نزیك تورکیا لە دایکبووە، بەڵام زۆربەی تەمەنی خۆی لە دیمەشق بەڕێکرد. باوکی دوای راکردن لەبەر مەغۆلەکان رایکردبووە سوریا. ئیبن تەیمیە لە زۆربەی کتێب و وتارەکانی پەلاماری فیقهی ئیسلامی دا، کە ئەم کارە کردییە کەسایەتیەکی باس ورووژێنەری سەردەمی خۆی، لە ساڵی 1306 دادگای ئیسلامی بڕیاری گرتنی دەرکرد، لەئەنجامدا باقی تەمەنی خۆی لە قاهیرە، ئەسکەندەریە و دیمەشق لە پشت شیشە ئاسنەکانی

گرتوخانە بەسەر برد، لەساڵی 1328 مرد ... ، بەڵام بۆچی ئیبن تەیمیە ئەم میتۆدەی گرتەبەر و پەیوەندی بەرهەمەکانی بە کوشتنەکانی خۆرهەڵاتی ناوینەوە چییە؟

### ئیخوانی سوریا لە بەیروتی خۆرهەڵات

ئێمە لە جێگەیەکی نەگونجاودا بە دوای وەڵامی پرسیارەکانماندا دەگەڕاین، لە ساڵی 1986 هەندێك لە دوورخراوەکانی ئیخوان موسلمینی سوری نیشتەجێی ئەڵمانیا لە دەرگـای باڵوێزخانەی ئەمەریکایاندا لە «بۆن». لەو باوەڕدابوون کە ئەمەریکا بە پیلانەکەیان بۆ رووخاندنی حافز ئەسەد دڵخۆش دەبێت. بەهەمانشێوە کە وتمان، شتێکی زیاترم لە بارەیانەوە نەدەزانی و دیارە بۆ ئاگاداربوون لەوە پێویستی نەدەکرد سەفەر بۆ ئەڵمانیا بکەم، کە بۆچی دەیانویست ئەسەد بکوژن، بەڵام دوای ساڵێك لە بەیرووت دەرفەتێك هاتەپێش کە ماوەیەك رووبـەڕووی ئیخوان موسلمین ببمەوە. لەم ماوەیەدا تەنانەت چەند وانەیەکی یەکجێم لە مەیدانی جیهاد بە دەست هێنا.

لە نیسانی 1987 تـاڕادەیـەك نزیکەی ساڵێك لە بەیروت بووم. کاتێك بیستم «زوهێر شاویش» خاوەن و دامەزرێنەری نوسینگەی ئیسلامی چاپ، بڵاوکردنەوە

و دابەشکردنی دیمەشق (1957) و بەرپرسێکی بەرچاوی بانگەوازی سەلەفی سەدەی ئێستا لە ناوچەی خۆرهەڵاتی بەیروتە، بیرم لەوە کردەوە کە بۆچی ئەم بنەڕەتخوازو ئیسلامگەرایە لەناو کریستیانەکانی بەیروت دا ماوەتەوە، ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە کریستیانەکانی لوبنان و سوریا لە بارودۆخی شەڕدان. ئیسلامگەرایانی توندڕەویش بەڵێنیان بە کریستیانەکانی خۆرهەڵات دابوو کە بە تەنیشت جولەکەکانەوە دەبنە خواردنی ماسیە کۆسەکانی دەریای سوور. بڕیاری تۆم تونیان بوو منیش چاوێکەوتنی «شاویش»م رێکخست، لە «شاویش»م کۆڵییەوە و تێگەیشتم کە لە سوریا زۆر ناسراوە. کاتێك حکومەتی سوریا زیاتر گوشاری لە ئیخوانەکان کرد، ناچاربوو ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵێت. شاویش دوای سەفەرکردنی بۆ عەرەبستانی سعودییە و چەند ناوچەیەکی دیکە لە بەیرووت نیشتەجێ بوو لە بەرایی ساڵی 1980 نوسینگەیەکی ئایینی بۆخۆی کردەوە.

دیتنی سادە نەبوو. نەمدەتوانی بۆخۆم بچمە نوسینگەکەی و بڵێم نوێنەری دەزگای هەواڵگری ناوەندم، تەنانەت گەر ئەمەریکا هاوپەیمانی کریستیانەکانی لوبنان بوو، شاویش هۆیەکی بۆ گفتوگۆ لەگەڵ دەزگای هەواڵگری ناوەند، یان هەر بەرپرسێکی ئەمەریکی دیکەی نەبوو.

ئـەو بیرۆکەیە بە خەیاڵم داهــات کە خـۆم وەك ئەمەریکیەکی بە رەگەز لوبنانی بناسێنم، موسڵمانێك کە لە ئەمەریکا گەورە بووە. ئەم کارە هۆی (لاواز بوون) زمانی عەرەبی و بێ ئاگاییمی لە ئایینی ئیسلام پاساو دەدات.

شاویش لە کۆڵانێکی خۆرهەڵاتی بەیروت دەژیت، کە زیاتر لە هێڵی سور دەچێت و بە مەودای دووری نێوان بەشی کریستیان نشین و موسڵمان نشین دادەنرێت، لە شەقامێکدا نیشانە ئەنگێویێك جێگیر بوو کە تێیدا دەژیاو لە بەرامبەر ماڵی شاویشیش شوێنەواری گوللەی پێوەبوو.

ماڵی شاویش وەك گۆڕ تاریك بوو. بە هۆی نزیکەی 50 بەرمیلی پڕ لە ڵم، پەنجەرەو دەرگاکان گیرابوون و تورەکەی ڵم و سندوقی کتێبە ئاسمانیەکانی ماڵەکەیان بە بەتاڵی نەهێشتبۆوە. چەند مانگێك بوو کارەبای چەند بەشێکی شاری بەیروت بڕدرابوو. پێدەچێت شاویش نەیدەویست (موەلیدە) بەکاربێنێت، یان گرنگی بەم بابەتە نەدەدا.

دوای ئەوە چوومە ژوورێکی تاریکەوە. شاویش لەسەر بەڕەیەکی کۆنە دانیشتبوو لەبەر تیشکی مۆم کتێبی دەخوێندەوە، لە کاتێکدا جبەی سەرشانی لابردبوو. پیاوێکی کەتەی زلەی ریش درێژی چاویلکەیەکی شکاوی لە چاو بوو. رووخساری وەك ئیسلامگەرا توندڕەوەکان بوو.

شاویش بۆ پێشوازیم هەڵنەستا، بەڵام فەرمووی کردم لەسەر بەڕەکە لە تەنیشتی دابنیشم. وتی: «کەوایە دەتـەوێ زیاتر دەربـارەی ئیسلام بزانی؟ کارێکی زۆر باشە».

شاویش لە قسەکانیدا باسی نالەباری بارودۆخی موسڵمانانی کرد. بەیانی ئەو رۆژە بە تورەیی وتی کە قودس بۆتە شوێنێك بۆ پێکدادانەکانی خۆرهەڵاتی ناوین. شاویش دوپاتی کـردەوە: «تەنیا دوو شاری پیرۆز لە ئیسلامدا هەیە مەدینەی منەوەرەو مەککەی مکەڕەمە.»

لە ماوەی سەعاتێکدا، بە دوورو درێژی باسی قودس و قبە ئەلسەخرە و دەوری لە شەریعەتی ئیسلامی کرد. هەر رستەیەکی دەیوت ئاماژەی بە قورئان یان فەرمودەکانی پێغەمبەر دەکـرد. کاتێك کە شاویش پەلاماری یاسر عەرەفاتی دا، تێگەیشتم لە کۆتایی کارەکە داین. شاویش تۆمەتباری کرد بەوەی مەسەلەی قودسی کردۆتە سیاسی. عەرەفاتی بە درۆزن تۆمەتبار کرد.

شاویش وتی: وەك هەر تاکێکی وەهابی «لە هەموو ئەو کەسانە بێزارە، کە دەستدرێژی بکاتە سەر دەسەڵاتی هەردوو شارە پیرۆزەکە».

بەردەوام بۆ ماوەی ساڵێك هەرکاتێك کە دەرفەتم دێنا، گیانی خۆم دەخستە مەترسیەوە بۆ سەردانیکردنی شاویش دەچوومەماڵی. چەند سەعاتێك دادەنیشتم و کتێبی

«ئیبن تەیمیە»مان دێڕ بە دێڕ دەخوێندەوە. تێگەیشتم کە نوسینەکانی دژی موسڵمانانی زانست خوێنی سەدەی سێزدە بوو. زمانی عەرەبی و ئەنجامگیریەکانی سەرسوڕهێن بوو: «دەبێت ئیسلام بپاڵێورێت». دەبێت موسڵمانان بۆ دەقی ئەسڵی بگەڕێنەوە.

لە روانگەمانەوە لە خۆرئاوا، گرنگترین بەشی کتێبەکانی ئیبن تەیمیە، بەشێکە کە ئیسلامگەرایانی توندڕە و بۆ پاساوهێنانەوە و کوشتنی هاووڵاتییانی کریستیانی سودیان لێوەردەگرن. شوێنێك کە کریستیانەکان شایانی مردن دەبوون. هەر موسڵمانێك ئەرکی سەرشانی بوو لە پێناو ئەو مەسەلەیەدا بمرێت. ئیبن تەیمیە مەرجەعی فتوایەك بوو کە تیرۆری ئەنوەر ساداتی تێدا خرایەروو، لە روانگەیەوە تەنانەت ئەگەر موسڵمانێك هاوڕای بابەتێکی دوژمنانی ئیسلام بێت، دەبێت بمرێت. خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پەیوەندی بە مناحیم بیگنەوە هەیە کە ئەنوەر سادات وەریگرت. شوێن پێی ئیبن تەیمیە لە کارەساتی 11ی ئەیلولیشدا هەیە. مرۆڤەکانی ناوەندی بازرگانی جیهانی شایانی مردن بوون، چونکە باجێك دەدەن کە وەك کۆمەڵێك بۆ ئیسرائیل سەرەو ژێر دەبێت.

## ئیخوان لە پەیڕەوی تێفکرینەکانی ئیبن تەیمیە تەنیا نەبوو

لە هـەمـووی گرنگتر، شاویش فێری کـردم تەنیا ئیخوانیەکان پەیڕەوی دڵسۆزی ئیبن تەیمیە نین. مێژووی «محەمەد بن عەبدولوەهاب»یشی بۆ باسکردم، کە لە سەدەی هەژدە لە عەرەبستانی سعودییە چالاکی کرد. ئەوکاتە ئیبن تەیمیە مەرجەعی وەهابیەکانیش بوو، پاشان بووە رابەری بنەڕەتخوازانی ئیخوان موسلمین.

# هۆکاری چاوپۆشی ئەمەریکا لە وەهابیەکان و ئیخوان

## پەیوەندی لقی ئیخوان لە سوریا بە ئەلقاعیدەوە

لە 26ی تشرینی یەکەمی ساڵی 1988 «هاشم عەباسی» لە ئەڵمانیا گیرا. ئەندامی گروپۆکەیەکی ئیسلامگەرایانی توندڕەو بوو. ئەم گروپۆکەیە بە سەرکردایەتی «محەمەد حافز داقمۆنی» بەرنامەیان بۆ تەفاندنەوەی 5 فڕۆکەی بارهەڵگردا دەنا. سەرەڕای کە عەباسی و چەند کەسێکی دیکە لە پشت پەردەی تەقاندنەوەی فڕۆکەی پان ئێم 103 بـوون، یەکەم گریمانەی لێکۆڵەرەوان ئەوەبوو کە هێشتا دەبێت چەند کارێك بکرێت، بەڵام ئەمڕۆ تێگەیشتم هەڵەکە لە ئێمەوە بووە، چونکە ئێمە بووین رێماندا گروپۆکەکەی هامبۆرگ دابمەزرێت.

11ی ئەیلول ئیخوانەکانی سوریای لە دەوری یەك کۆکردەوە. «مامون درکزنلی» کەسایەتیەکی سەرەکی لقی ئیخوان بوو لە ئەڵمانیا. دوای شەڕی حەماە لە سوریاوە رایکردە ئەڵمانیا. سـەرەڕای ئەوەی درکزنلی

جەختیکردەوە کە هیچ زانیاریەکی لە بارەی پەلامارەکەی 11/9 نەبوو، پاش ماوەیەك دانی پێدانا هاوکاری 3 لە رفێنەرانی فڕۆکەکەی کردووە. کەسێکی نزیك لە درکزنلی وتی لە ساڵی 1979 لە حەڵەب بەشداری پەلاماری سەر قوتابخانەیەکی کردووە.

«محەمەد حەیدەر زمار» کلیلێکی دیکەی کارەساتی 11ی ئەیلول بوو شیمانە دەکرێت مەیدانی پەروەردەکردنی رفێنەرانی لە کەمپەکانی بن لادن لە ئەفغانستان رەخساند بێت.

«عەبد ئەلمەتین - تاتاری» بەڕێوەبەری کۆمپانیەیەکی سەربە ئیخوان بوو لە هامبۆرگ. منداڵێکی تاتاری لە «محەمەد عەتا» و ئەندامانی گروپۆکەکەی هامبۆرگ زۆر نزیك بوو.

## شەڕی حەما و حەڵەب تەنیا کێشەیەکی ناوخۆیی نەبوو

رەنگە 2 کەس لە ئەندامانی لقی ئیخوانی سوریا هاوکاری رفێنەرانی ئیسپانیایان کردبێت. وردەکاری ئەم چالاکییە لە تاقەتی ئەم کتێبەدا نییە، بەڵام خاڵی گرنگ ئەوەیە کە سەرەڕای ئەوەی واشنتۆن لە ئەسەد بێزارە، دەبێت دانی پێدابنێت کە شەڕی حەما و حەڵەب بە پێچەوانەوەی ئەوەی دەوترێت، تەنیا کێشەیەکی ناوخۆیی نەبوو.

ڕێك بەهەمانشێوە کە ئاگامان لە گروپی ئیخوان موسلمینی سوریا نەبوو، ئاگامان لە لقی ئەو گروپەش نەبوو لە کوەیت. میتۆدی بە دوادا گەڕانمان بێکەڵك بوو ئێمە «خالد شێخ محەمەد»مان نەدۆزیەوە. یەکێ لە ناسراوترین ئەندامی ئیخوان موسلمین بوو ناوەکەی پەیوەندی بە پەلامارەکانی ناوەندی بازرگانی جیهانی و پنتاگۆنەوە هەیە.

## لقی ئیخوان لە کوەیت و دەروازەی ئەلقاعیدە

«خالد شێخ محەمەد» لە ساڵی 1965 لە کوەیت هاتۆتە دنیاوە. منداڵی دوو کۆچبەری پاکستانی بوو. باوك و دایکی لە بلوچستانی پاکستان بۆ کوەیت کۆچییان کردووە، بەو هیوایەی کە سودێك لە قەڵەمبازی نەوتی ئەو وڵاتە وەرگرن، بەڵام چارەنوسییان بە ناوچەی «الفحيحيل» کۆتایی هات، چونکە لە کوەیت وەك ئاسیاییەکانی دیکەی دانیشتووی وڵاتانی عەرەبی مامەڵەیان لەگەڵ کرا. سەرەنجام باوکی دەرکەوانی مزگەوتێك و دایکیشی مردوو شۆر بوو. برایەکی خالد شێخ محەمەد لە ساڵی 1980 کاتێك کە خوێندکار بوو پەیوەندی بە ئیخوانەوە کرد. خالد شێخیش بە شوێن کەوتنی براکەی بووە ئەندامی ئیخوان.

ئەندام بوون لە ئیخوان موسلمین لە کوەیتیش وەك

عەرەبستانی سعودییە سـزادان گەلێکی لەگەڵە. لە کاتێکدا کە ئەم وڵاتە پێشتر پشتگیری ئیخوان موسلیمینی کردبوو. کاتێك «یاسر عەرەفات» ناچاربوو بەهۆی بوونی پەیوەندی بە ئیخوان موسلیمینەوە میسر بەجێ بهێڵێت، کوەیتیەکان پێشوازییان لە فەلەستینیەکانی ئەندامی ئیخوان موسلمین کرد.

ئیخوان موسلمین لە کوەیت لە چاوی واشنتۆن دووربوو. ئەمەریکا ئیخوانی کوەیتیشی وەك حەما و تیرۆری سادات بە کێشەی ناوخۆوە سەیر دەکرد و بە پەرۆشی نەدەزانی. ئەم کارە پێویستی کرد ئیخوان لە کوەیت بە ئاسانی خۆی رێکبخات.

لەساڵی 1983 کاتێك «خالد شێخ محەمەد» بۆ خوێندن لە کۆلێژی «شـوان»ی شاری «مۆفریسبۆر»ی ویلایەتی کالیفۆڕنیا داوای ڤیزای کرد، کەس گوێی بەو مەسەلەیە نەدا. یەکەم کەس نەبوو کە لە خۆرهەڵاتی ناوین بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی ئەندازیاری دەهاتە ئەمەریکاو پێموانیە بە نیازبێت بۆ کارکردن لە مەیدانی نەوت بگەڕێتەوە وڵاتەکەی. (هەمان مەسەلەش لە خەرتوم روویداو کاتێك «شێخ ضریر عومەر عەبدولڕەحمان» ڤیزای ئەمەریکای وەرگرت، کەس گوێی بە ناوەکەی نەدا، لە کاتێکدا وێنەکەی لە یەکەم لاپەڕەی رۆژنامەکانی دنیا وەك کەسێك بڵاوکرایەوە، کە فتوای تیرۆری ساداتی دەرکردووە)

خالد شێخ محەمەد وەك براكانی دیكەی چووە ئەفغانستان و پەیوەندی بە «سەیاف» ئەفغانی هاوپەیمانی عەرەبستانی سعودییەوە كرد، لە پیشاور چاوی بە ئوسامە بن لادن و هەموو توندڕەوخوازانی تر كەوت و لێیان فێری تیرۆریزم بوو، پاشان بەوپەڕی متمانە بەخۆبوون بۆ ئەنجامدانی كارەساتی 11ی ئەیلول گەڕایەوە ئەمەریكا.

دیارە، ئەفغانیەكان پێویستییان نەبوو فێری شەڕبن. شەڕی دەزگـای هەواڵگری ناوەند، تەنیا مەشقی لۆجستیكی بوو. پەیوەندیەكی زۆرمـان بە گروپە چەكدارەكانی ئەفغانستانەوە نییە، بەم مانایە كە دەزگـای هەواڵگری ناوەند بەشێوەیەكی كوێرانە لەگەڵ كەسانی وەك شێخ پەیوەندی هەبوو.

## عەرەبستانی سعودییە پەناوپەسیووی بێ ترسی ئیخوان

كاتێك عەبدولناصر لە ساڵی 1954 كونە مشكی لە ئیخوان كردە قەیسەری، بۆ عەرەبستانی سعودییە تێیان تەقاند و لەوێ ئامێزییان بۆ كرایەوە. ئاشنای تێفكرینەكانی ئیبن تەیمیە بوون.

وەهابییە توندڕەوەكان پێش ماوەیەك لە عەرەبستانی سعودییە هەژمونیان بەسەر كۆلێژی ئایینی، زانكۆكان

و قوتابخانە ئاینیەکاندا کردبوو، لە سەرەتای ساڵی 1961 ئیخوان موسلمین دزەی کردۆتە عەرەبستانی سعودییە و مەلیك سعودیان رازیکرد پشتگیری دارایی زانکۆی ئیسلامی بکات، لە شاری مەدینە تا ئەم زانکۆیە جێی ئەزهەری قاهیرە بگرێتەوە.

مەلیك فەیسەڵ لە هاوینی 1971 سەفەری بۆ دەستەیەك ئیخوان لە سعودیەوە بۆ میسر رەخساند، تا لەگەڵ سادات ئاشت بێتەوە. «سەعید رەمەزان» سەرۆکی ئەم دەستەیە بوو، بەڵام سادات و ئیخوان رێك نەکەوتن، پاشان عەرەبستانی سعودییە دەستی خۆی کێشایەوە. «محەمەد حەسەنین هەیکەل» بەناوبانگترین رۆژنامەنوسی میسری لە کتێبی «پاییزی تورە» ئاماژەی بەم بابەتە کردووە.

لە سەرەتای ساڵی 1970 کەس گومانی نەبوو عەرەبستانی سعودییە بۆتە پێگەو هەلی لەبار بۆ ئیخوانەکان. دەتوانی چۆنت دەوێت پێناسەی حەسەن ئەلبەناو ئیخوان موسلمین بکەی، بەڵام ئەمڕۆ وەك «تیرۆریست» دەناسرێن. دروشمەکانی «حەسەن ئەلبەنا» هەمان قسەی دوایی رفێنەرانی 11ی ئەیلول بوو.

## بن لادن و بەشداری وەهابیەکان و ئیخوان موسلمین

«ئوسامە بن لادن» باشترین نمونەی ئاوێتەبوونی وەهابیەت و ئیخوان موسلمینە. بن لادن خوێندکاری زانکۆی مەلیك عەبدولعەزیز بوو لـەوێ کەوتە ژێر کاریگەری دووکەسی ئیخوان موسلیمنەوە: «عەبدوڵڵا عەزام» و «محەمەد قوتب».

عـەزام فەلەستینی - ئەردەنیەك بوو کە ئیخوان موسلیمینەکانی لە ئەزهەری قاهیرە بەکارهێنا. پاش ماوەیەکی کەم بەناوی «ئەمیری جیهاد» ناسرا. ئەوکاتە عەرەبستانی سعودییە تاکە وڵات بوو کە دەیتوانی قبوڵی بکات. وەك مامۆستای زانکۆ لەو وڵاتە دایانمەزراند. عەزام و بن لادن لەسەردەمی شەڕی ئەفغانستان پێکەوە لە پیشاوەری پاکستان بوون.

«محەمەد قوتب» برای سەید قوتبی ئیخوان بوو. سەید قوتب توندڕەوترین کەسی میسر بوو. پشتگیری لەو تێفکرینە دەکرد کە هەموو جولەکە و کریستیانەکان کافرن و دەبێت بکوژرێن. سەید قوتب لە ساڵی 1966 لە میسر لەسێدارە درا، بەڵام تێفکرینەکانی بەردەوام بوو.

## بەڵگەی چاوپۆشی ئەمەریکا لە وەهابیەکان و ئیخوان

بە دوو بەڵگە واشنتۆن چاوپۆشی لەم دوو گروپە کرد:

یەك ئیخوان لە شەڕی سارد شانبەشانی ئەمەریکا بوو شەڕی لەگەڵ روسیا دەکرد، دوو سعودیەکان لەو بەشەدا نەوتییان بۆ پاشەکەوت دەکردین.

ئیخوان زیاتر لە سەرەتان دەچێت؛ دزەی کردۆتە دامەزراوەکانی خانەخوێوەو رەگ دادەکوتێت و ئەوەندە ناخایەنێت کە تێکڕای جەستە دەگرێتەوە.

**هەموو بۆریەکان بە روسیادا تێدەپەڕن**

واشنتۆن لە ئاسیای ناوەڕاست تەنیا گرنگی بە شتێك دەداو ئەویش پاشەکەوت کردنی زۆری نەوت و گازی ئەم ناوچەیەو بە تایبەت ناوچەی کەنداو.

زۆرترین بەشی نەوت لە ناوچەی کازاخستانە و گازیش زەویەکانی تورکمانستان. نزیکەی 260 ملیارد بەرمیلی نەوت و بڕێکی زۆر زیاد گاز لە ئەمەریکای باکورو پانتایی دەریای خەزەر دەکرێت، کە بۆ ماوەیەکی زۆر نەهێڵێت گڵۆپی کارگەکانی ئەمەریکا بکوژێنەوە.

تاکە کێشە ئەوەیە کازاخستان و تورکمانستان لە ناوچە شاخاویەکانی ئۆراسیاو ناکەناریین. وزەی ئاسیا لەسەردەمی یەکێتی سۆڤیەت بەرەو خۆرئاوا، روسیا، خۆرهەڵاتی ئەوروپا لە رێگای هێڵی بۆڕی زۆر ئاڵۆز هەناردە دەکرا. ئەوە هەمان کێشەی نەوت و گازی ئاسیایە. هەموو بۆڕیەکان بە روسیادا تێدەپەڕن.

روسەکان دەیانتوانی بۆ خستنە ژێرگوشارەوەی وڵاتانی خاوەن وزە، بەر بە هەناردە کردن بگرن. تەنیا کاتێك وزە بەهای هەیە کە لەگەڵ روسیا بێت، جگەلەمە دەبێت لە ژێر زەوی دەستی لێ نەدەی.

دوای هەرەسهێنانی روسیا لە ساڵی 1991، واشنتۆن بڕیاریدا بە شێوەیەکی رێهبۆردی وزەی ئاسیای ناوەڕاست بەکار بەرێت، بەڵام بۆچی نابێت رێکاری جێگرەوە بۆ گواستنەوەی ئەم وزەیە بدۆزێتەوە؟ ئەم کارە، ئابووری وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست سەربەخۆ دەکات.

## ئەمەریکا لە بەرامبەر دوو دەسەڵاتی ناوچەکە

پێدەچێت کە جارێکی دیکە یاری گەورە دەستی پێکردۆتەوە، بەڵام ئەمجارە ئەمەریکا لە بەرامبەر دوو دەسەڵاتی ناوچەکەدایە: روسیا و ئێران. بێگومان کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمەریکی لە لیستی چاوەڕوانی دان. شیورۆن و موبیل گەورەترین خاوەن پشکەکان لە کازاخستان گرێبەستی گەورەیان بەست. ئۆمۆکۆش چاڵی گەورەی لە ئازەربایجان کڕی. یونۆکاڵ نەخشەی بناخەی دروستکردنی دوو هێڵی بۆڕی هاوتەریبی لەرێگای ئەفغانستان دانا.

کەسێك ئاوڕ لە بارودۆخی ناجێگیری سیاسی ناوچەکە ناداتەوە کە کۆتایی نییە. شیورۆن، موبیل و ئۆمۆکۆ چۆن دەتوانن لە دەریای خەزەر دەستیان بگاتە نەوت

و دەری بهێنن، لەکاتێکدا بێ ترسترین رێ لە رێگای روسیاوە بۆ وڵاتێکی رەش، پاشان گواستنەوەی نەوت بۆ دەریای ناوەڕاست لە رێگای نەوتکێشەوەیە. دیارە روسیا ئارەزووی بوو باج لە کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمەریکی وەربگرێت، لەبەرامبەر هەر تەنێك نەوت 3 دۆلاریان وەردەگرت. رێگای جێگرەوەش لە تورکیاوە بوو، بەڵام دەبـوو ئەم هێڵە بۆریانە، یان لە رێگای گورجستان دەپەڕیەوە، یان ئەرمەنستان.

## عەرەبستانی سعودییە و نەوتی ئاسیای ناوەڕاست

ئەوکاتە عەرەبستانی سعودییەش بێ ترس نەبوو. سعودیەکان وتییان: گەمژەییە ئەگەر نەوتی ئاسیای ناوەڕاست بە جێگرەوەی نەوتی خۆرهەڵاتی ناوین بزانی. دەبێت گوێ بە ناجێگیری سیاسی نەدەین و تەماشای تێچوونەکان بکەین.

کاتێك تێچوونی دروستکردنی دوو هێڵی بۆری سەرەکی بۆ هەناردەکردنی نەوتی 7 ملیۆن دۆلاری خەمڵێنرا، بابەتی دەریای خەزەر بە تایبەت بۆ سعودیەکان تەواو بێ مانابوو، بەڵام عەرەبستانی سعودییە زانیاری لە بارەی ئامانجی ئەمەریکاوە نەبوو. شەڕی سارد کۆتایی هات. ئەوکاتە کێ گرنگی بەوە دەدا کە ئاسیای ناوەڕاست لە روسیا جیابۆتەوە، یان نەخێر؟ کەوایە واشنتۆن وەك

پێویست لەم مەیدانەدا سەرمایەگوزاری کرد تا بە خەونەکانی بگات. ئەمەریکا دەیان ملیار دۆلاری بۆ شەڕی کەنداو خەرجکرد.

ئەمەریکا سورە لەسەر ئەوەی کە شەڕ بۆ پاراستنی بارودۆخی ئێستا پێویستە. ئەم شەڕە زادەی ئەو دڵنیاییەیە کە ئال سعود وەك بانکی نەوتی دنیا دەمێنێتەوە.

عەرەبستانی سعودییە بەهۆی تورەیی لە ئەمەریکاو نیگەرانی ئاکامەکانی، دەستی بەسەر دەریای خەزەردا گرت. میراتگری پادشایەتی عەرەبستانی سعودییە بە هاوکاری سەرمایەدارانی ئەو وڵاتە دووئاوان (دەلتا)ی نەوتی پێکهێنا. دیارە تورەیی عەرەبستانی سعودییە لە واشنتۆن نەبووە کۆسپی بەردەم سود وەرگرتن لە کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمەریکا.

دوای چـوونـەدەر لە دەزگـای هەواڵگری ناوەند، هەستمکرد کە رێکخراوی زانیاری عەرەبستانی سعودییە بە سەرۆکایەتی ترکی فەیسەڵ لەگەڵ کۆمپانیای ئەرجەنتینی «پارادایز» رێککەوتووە، بۆ راکێشانی هێڵی بۆڕی گازی لە تورکمانستانەوە بۆ پاکستان لەرێگای ئەفغانستانەوە. ئەو گرێبەستە بۆ کۆمپانیا ئەرجەنتینیەکە زۆر باش بوو، چونکە ترکی زیاتر لەهەر عەرەبستانێکی دیکە پەیوەندی لەگەڵ تاڵیبان باشە و سەدان ملیار ریاڵی سعودی پێداون.

زێڕی ڕەش، شەڕی عێراق، توندڕەووی، شەڕی ناوخۆ، چاوچنۆکیەکانی ڕوسیا هەموویان گەمەیەکی گەورە بوون، کە دوبارە دەستییان پێکردبوویەوە، بەڵام کێ لەم یارییە ئامادە بوو کێ نا؟ ئەمجارە ڕێسای ئەم یارییە چییە؟ هەموویان چەند مەسەلەیەك بوون کە دەبێت زانیاریمان لە بارەیانەوە هەبێت.

سـەفـەری 40 خولەکی لە «بیشکك» بۆ «ئـوس» (قەرقیزستان) دەرفەتی پێدام بیر لە هەموو ئەو شتانە بکەمەوە کە دەمویست بیزانم.

ئیسلامگەرایانی توندڕەو بەبێ بەرەی شەڕو یان وێنەی لە پەلاماردانددا بوون. دەبێت دەستمان بە بۆچوونێك لە بابەت «یۆڵداشیڤ» سەرکردەی گروپی «جوڵانەوەی ئۆزبەکەکان» دەگەیشت.

لە تشرینی یەکەمی 1992 بەهۆی شەڕی ناوخۆ لە تاجیکستان بانگهێشت کرامەوە. ئاژانسی زانیاری ناوەند فەرمانی پێکردم کە بگەڕێمەوە واشنتۆن. دەبێت بۆ گەڕانەوە چاوەڕوان بم.

هەموو شارەزایی خۆم بۆ ڕازیکردنی «مەك گیۆن»ی سەرۆکی ئیدارەی ئۆراسیای ناوەڕاست بەکارهێنا تا ڕێبدات سەفەرێکم بە ناوچەی ئاسیای ناوەڕاستدا هەبێت.

دوای ماوەیەك ڕێی پێدام بچمە سەمەرقەندی پایتەختی کۆنی ئۆزبەکستان. وڵاتی حکومەتی دوژمن بەزێن، لە ئەسکەندەرەوە بیگرە، تا تەیموری لەنگ.

چەند ڕۆژ پێش سەفەر مەك گیون بەرنامەی سەرەفەرەکەمی واژۆکرد، وتی: «لە سەمەرقەند بە فارسی قسە دەکەن؟ .. هێشتا دڵنیانیم، بەڵام ئەم بابەتەم لە مێژووی سەدەی چواردەدا خوێندەوە دیارە لەباکوری ڕووباری ئامودریا بارودۆخەکە لە شەو و ڕۆژێکدا نەدەگۆڕا.»

خۆشبەختانە لە فڕۆکەخانە چاوم بە چاوساغەکەم کەوت. تەنیا شەش وشەی زمانی ئینگلیزی دەزانی. توانیم بە هەموو شارەزاییم لە زمانەکانی تاجیکی، روسی و ئەڵمانی پەیوەندی پێوە بکەم. گرنگترین مەسەلە ئەوەبوو کە ئەو چاوساغە ئامادەبوو لە کاتی بێ ئیشی بۆ هەموو شوێنێکم بەرێت.

بۆ سبەینێ بەیانی چووینە ناوچەی «نمناگان» کە بە ئۆتۆمبیل سەعاتێکی خایاند. دەبێت شوێنی ئیسلامگەرایانی توندڕەو بێت، بەڵام سەرەڕای بە دوادا گەڕان تەنانەت یەك کەسمان نەدۆزیەوە. هیچ لەسەر دیوارەکان نەنوسرابوو سەرەڕای ئەو ڕۆژە هەینی بوو، هیچ ئاسەوارێکی بوونی ئیسلامگەرایان نەدۆزرایەوە.

کاتێك بەرە و «کوکاند» لەوێ دووردەکەوتینەوە،

هەستمکرد کەسێك ژمارەی ئۆتۆمبیلەکەمانی دەنوسی.

نزیکەی دوای سێ سەعات، لەگەڵ «ئیبراهیمۆف» (چاوساغ) چووینە تاکە ئوتێلی شارەکە.

ئیبراهیمۆف پێیوت کە ژوورێکمان دەوێـت، بەڵام ئۆزبەکیەکەی ئـەوێ داوای پاسپۆرتەکەمی کـرد، لە کاتێکدا پەڕی پاسپۆرتەکەی هەڵدەدایەوە وتی، مۆڵەتی سەفەرکردنم بۆ کۆکاند نییە.

دیـاربـوو کەسێك پێی راگەیاندبوو کە بـەرەو ئەو دێم، مۆڵەتی پێویستم پێ نییە. یاسام پێشێل کردبوو. سەرەڕای کە ئۆزبەکستان لە ساڵی 1991 سەربەخۆیی وەرگرت، هێشتا یاسای کۆنی روسیای هەیەو داوای کارتی مۆڵەت لەو کەسانە دەکەن کە سەردانی شارو ناوچە هەستیارەکان دەکەن. ئۆزبەکستان لەسەردەمی روسیا متمانەیان بە بێگانەکان نەبوو.

پیاوەکە بۆ تەلەفۆن بەجێی هێشتین و دوای دوو خولەك دوو چەکدار بە جلوبەرگی سەربازی و کلاشینکۆفەوە هاتن به زمانی ئۆزبەکی لەگەڵ ئیبراهیمۆف دوان و من هیچ لە قسەکردنەکەیان نەگەیشتم، پاشان ئیبراهیمۆف زەردەیەکی هاتێ و تۆقەی لەگەڵ کردم و رۆیشت. ئیدی نەم بینییەوە.

کاتێك چوومە ژوورەکەم ئەو دوو پیاوە یاوەریان کردم و بەرامبەر دەرگاکە راوەستان. گاڵتەم بەم کارەیان هاتێ،

چونکە من موسافیرێك بووم و پاسپۆرتی دیپلۆماسیم هەبوو. ویستم بچمە نهۆمێ خوارێ تا سەر لەم رووداوە دەربکەم، بەڵام پیاوێکییان نەیهێشت.

لە پیاوە ئۆزبەکیەکەم پرسی کە من لێرە دەست بەسەرم. ئەویش وەڵامی دایەوە نەخێرو بۆ پاراستنی تۆ لێرەن. بارودۆخ لێرە زۆر ترسناکە. دژی داواکەشم بوو لە ئێوارەی هەمان رۆژ بۆ پیاسەکردن لە کۆکاند.

بۆ رۆژی داهاتوو ئۆزبەکیەکە لە دەرگای ژوورەکەی دام و وتی: ئەمڕۆ بەیانی دەتوانین سەردانی کۆکاند بکەین. کەسێکیش لە پشتیەوە راوەستابوو کە رووخساری وەك روسەکان بوو، بەڵام جلوبەرگی ئۆزبەکی لەبەر دابوو. خۆی نەناساندو نەمزانی کێیە. پێشنیازم بۆ پیاوە ئۆزبەکیەکە کرد لەجیاتی سەردانی کارگەی چنینی کۆکاند بمباتە مزگەوتی گەورەی شارەکە. هەردوو بە تەماشاکردنی یەکتری گاڵتەیان بە داواکەم هات.

## دەستەی جیهانی رزگاری ئیسلامی

لەپێش مزگەوتەکە لەسەر زەوی دانیشتم و هەوڵمدا مەلایەك بدوێنم. کاتێك بە زمانی تاجیکی سڵاوم لێکرد، ئەو پیاوە سەرسام بوو. وتی بە زمانی تاجیکی نادوێ و ئارەزووش ناکات لە بەردەم ئەو دوو کەسە قسە بکات، بە زمانی روسی وتی: تێ ناگەم.

کاتێك هەوڵمدا بە زمانی عـەرەبـی قسە بکەم، ڕووخساری ئەو پیاوە درەوشایەوە. لێی پرسیم کە ئایا عەرەبم. هەوڵمدا خۆم لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بدزمەوە، چونکە ئەگەر ڕاستیەکەم پێ دەوت بێدەنگ دەبێت.

تێگەیشتم پاسەوانەکان تووڕە بوون و بە گوێی یەکتردا دەچپێنن. بێگومان ئەو مەلایە بە زمانێك قسەی کرد کە تێی نەگەیشتن، ئاماژەم بە نوسخەیەکی تازەی قورئان کرد کە لە گۆشەیەك دانـرابـوو پرسیم کێ پارەکەی داون. یەکێکیانی هێناو وتی، دەستەی ڕزگاری ئیسلامی کردوونیەتە دیاری.

دەستەی جیهادی ئیسلامی لە ساڵی 1978 دامەزرا بوو. ئەم دەستەیە وەك کۆمەڵەیەکی تایبەتی خێرخوازی ناسراوە، لە ڕاستیدا دامەزراوەیەکی حکومەتی سعودیە و لەژێر چاودێری خانەدانی دەسەڵاتدارە. «کامل سەلمان» برای مەلیك فەهد بن عەبدولعەزیز بۆخۆی ڕەزامەندی لـەسـەر هـەمـوو بـودجـەی ئـەو دەستەیە دەربـڕی. عەرەبستانی سعودییە بە دامەزراندنی ئەم دەستەیە دەوری گرنگی لە پشتگیری ڕەوتی توندڕەوی بینی.

کاتێك عەرەبستانی سعودییە لە بەرایی ساڵی 1980 بڕیاری دا پشتگیری ئەفغانیەکان بکات، دەستەی ڕزگاری ئیسلامی سەلماندی کە پارە دەوری ڕەتنەکراوەی هەیە،

ئەگەر ئەم دەستەیە لە هەندێك وڵات یاسای پێشێلکرد، یان کارمەندێکی ڕێگاکەی بزر کردووەو پەیوەندی بە گرووپی تیرۆریستییەوە کردووە، عەرەبستانی سعودییە دەتوانێت بەئاسانی بەرپرسیەتی خۆی ڕەت بکاتەوەو خانەدانی دەسەڵاتدار لە عەرەبستانی سعودییە بەبێ هیچ نیگەرانیەك بێ تاوانی خۆی بسەلمێنێت، ڕێك بەهەمانشێوە کە لە ماوەی ساڵانێکدا ڕوویدا.

دەستەی ڕزگاری ئیسلامی لە پارێزەرانی «عەبدولڕەسول سەیاف»ە. سەیاف لەساڵی 1980 سەرۆکی هاوپەیمانی گروپە چەکدارو توندڕەوەکانی گرتە ئەستۆ. دیارە ئەم کارە زۆری نەخایاندو گرووپە چەکدارەکانی هەریەکەیان دوای ماوەیەك دوبـارە جیابوونەوە، پاشان سەیاف ناوی حزبێکی سیاسی نوێی بەناوی «یەکێتی ئیسلامی مجاهیدانی ئەفغانستان»ی ڕاگەیاند.

سەیاف ئەو سەردەمە بن لادن و زۆرێـك لە لاوانی سعودیەی خستە ژێر فەرماندەیی خۆیەوە، ئەگەر بەم چەشنە بوو، ئەوا عەرەبستانی سعودییە تەنیا خەریکی بانگەوازی ئایین نییە. ئەو پیاوە لە وەڵامـدا جەختی کردەوە کە ئیبن تەیمیە ناناسێت.

نوسخە بە دیاری دراوەکانی قورئانی دەستەی جیهادی ئیسلامی تەنیا سەرەتایەکە بۆ «جیهاد»ێکی تەواو. ڕەنگە ئەو پیاوە هیچی لە ئیبن تەیمیە نەدەزانی، بەڵام لەو

باوەڕەدام کە ڕۆژێك لە ڕۆژان دەستەی جیهانی ڕزگاری ئیسلامی بۆ ناساندی ئیبن تەیمیە دێت. عەرەبستانی سعودییە ئەوپەڕی دڵنیان کە خۆیان شاردۆتەوە، بەڵام ئایا ئەمەریکا خۆی بۆ داهاتوو ئامادە دەکات؟

کاتێك گەیشتمە تاشکەند بۆ سبەینێ بەیانی سەرۆکم لە سەردانی مزگەوت ئاگادارکردەوە، لێم پرسی کە ئایا هیچ لە بارەی دەوری سعودیەکان لە «فرغانە» (ئۆزبەکستان) دەزانێت. ئەو تەنیا سنوری 6 مانگ لە ئۆزبەکستان بوو، بەڵام زمانی ڕوسی باش دەزانی و بەباشی لەم وڵاتەدا هاتوچووو. وتی: هیچ نازانم. عەرەبستانی سعودییە ئامانجمان نییە. منیش نەچوومە فرغانە، لە بەیروت و لە کاتی ناسینی «زوهێر الشاویش» بەبێ ئاگاداری (لانگلی) (سەرۆك) و بڕیار بۆ لێکۆڵینەوە لە توندڕەوی خوازی عەرەبستانی سعودییە لە ئاسیای ناوەڕاست، هەمان کێشەم هەبوو. سەرۆکی دەزگـای هەواڵگری ناوەند تەنانەت لەم بارەیەوە بە خەیاڵیشی دانەدەهات.

لانگلی بەردەوام بوو: دەتوانم لە ئۆزبەکەکان بپرسم، بەڵام دەزانم هیچ ناڵێن. دەڵێن مەسەلەیەکی ناوخۆییە.

هەفتەیەك لە تەلاری باڵیۆزخانەی تاشکەند مامەوە. یەکسەر هەستم بەو مەسەلەیە کرد کە لەوێ هەوڵی مانەوە زەینی هەموانی سەرقاڵ کردبوو. شوێنی نیشتەجێ بوون زۆر خراپ بوو هەمیشە کێشەی کەمی بەنزینمان

هەبوو، ئەگەر لەکۆتایی رۆژیش بێ ئیش دەبووین، کارگێڕان خەریکی هەندێك ئەرك بوون کە واشنتۆن خستبوونیە ئەستۆی، ئەرکی وەك پێکهێنانی سوپای ئاشتی و یان فێرکردنی سود وەرگرتن لە ئامێرەکانی راپرسی بۆ ئۆزبەکەکان. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە هەڵبژاردن لەم وڵاتەدا ئازاد نەبوو.

هیچ کەس بیری لە ئامانج و یان کاری دەستەی جیهانی رزگاری ئیسلامی و عەرەبستانی سعودییە، ئامانجیان لە گەیشتن بە ئاسیای ناوەڕاست نەدەکردەوە.

بۆ فێربوونی زمانی فارسی نەچوومە سەمەرقەند. دەزگـــای هـەواڵـگری نـاوەنـد لـە حـوزەیـرانـی 1993 نوسینگەی خۆی لە دوو شەممە کردەوەو بۆ کارەکەی خۆم گەڕامەوەو زۆری نەبرد کە عەرەبستانی سعودییە خۆی پیشاندا.

گروپێکی ئاژاوەگێڕ و ئیسلامگەرای تاجیك دوای پەڕینەوە لە ئەفغانستان سەری پاسەوانانی سنوری روسییان بڕیووە و بە سنورەکەدا رەتبوون.

نەمتوانی لە هۆی ئەم پەلامارەی عەرەبستانی سعودییە تێ بگەم. عەرەبستانی سعودییە هێزی لە ئەفغان نەبوو دیارە لایکەم هێزی فەرمی. بەشێك لە وڵاتی ئەفغانستان لە ژێـر چـاودێـری عەرەبستانی سعودییە نەبوو کە ئاژاوەگێڕەکان لێی رەتبوون و گەیشتوونەتە روسیا.

## روسەکان هەمیشە سعودیەکان بە کەمتەرخەم دەزانن

بەڵام هەڵەم دەکرد. ئەو ئاژاوەگێڕانە بە فەرماندەیی «ڕەسوڵ سەیاف» و «یەکێتی ئیسلامی» بن لادن بوون. ئەم مەسەلەیە جێی بـاوەڕ نەبوو، بـەڵام پێدەچوو روسەکان لە هەموو بارێکەوە عەرەبستانی سعودییە بە کەمتەرخەم دەزانـن. لە شـەڕی ئەفغانستان تا شەڕی نەتەوەیی نێوان ئەرمەنی و ئازەربایجانیەکان لە ئازەربایجان، هەروەها روسەکان سعودیەکان بە هاندەری جودایی خوازەکانی چیچان تۆمەتبار دەکەن، کەسانێك کە لە ساڵی 1991 سەربەخۆییان راگەیاند. عەرەبستانی سعودییە شەڕی ئەفغانستانی پێشخست، بەڵام مانای وانییە کە عەرەبستانی سعودییە لە ئاسیای ناوەڕاست هەموو کارێك دەکات.

هاوکاری «بۆریس سەرگویچ»م کردو بەڵێنم پێدا ئامانجەکانی سەیافی پیشان بدەم، یان پێی بڵێم کە ئایا ریاز دەستی لەو پەلامارەدا هەبوو. ئەویش وتی متمانەیەکی زۆری بە ئاژانسی زانیاری ناوەند نییە.

دوای دوو رۆژ بۆریس هاتەلام و لیستێك ناوی پێدام و وتی: دەزانی ئەو لۆتی و پۆتیانە کێن دەستییان لە پەلامارەکەی سەر سنوردا هەبوو. عەرەبن و هەموویان پەیوەندییان بە سەیافەوە هەیە.

ناوەکانم بۆ بارەگای فەرماندەیی نەنارد، چونکە پێموانەبوو هاوکاری و هەماهەنگی روسەکان بکرێت، لە جیاتی لیستی ناوەکانم بۆ ئیسلام ئاباد نارد. لەوێ «بێڵ» (دەقەکە سڕدراوەتەوە) سەرۆك بوو. باش دەیزانی کە دەمویست چ کارێك بکەم، ئەگەر دەتەویست شتێك لە بارەی توندڕەوەکانەوە بزانی دەبێت بۆ ئیسلام ئاباد بڕۆی، پاشان بێڵ لەوەڵامدا وتی: ناتوانی هیچ لە بارەی عەرەبەکانەوە بە بۆریس بڵێی، چونکە نوێنەرمان لە کەمپی سەیاف نییە.

زۆر زەحمەت بوو بزانین سەیاف، هەمانکەسە کە دروستمان کرد، یەکێ لەو 7 گرووپەی ئەفغان بوو لە پیشاوەر کە لەلایەن کۆمیتەی هەماهەنگی تایبەتی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی پشتگیری دەکرێت. دەبێت لەم گروپە دەستم بە سەرچاوەیەك بگات. ئاشکرابوو ئەوە هەڵەیەکی گەورە بوو کە بۆ سیخوڕی سەرچاوەیەك لە گروپەکەی سەیاف، یان تەنانەت لە شەڕی ئەفغانستان کەسێکمان نییە.

بۆریس ئەو مەسەلەیەی بە تێنەگەیەنراو زانی. روسەکان لە کاتێکدا چالاکی نهێنیانە ئەنجام دەدەن کە هەموو وردەکاریەکی بزانن. بەمەش داوایـان لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات کرد چالاکییەك لە ئەفەریقا، یان ئەمەریکای باشور بکەن. هەرگیز روسەکان متمانەیان بە

پاکستانیەکان و سعودیەکان نەبوو.

لە هەفتەی داهاتوو خۆم لە سەردانی بۆریس دزییەوە. کاتێك نەمتوانی لەم مەسەلەیەدا هاوکاری بکەم، زەردەیەکی هاتێ و وتی: بزانە، پێم وتی. دڵنیابووم دەیزانی سەیاف کێیەو بەرپرسەکانی کێن. دەمزانی عەرەبستانی سعودییە و باقی توندڕەوەکانی ئەفغانستان دەناسێت. پەلاماردانی هێزەکانی روس لە سنورەکانی تاجیکستان بەردەوام بوو، لە ساڵی 1994 لە دووشەنبە گوازرامەوە.

بارودۆخەکە باشتر نەبوو. لە ساڵی 1997 «بێڵ لوور گرین» سەرۆکی ئیدارەی ئۆراسیای ناوەڕاست کە سۆڤیەتی پێشوو ئەوروپای خۆرهەڵاتی دادەپۆشی، دەرچووانی «گۆڵف ستریم»ی لەگەڵ خۆی هێنا تا سەفەرێکی خێرا بە ئاسیای ناوەڕاست و قەفقازدا بکەن. هێشتا نەگەیشتبووینە ئەو وەڵامەی کە ئایا ئیسلامگەرایانی چەکدار هەڕەشەیەکن بۆ ناوچەی دەریای خەزەر، یان نەخێر؟ کەس نەیدەتوانی قسەیەك لەم بارەیەوە بکات، تەنانەت زۆربەی بەرپرسە باڵاکان کە دەبوو زانیاریان لەم مەیدانەدا هەبێت. واشنتۆن و عەرەبستانی سعودییە لە سیاسەتی بێدەنگیدا هاوڕان.

لە دوا قۆناغی سەفەری گەڕانەوە، کاتێك بەیانی بۆ سەفەری لەندەن لە ئەڵمانیا بۆ تفلیسی کورجستان ئامادە

دەبووین. سەرەتا هیچ کێشەیەك نەبوو، بەڵام پاشان پێیان وتین کە دەتوانین بۆ وەرگرتنی بەنزین رۆژێك لە تفلیس بمێنینەوە، ئەگەر بمانەوێ دەتوانین لەم شارەدا بگەڕێین، بەڵام یەکسەر دوای نیشتنەوەی فڕۆکەکە، تێگەیشتین کە بەرنامەکە بە هەڵە بەرەوپێش دەچێت. ئەوکاتە سەربازە چەکدارەکان خۆیان گەیاندۆتە فڕۆکەکە و هاواریان کرد کە دەرگای فڕۆکەکە دابخەین و لەوێدا بمێنینەوە. بارودۆخێکی گاڵتەجاڕانە بوو. رێی فڕینمان بە دۆڵی پانکیسی گورجستان دابوو. ئەم ناوچەیە شوێنێکی سەقامگیری بن لادن بوو. کاتێك بەڵگەنامەکانی شەڕی چیچانم دایە بۆریس، ئەوکاتە زانیم تاچەند هەقی بوو ساڵی 1998 ئەومەسەلەیەم زانی.

چیچانیەکان لە ساڵی 1991 سەربەخۆیی خۆیان لە روسیا راگەیاند، بەڵام تا ساڵی 1994 «بۆریس یەڵتسن» سەرۆك کۆماری ئەوکاتەی روسیا هیچ هەنگاوێکی بۆ گێڕانەوەی ئەو منداڵە سەرلێشێواوەی خۆی نەنا.

# نەوتراوەکان لە کڕینەکانی چەکوچۆڵی عەرەبستانی سعودییە

## سەرچاوەی داهاتی شازادەکانی سعودی

عەرەبستانی سعودییە بەشێکی لاوەکی بەرهەمهێنەرانی چەکە لە ئەمەریکا. ئێمە نەوت لە عەرەبستانی سعودییە دەکڕین و دوای پاڵاوتنی دەیکەینە ئۆتۆمبیلەکانمانەوە. بەشێك لە داهاتەکانی ئەم کارەش بۆ پشتگیری دارایی کـارە تیرۆریستەکانی دژی ئەمەریکاو دامــەزراوە ئەمەریکیەکانی ناوخۆ و دەرەوە خەرج دەکرێت.

خانەدانی دەسەڵاتداری سعودی داهاتێك بۆ کڕینی چەك و پشتگیری ناوخۆ و دەرەوەی خۆی خەرج دەکات. دیارە ئەو چەکانە زیاتر بۆ پاراستنی خۆی لە بەرامبەر هەڕەشەکانی ناوخۆ دەکڕدرێت. ئێمە ئەو چەکانە بە عەرەبستانی سعودییە دەفرۆشین، بەڵام دەزانین کە بڕی X زۆر کەمترە لە بڕی Y کە بۆ پشتگیری لە گروپە تیرۆریستیەکانی عەرەبستانی سعودییە خەرج دەکرێت.

کڕینی چەك تەنیا هاوکاری پاڵپشتی ئال سعود ناکات لە

بەرامبەر خەڵکی عەرەبستانی سعودییە، بەڵکو ئەو کارە ئاسانترین ڕێگایە بۆ ڕاکێشانی پارە لە دارایی نیشتمانی، چونکە مامەڵەی دارایی کۆمپانیای سعودی «ئارامکۆ» - کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی عەرەبستانی سعودییە - بۆ بەرگرتن لە گەندەڵی دارایی، خۆرئاوا ئیدارەی دەدات. پیشەسازی لاوەکی - پڕچەك کردن و تەون و بەست - گەورەترین ئامانجی خانەدانی دەسەڵاتدارە، دەبێت سەرنج بدەین کە «بەکر بن لادن» زۆرترین پشکی لە داهاتی ناڕەوای ئەم پیشەسازیە هەیە. واشنتۆن باوەڕی وایە کە فرۆشتنی چەکی خۆی بە عەرەبستانی سعودییە سادەترین ڕێگایە بۆ زامنکردنی گەڕاندنەوەی بودجەی ئەنجامدراوی کڕینی نەوت بۆ داراییەکانی ئەمەریکا و ئەو کارەش دەبێتە جۆرێك پاڵپشتی لە پیشەسازیەکان.

یاسای چاودێری هەناردەی چەك لە ئەمەریکا داوا لە بەرپرسانی ڕاپەراندنی ئەو وڵاتە دەکات، کە کۆنگرە لە هەموو گرێبەستەکانی دەرەوەی فرۆشتنی چەك و گفتوگۆی حکومەتی و فرۆشە بازرگانیە ڕاستەوخۆکان ئاگادار بکەنەوە، کە لە 14 ملیۆن دۆلار زیاترە. لەوانە ئەو چەکانەی کە عەرەبستانی سعودییە لە ساڵی 1994 تا دوای 6ساڵ داوای کردووە، دەکرێت ئاماژە بە مانە بکرێت:

- رادەستکردنی 1500 سارۆخی رایتیۆن AIM-9L و سارۆخەکانی ئاسمان بۆ ئاسمان AIM-7M 300. «جۆن دویچ» بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای هەواڵگری ناوەند و لە ئەندامانی ئەنجومەنی رایتیۆن.

- رادەستکردنی 700 بۆمبی رێنمایی پەسەندی لێزەری Pave way II GBU 10

- 130 تۆپی 90 ملیمەتری.

- گرێبەستێکی بریتی لە چەند تۆپێکی 130 ملیمەتری، رەشاشی قورس، رەشاشی M2.50، نزیکەی 170 هەزار فیشەکی 90 ملیمەتری.

- پاسەوانی و پشتیوانی لە شمەکی هۆشداری دەری ئاسمانی، سیستەمی کۆنترۆڵ «ئەواکس»، سیستەمی دژە ئاسمانی، فڕۆکەی سوتەمەنی وەرگر، سارۆخی هۆك و پاتریۆت.

- رادەستکردنی سارۆخەکانی زەوی بۆ ئاسمانی ریتیۆن هۆك.

- 556 سارۆخی زیرەك GBU-1.

بەڵام هەموو ئەم بابەتانە ئاماژەکردنە بە چەند بەندێکی بچوك. لەوکاتەوە، «هنری کەیسنجەر» وەزیری دەرەوە گەیشتۆتە رێکارێك بۆ رادەستکردنی چەك لە بەرامبەر نـەوت. رەوتـی کڕینی چەك لەلایەن سعودیەکانیش هەڵکشانی بەخۆوە بینیووە کە لە ئەمەریکا 100 ملیار

دۆلار چەکوتەقەمەنی شەڕ، وەك دەبابەکانی ئێم 1 و کەشتی شەڕ بکڕێت. عەرەبستانی سعودییە لە چەندین ساڵدا، ژمـارە 1ی سیستەمی سەربازی و چەکەکانی ئەمەریکای بەکارهێناوە، لە پشت پـەردەی هەر گرێبەستێك کۆمیتەیەك هەیە، لە پشت هەر کۆمیتەیەك ئەندامێکی خانەدانی دەسەڵاتداری سعودی وەستاوەو لە پشت دەرگاوە چاوەڕوانە تا پارەی خۆی وەربگرێت، دیارە رێگای تریش بۆ ئەم گرێبەستانە هەیە. پرۆتۆکۆلە باڵا دەستەکان بەسەر فرۆشە سەربازیەکانی دەرەوەی ئەمەریکا، دەڵێت پارەکان دەبێت لە سندوقێکی متمانە پێکراودا هەڵبگیردرێت، کە وەزارەتی بەرگری ئەمەریکا ئیدارەی دەدات و لە داراییی عەرەبستانی سعودییە وەردەگیردرێت. پارە دیاریکراوەکانی ئەو سندوقە متمانە پێکراوە بۆ فرۆشیاران خەرج دەکرێت، ئەگەر سعودیەکان لەکاتی دیاریکراو پارەکەیان بدەن هەموو شتێك بە باشی بەرەوپێش دەچێت، بەڵام بە سەرنجدان بەوە پێکهاتەی پێچەوانە لە هێزی ئاسمانی سعودی دەست پێدەکات، کە ئەم کارە زۆرتر ئەنجام نادرێت.

بە سەرنجدان بەوەی کە پێکهاتەی پێچەوانە لە رێگای کڕینە سەربازیەکان ئەنجام دەدرێـت، سعودیەکان دەتوانن بەبێ ئاگاداری کۆنگرەی ئەمەریکا لە رێگای ئەو پرۆسەیە چەکی پێشکەوتووی فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکانی

وەك ئەلکترۆنی بکرێن، لە کاتێکدا ئەم کارە بە ئاشکرا پێشێلکردنی یاساکانی فرۆشتنی چەکە بە دەرەوەی وڵات. 2,1 ملیۆن دۆلار لە رێگای دانی کرێیارانی ناوخۆیی کۆکرایەوە، لە کاتێکدا بە سادەیی 1 ملیۆن و سەد هەزار دۆلار ونبوو چووە گیرفانی کەسێکەوە. ئەمەریکیەك کە بەسەرهاتی پێکهاتەی پێچەوانەی زانیبوو، بەپێی گرێبەستێك لەگەڵ کۆمپانیای بی دی ئێم بۆ هێزی ئاسمانی پاشایەتی عەرەبستانی سعودییە کاری کرد. بی دی ئێم کۆمپانیەیەکی سەربە گروپی کارلایل بوو.

شازادە بەندەر لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ BPS وتی: سعودیەکان لە سەرەتای ساڵی 1970 سنوری 400 ملیار دۆلاریان بۆ دامەزراندنی حکومەتی نوێ خەرج کردووە کە 50 ملیار دۆلاری بەهۆی گەندەڵیەوە قوتدرا. (بەندەر وتی: «ئێمە گەندەڵیمان دانەهێناوە») رەنگیشە 125 ملیار دۆلار لە رێگای بەرتیلەوە بۆ بنەماڵەی عەرەبستانی سعودییە بگەڕێتەوە.

لە هاوینی 1992 جۆرج بۆشی باوك رەزامەندی لەسەر فرۆشتنی 72 شەڕکەری F-15 لەگەڵ چەکوچۆڵ و پشتیوانی بۆ عەرەبستانی سعودییە دەربڕی کە نرخەکەی گەیشتە 9 ملیار دۆلار. ئەو عەمبارانەی کە کۆمپانیای «مەکدۆناڵ داگڵاس» (ئێستا بەشێکە لە کۆمپانیای بۆیینگ) دروستی کردن، جێگەی زیاتر لە 12 تەن چەکی ئاسمان بۆ ئاسمان،

ئاسمان بۆ زەوی، لەوانە سارۆخی سایدو، سارۆخی سپارۆ و زیاتر لە 160 بۆمب دەبێتەوە.

شەڕکەرەکانی F-15 دەوری بەرچاویان لە شەڕی یەکەمی کەنداو بینی. لە بەرایی ساڵی 1994 و پێش دەسپێکی رادەستکردن، حکومەتی کلینتۆن رەزامەندی لەسەر فرۆشتنی نزیکەی 25 شەڕکەری F-15ی بە ئیسرائیلیەکان پیشاندا.

بەهەمانشێوە کە مێژوو زۆرجار سەلماندویەتی، فرۆشتنی چەك بە وڵاتانی ناجێگیر، رەنگە ئەنجامی پێچەوانەی هەبێت. (وەك هاوکاری دەزگای هەواڵگری ناوەند بۆ تالیبان کاتێك کە شەڕی بۆ ئازادکردنی ئەفغانستان دەکرد)

## فڕۆکەی مەدەنی و پارەی پادشاکان

سەرەڕای گرێبەستێك بۆ فرۆشتنی فڕۆکەی مەدەنی بە عەرەبستانی سعودییە بەسترا، ئەم گرێبەستە زیاتر زەربــەی لە سەقامگیری ئەو وڵاتــەدا، لە 1ی تشرینی یەکەمی 1995 لە نوسینگەی کۆشکی سپی گرێبەستی سەربازی و دیپلۆماتیکی زۆر لەنێوان سەرۆك کۆمار کلینتۆن و سەرۆکی کۆمپانیای «مەك دۆناڵد داگڵاس» و شازادە «سوڵتان» یاریدەدەری دووەمی سەرۆك وەزیرانی سعودی و وەزیری بەرگری و فڕۆکەوانی و باوکی شازادە بەندەر واژۆ کرا.

هێڵی ئاسمانی عەرەبستانی سعودییە، 61 فڕۆکەی بۆیینگی کۆمپانیای مەکدۆناڵ داگڵاسی کڕی، هەروەها لەم گرێبەستە 33 فڕۆکەی موسافیربەری 777 - 200 5 ،S فڕۆکەی 747 - 400، 4 فڕۆکەی MD-11F بۆ گواستنەوەی کاڵا، 29 فڕۆکەی MD- 90 لەگەڵ ماتۆڕەکانی کۆمپانیای جەنەراڵ ئەلکتریك و کۆمپانیای نێودەوڵەتی ئەیرو جێی کرایەوە. بڕی ئەم گرێبەستانە گەیشتە 7 ملیار دۆلار و پێکهاتن کۆمپانیای فڕۆکەوانی خۆرهەڵاتی ناوین گەورەترین فڕۆکەی بازرگانی بکڕێت. بۆ ئاهەنگ گێڕانی ئەم گرێبەستە «ویلیام پێری» وەزیری بەرگری بۆ نانی ئێوارە میوانداری شازادە سوڵتانی کرد لە «بلر هاوس». ئەم شوێنە نزیکی ویلایەتی پەنسلڤانیایە بۆ میوانداری فەرمی. ئەم گرێبەستە لەگەڵ عەرەبستانی سعودییە، بۆ بێڵ کلینتۆن ڕووداوێکی سیاسی نەخافڵکەر بوو. ئەم فڕۆکەیە لە دامەزراوەی سەرەکی بۆیینگ لە ویلایەتی واشنتۆن، هەروەها لای کۆمپانیای مەکدۆناڵ داگڵاس لە ویلایەتی کالیفۆڕنیا دروست دەکرێت، ماتۆڕەکانی جەنەراڵ ئەلکتریك لە ویلایەتی ئۆهایۆوە دەهات. لەم گرێبەستدا پشکێك بەر ماتۆڕەکانی برات ئەند ویتنیش لە ویلایەتی کۆنیتیك، بۆ ویلایەتەکانی کانزاس، ئۆرکانزاس و یۆتانیش کەوت. ڕژێمی عەرەبستانی سعودییە لە ڕوانگەی کۆشکی سپییەوە، خەریکی ڕەخساندنی

دەرفەتی کارە بۆ سەدان هەزار ئەمەریکی و ئابووری وڵاتیش دوای هەرەسی ئابووری ساڵەکانی ئەم دواییەی حکومەتی بۆشی باوك، لە تەندروست بوونەوەدایە.

کلینتۆن بەردەوام هەوڵیدەدا ئەمجۆرە گرێبەستانە ببەستێت، لە شوباتی ساڵی 1993 واتە کەمتر لە مانگێك گەیشتنی بە سەرۆك کۆماری، کلینتۆن وەزیری دەرەوەی خۆی «وارن کریستۆڤەر»ی ناردە عەرەبستانی سعودییە تا مەلیك فەهد بۆ کڕینی بۆیینگ بخاتە ژێرگوشارەوە. لە 28ی تشرینی یەکەمی 1994 کلینتۆن لە شاری سەربازی مەلیك خالد چاوی بە مەلیك فەهد کەوت. ئەم شارە دەکەوێتە نزیك سنورەکانی عەرەبستانی سعودییە لەگەڵ کوەیت و عێراق. ئامانج لەم چاوپێکەوتنە هاندانی سعودیەکانە بۆ چوون بەرەو دوا قۆناغەکانی بەستنی گرێبەستی کڕین بوو.

کلینتۆن تاکە سەرۆك کۆمار نەبوو ئارەزووی بەستنی گرێبەستی لەگەڵ عەرەبستانی سعودییە هەبوو، لەسەرەتای ئەو ساڵە بازاڕی جیهانی فڕۆکەی بازرگانی لە دابەزین بوو هەموو بەشەکانی پیشەسازی رووبەڕووی کێشە ببوونەوە. «فرانسوا میتەران» سەرۆك کۆماری فەرەنساش بۆ بەرگرتن لە بەرەوپێش چوونی کریستۆڤەر براون و کلینتۆن، سەردانی عەرەبستانی سعودییە کرد و چاوی بە مەلیك فەهد و ئەندامانی خانەدانی دەسەڵاتدار

کەوت و دەربارەی مەسەلەی «ئەیرباس» گفتوگۆیان کرد. «جۆن مێجەر» سەرۆك وەزیرانی بەریتانیاش هەوڵیدا ریاز بۆ پشتگیری کۆمپانیاکانی ئەیرباس هانبدات. دەزگای هەواڵگری ناوەندیش لە پشت پەردە گوشاری دەکرد.

## دزی، بەرتیل و داهاتی نایاسایی لە عەرەبستانی سعودییە

بناغەو بنچینەی ئەم گرێبەستانە دوور لە نوسینگەی حکومەت دادەنرێت. هەر گرێبەستێك لەگەڵ سعودیەکان بریتی بوو لە پرۆسەی دزین و بەرتیل و داهاتی نایاسایی. ئێستا دەتەوێ هەر ناوێکی لێ بنێی، بەڵام ئەم کارانە بودجەی بازرگانییە لەگەڵ باشترین هاوڕێمان لە وڵاتانی عەرەبی. بەشێوەیەکی گشتی، بە تەنیشت ئەوەوە کە وردەکاری ئەم گرێبەستانە بە پەنهانی دەمێنێتەوە، ئەم گرێبەستانە بەهۆی سکاڵای دادگایی بۆ دادگاکانی باڵای واشنتۆنیش ئاڵۆز بوو، بەڵام لە مەسەلەی جێی پێویست بۆ بەستنی گرێبەست لەگەڵ سعودیەکان وێنایەکی روونمان هەبوو.

کڕینەکانی کۆمپانیای فڕۆکەوانی سعودی، چ سەربازی بێت، یان بازرگانی، دەبێت بە رەزامەندی کار راپەڕێنەرانی خانەدانی دەسەڵاتدار ئەنجام بدرێت. سەرۆکانی

بۆیینگیش بە سەرنجدان بە ئەزمونی رابـردووی خۆیان دەزانـن، کە هەمیشە دەبێت کەناڵێك لەگەڵ پادشا و دەوروبەریان لەوانە شازادە سوڵتان، بکرێتەوە.

«خالد بن محفوظ» بۆ سەرۆکایەتی پیشەسازی فڕۆکەوانی دیاریکرا. ئەوکاتە یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی بانکی بازرگانی «ئەهلی»، دامەزراوەیەکی گەورەی دارایی عەرەبستانی سعودییە بوو. (بنەماڵەی محفوظ گەورەترین خـاوەن پشکی بانکی ئەهلی بوو) گرنگ ئەوەبوو کە محفوظ لە عەرەبستانی سعودییە کەسێکی خۆشەویست بوو.

محفوظ لە ساڵی 1991 لەلایەن عەرەبستانی سعودییەوە سەردانی بەڕێوەبەرانی جێبەجێکاری بۆیینگی کرد بۆ واژۆ کردنی گرێبەست، تا نیگەرانیەکانی ئەمەریکا لەمەڕ قەیرانی دارایی بڕەوێنێتەوە. ڕەزامەندی هاوکاری کەسێکی دیکەی پیشاندا بۆ چاودێری پەیوەندی بازرگانی خوازراو. ئەو کەسە هاووڵاتیەکی یەمەنی دانیشتووی عەرەبستانی سعودییە بوو، بەناوی «تاهر باویز» .

لە ئاداری 1992 بۆیینگ ڕەزامەندی لەسەر واژۆکردنی چەند گرێبەستێك دەربڕی، تا بەپێی بەڵگەی دادگا، بڕی کۆمسیۆن لە نرخی رادەستکردنی فڕۆکەکان لاینکەم 5% لە نرخی فرۆشتن بێت. نزیکەی 10 تا 12% لەم گرێبەستانەش لە ئەستۆی سعودیەکان بێت.

کۆمیسیۆنەکانی بن محفوظ و دابینکردنی دارایی ئەلقاعیدە

دوای تێپەڕینی ماوەیەك لە واژۆکردنی ئەم گرێبەستە، خالد بن محفوظ رووبەڕووی کێشە و تۆمەت بووەوە، چونکە پەیوەندی بە کۆمەڵە خێرخوازیەکانی پادشاییەوە هەبووە، کە سەرەنجام پارەکەیان بۆ بن لادن، ئەلقاعیدە، گروپە تیرۆریستەکانی دیکە سەرەو ژێر دەبێت. پشکی سەرەکی بانکی نێودەوڵەتی «الاعتماد و التجارە» لەبەردەست محفوظ دابــوو. لە حوزەیرانی 1991 دەستەی باڵای دادوەری لە نیۆیۆرك ئەم بانك و 4 لقی و 2 ئەفسەری بە دەستبڕی بێ شەرمانە تۆمەتبار کرد. هەر لەو ساڵەدا بڕیاری گیرانی محفوظ دەرکرا. تارادەیەك هاوکاتی ئـەم بابەتە، ئەمەریکا لە سکاڵایەکدا بۆ ئەنجومەنی فیدڕاڵی، محفوظی بە پێشێلکاری یاساکانی بانکداری فیدڕاڵ تاوانبار کرد. لە 8ی حوزەیرانی 1992 دادگا لە بڕیارێکدا هەرجۆرە راگواستنێکی کەلوپەلەکانی قەدەغە کرد.

لە کانونی یەکەمی 1993 محفوظ سنوری 225 ملیار دۆلاری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی لەگەڵ ئەمەریکاو 245 ملیۆن دۆلار بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هاوشێوەی لە ئەوروپا دا، لە هەردوو بابەتەکەدا داوا لە محفوظ نەکرابوو کە دان بە تۆمەتەکانی دابنێت. ئەوکاتە

دۆسیەی نیگەرانی تریشی هەبوو.

بە داواکاری «باویز» خانەدانانی دەسەڵاتدار تینیان بۆ محفوظ هێنا دەست لەم گرێبەستانە هەڵگرێت، کە لە ئەندامانی دیاری عەرەبستانی سعودییەە. ئامانج ئەوەبوو کە ئەندامێکی دیکەی خانەدانی دەسەڵاتدار گرێبەستەکە بکات. باوزیر لەم داوایە جەختی کردبویەوە کە بۆخۆی نەخشەکێشی ئەو رێهبۆردیەو هەموو کارەکانی کردووەو گرێبەستەکەی رزگارکردووە، نەك محفوظ.

باوەڕکردن بەم مەسەلەیەش سادە بوو، «خالد بن محفوظ» سەرقاڵی گەیشتن بە دارایی خۆی، بە تایبەت بانکی «الاعتماد و التجارە» بوو.

دادگای واشنتۆن خۆی لە چوونە ناو وردەکاری دۆسیەی باوزیر دزیەوە و تەنیا ئەم روونکردنەوە سادەیەی دا کە راگەیشتن بەم مەسەلەیە لە چوارچێوەی کاری واشنتۆن نییە. بۆیینگ 15 ملیۆن دۆلاری بۆ محفوظ نارد و پشکی لەگەڵ سعودیەکان بە کۆتایی ئەم گرێبەستە کۆتایی هات. ژمارەی جەختکراوە 700 ملیۆن دۆلارە، بەڵام دەنگۆش هەیە کە بەوپێیە ملیارێك دۆلار لە ئەمەریکاو عەرەبستانی سعودییە بۆ ئەم گرێبەستە دیاری کرابوو.

هەرچۆنێك بێت بۆیینگ بە خزمەتگوزاریە خراوە ڕووەکان رازی بوو. کاتێك خالد بن محفوظ لە 24ی ئازاری 1994 سەفەری بۆ سیاتل کرد - دوای ئەوەی

توانی جارێکی دیکە بە یاسایی بچێتە ئەمەریکا - چـووە کۆمپانیای بۆیینگ و لـەوێ «فرانك شرونتز» سەرۆکی جێبەجێکاری کۆمپانیەکە و چەند کەسێکی دیکە پێشوازیان کرد. «تۆم فولی» سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران بە بەرزنرخاندنی ئـەم گرێبەستە لەگەڵ عەرەبستانی سعودییە وتی: «ئەوە رۆژێکی گەورەیە بۆ وڵات». دیارە لە راستیدا تەنیا کێشەیەکی گچکە هەبوو: سعودیەکان قابیلی بەرگەگرتن نین، لە 13ی تشرینی دووەمی 1995 و 18 رۆژ دوای رێکەوتنی بۆیینگ و عەرەبستانی سعودییە کە کۆشکی سپی واژۆی کردبوو، ئۆتۆمبیلێکی بۆمبڕێژکراو لە دەرەوەی دامـەزراوەی فێرکاری ئەمەریکا لە ریاز تەقییەوە و بەهۆیەوە 7 کەس لەوانە 5 ئەمریکی کوژران و 42 کەسیش بریندار بوون.

ئەم تەقینەوەیە لە نزیك تەلارێك روویدا کە نزیکەی 400 ئەمەریکی تێیدا مەشقی بە کاربردنی ئەو چەکانەیان بەگاردی نیشتمانی سعودیە دەکـرد کە لە کۆمپانیا ئەمەریکیەکان کڕیبوویان. گروپی «جوڵانەوەی ئیسلامی بۆ گۆڕان» بەرپرسیەتی تەقینەوەکەی گرتە ئەستۆ، پاشان دەیان گومان لێکراو لە سعودیە گیران، لە 31ی ئازاری 1996 4 کەسییان لە سێدارە دران، لە کاتێکدا هێشتا دەست هەبوونیان لە تەقینەوەکەدا جێی گومان بوو. لەوکاتە عەرەبستانی سعودییە تۆمەتبارکرا کە بە سود

وەرگرتن لەم تەقینەوەیە بەدوای رزگار بوونیەوەیەتی لە دەست نەیارانی سیاسی.

شیمانەی بوونی پەیوەندی نێوان تەقینەوەی ئۆتۆمبیلەکە بە گرێبەستەکەی بۆیینگ کەمە، بەڵام نزیکبوونی کاتی ئەو دوو رووداوە جێگای سەرنجە. بن لادن بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستی بە پاڵنەرگەلێك بوو. خانەدانی دەسەڵاتداری تاوانبار کردبوو کە ئیسلامی کرۆدتە قوربانی و بە عەرەبستانی سعودییە لە ماوەی پارە، بەرتیل و گرێبەستە ناپاکەکانی رێزی ئەتك کردووە.

## کێشەکانی کۆمەڵگای عەرەبستانی سعودییە

نزیکەی 1\4ی سعودیەکان تەمەنیان لە نێوان 15 تا 64 ساڵە و رێگا بە بێگانەکان دەدرێت تا بۆ کارکردن لە چاڵە نەوتیەکان، ماڵەکان، بەرنامەدارێژی کۆمپیوتەر و ئیدارەی پاڵاوتگەکان بچنە ئەو وڵاتە. 90% لە کرێکارانی بێگانە ئەو کارانە دەکەن کە هاووڵاتییانی عەرەبستانی سعودییە نایکەن. سعودیەکان تەنیا لە بەشی تایبەتی سەرقاڵن و بەهای نەخوێندەواری نێوان پیاوانی سعودی زۆر بەرزە.

نزیکەی 85%ی سعودیەکان لە سەرووی 15 ساڵ شارەزای خوێندنەوە و نوسینن و کەمتر لە 70%ی ژنانی عەرەبستانی سعودییەش هەر لە ریزی ئەو تەمەنەدان.

کێشەی یەکەم: کەسانی خوێندەواری کەم تەمەن و

ساڵ لە عەرەبستانی سعودییە بە دوای زانستێکەوەن بۆ بەشداری لە دنیای نوێ و نوێگەری؛ لە کاتێکدا سعودیەکان لە کڵاورۆژنەیەکی زۆر تەسکەوە دەڕوانن. زۆربەی سعودیەکان رووداووی دنیا بەهۆی رۆژنامە ناوخۆییەکان و تۆڕی ئەلجەزیرەوە دەبینن، کە ئوسامە بن لادن بۆ بڵاوکردنەوەی راگەیەنراوەکانی دیاری کردووە.

کێشەی دووەم: لە نێوان هەموو وڵاتانی لە گەشەکردندا هاوبەشە. لاوانی عەرەبستانی سعودییە رێگای دیکەیان بۆ پڕکردنەوەی کاتی بێ ئیشی خۆیان هەیە. نیوەی عەرەبستانی سعودییە تەمەنیان لە خوار 18 ساڵیەوەیە، کە ئەم کارە ئاکام گەلێکی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی هەیە. بوونی ژمارەیەکی زۆر لاو لە بەرە بەری چوون بۆ کار و کەسانێك کە خۆیان بۆ چوونە ناو بازاڕی کار ئامادە دەکەن، گوشارێکی زۆر لە ئابووری ئەو وڵاتە دەکەن، چونکە عەرەبستانی سعودییە توانای وەڵامدانەوەی هەموو ئەم لاوانەی سەوداسەری کاری نییە. ئەوە لە کاتێکدایە کە چینی مام ناوەندی کۆمەڵگا سەقامگیری وڵات دابین دەکات.

سێیەم: بە سەرنجدان بـەوەی کە 85%ی ئابووری عەرەبستانی سعودییە پەیوەستە بە داهاتی نەوتی، هەر دابەزینێك لە بەهای دۆلار دەبێتە هۆی دابەزینی بەهای بەرمیلێك نەوت کە سەرەنجام 3 ملیار دۆر خەسارە لە

دارایی سعودیە دەدات.

دیارە تەقینەوەی دانیشتوان لە خانەدانی دەسەڵاتدار، نابێتە کۆسپی بـەردەم ئەندامانی ئال سعود لە فرە هاوسەری و خستنەوەی 40 تا 70 منداڵ لە ژیانیاندا.

## شازادەکان و چالاکی نایاسایی

نەوەی نوێی شازادەکانی کەم تەمەن و ساڵ و کەسانی خانەدانی دەسەڵاتداری سعوی چالاکی نایاسایی دەکەن. ئەم کارە پێویستی کردووە خانەدانی دەسەڵاتدار وەها بێتە بەرچاو کە بە دوای قومار، خواردنەوە غازیەکان، گەندەڵی و تاوانەکانی دیکەوەن.

خانەدانی ئال سعود 30 هەزار ئەندامی هەیە، کە ئەم ژمارەیە لە ماوەی 20 تا 30 ساڵی داهاتوو چەند بەرامبەر زیاد دەکات. ئەم کارە وادەکات داهاتی نەوتی بۆ پارێزگاری ئیمتیازەکانی خانەدانی دەسەڵاتدار خەرج بکرێت.

## کڕینی توندڕەوەکان بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا

لە ساڵی 1979 لە کاتی تێکهەڵچوونی خوێناوی ئاژاوەگێڕان لە عەرەبستانی سعودییە 127 کوژراو 117 برینداربوون. ئەم تێکهەڵچوونە دوای زاڵبوونی وەهابیە

توندڕەوەکان بەسەر مزگەوتی ئەلحەرام لە مەککە دەستی پێکرد. ئەم ئاژاوەگێڕانە هەمان پەیامی بانگەوازخوازانی وەهابییان خستەڕوو: خانەدانی ئال سعود سوکایەتی بە ئیسلام دەکەن. ئەوکاتە «مەلیك خالد» دەسەڵاتی بە دەستەوە بوو.

مەلیك فەهد بۆ بەرگرتن لە دوبارە بوونەوەی ئەم کارەساتە، 25 ملیار دۆلاری بۆ پەرەپێدان و نۆژەنکردنەوەی شوێنە پیرۆزەکان و ملیاران دۆلاریشی بۆ زانکۆی نوێی ئیسلامی خەرج کرد. خانەدان «بەکر بن لادن» قازانجێکی زۆری لە نەخشە گەورەکانی مەککە و مەدینە کرد. ئەم خانەدانە چاودێری بەسەر تەونوبەستی ملیاریەوە هەبوو دیارە هەندێك لەم خەرجانە بەرەو ئامۆزاکەی ئوسامەو ئەلقاعیدە و گروپەکانی دیکەی توندوتیژخواز سەرەوژێر بوویەوە. کاروبار لە عەرەبستانی سعودییە بەمجۆرە دەچووە پێش ، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە کە ئەم ڕووداوانە لە کوێ کۆتاییان دێت.

خۆرئاواو ئەمەریکا بژاردەیەکی زۆریان بۆ ئال سعود دانەنابوو، لە کاتێکدا کە زۆربەی ئەندامانی خانەدانی ئال سعود هیوادار بوون کە هەرگیز داهاتوو نەیەت. واشنتۆن بانگەشە دەکات کە ریاز هەرگیز ناسووتێت، لە کاتێکدا دەبینێت چۆن دەوڵەمەندانی سعودی سەدان ملیۆن دۆلار دەدەنە گروپە توندڕەوەکان تا ئاسایشی

خۆیان زامن بکەن.

واشنتۆن پێشوازی لە ئەندامانی پێشەنگی خانەدانی دەسەڵاتداری وەك «شازادە سەلمان» دەکات، لە کاتێکدا دەزانین چاودێری بەسەر خولانەوەی دارایی دەستەی رزگاری ئیسلامی دا هەیە، کە دەوری گرنگی لە پشتگیری دارایی لە تیرۆریستان بینی. ئەم تیرۆرستانە هەوڵیاندا دنیا بتەقێنەوە و پێش چەند ساڵێکیش توانیان ناوەندی بازرگانی جیهانی بتەقێننەوە.

کۆمپانیا ئەمەریکیە گەورەکانی وەك بۆیینگ، مەکدۆناڵ داگلاس پێشوازی لە واژۆکردنی گرێبەست دەکەن، لەگەڵ عەرەبستانی سعودییە و زۆربەی بەڕێوەبەرانی پێشووی دەزگای هەواڵگری ناوەند کە هاوکاری کۆمپانیاکانی سعودیەیان کردبوو، دەزانن ئەم نمایيشە گاڵتەجاڕانەیە بۆ ماوەیەکی زۆر بـەردەوام دەبێت. «جۆن ئۆنێل» سەرۆکی پێشووی ئیدارەی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم دژی سعودیەکان بوو. رووداوگەلێکم خوێندەوە: کە چۆن وەزارەتـی دەرەوە پێشی بە ئۆتێل گرت لە چوونە ناو یەمەنەوە، لە کاتێکدا دەیویست لێکۆڵینەوە لە پەلامارە تیرۆریستیەکانی سەر پاپۆڕە جەنگیەکانی ئەمەریکی کول بکات. ئۆنێل سعودیەکانی نادیدە گرت، بەڵام هێندەی پێ نەچوو بووە ئامانجی چەقۆکان. ئێف بی ئای دۆسیەی کارمەندەکەی خۆی لە رۆژنامەدا ئاشکرا کرد.

کاتێك چاوم بە ئۆنێڵ کەوت، یەکسەر زانیم کە کەسێك بوو دەیویست بارودۆخی واشنتۆن بشێوێنێت.

## چاوپۆشی ئەمەریکا لە توونڕەوەکان

ئەمەریکا چاوەکانی لە سەر توونڕەوەکان دەنوقێنێت. نەوتی دەریای خەزەر، تاکە شتێك بوو کە ئەنجومەنی ئاسایش نەتەوەیی چاوی لەسەر بوو. گرێبەستەکان لەگەڵ عەرەبستانی سعودییە بووە هۆی دامەزراندنی چەند کۆمپانیایەك بۆ بەخراپ کەڵك وەرگرتن لە وزەی خۆرهەڵاتی ناوین.

کۆمپانیا گەورەکانی نـەوت زیاتر لە هەر شتێك سەقامگیریان دەوێــت. عەرەبستانی سعودییە نائاقڵانەترین وڵاتـە. عەرەبستانی سعودییە وڵاتێکە تیرۆریزمی جیهانی تێدا لە دایك دەبێت؛ سـەرەڕای سەرۆکایەتی خانەدانی دەسەڵاتدار بە سەر عەرەبستانی سعودییە ئەو وڵاتە ناتوانێت لەم بارودۆخە بچێتەدەر. ئایا ئەم وڵاتە خاڵێکە بۆ هاتنەدی هاوسەنگی لە ئابووری جیهانیدا؟

# بۆچی ئەمەریکا تیرۆریزمی ئال سعود نادیدە دەگرێت

## مشتومڕی شازادەکان بۆ تاڵانکردنی داراییەکان

ئارەزووم لێبوو ڕۆژی 29ی تشرینی دووەمی 1995 لە عەرەبستانی سعودییە بوومایە. ئەو ڕۆژە «مەلیك فەهد» توشی سەکتەی مێشکی توند بوو نەمرد، بەڵام لە گیانەڵای ناوجێ دابوو. هەربۆیە شازادە «عەبدوڵڵا» میراتگری پادشایەتی نەیدەتوانی بگاتە تەختی پادشایەتی.

عەرەبستانی سعودییە، لە ئامادە نەبوونی پاشا بەرە و جۆرێك ئاژاوەگێڕی دەڕۆیشت، بەشێوەیەك کە لە هەر گۆشەیەك دزین و گەندەڵی بێ وێنە هەڵبەزودابەزی کرد.

وەهابییە توندڕەوەکانی سەربە «ئوسامە بن لادن» دووره پەرێز وەستاون و خۆیان لە بازنەی توندوتیژیەکان دوور گرتووە. حکومەتی عەرەبستانی سعودییەش هەموو هاوکاریەکانی خۆی بۆ واشنتۆن لە بارەی تیرۆرزم ڕاگرت. واشنتۆنیش لە بەرامبەردا بە ئامانجی وەرگرتنی

پارەی زیاتر، ئەو هەلەی قۆستەوە بۆ زیاتر باج وەرگرتن لە عەرەبستانی سعودییە.

### بەرەی تاقانە گوڵەکەی پادشا لە نەخۆشخانە

کاتێك سەکتەی مێشکی پادشا راگەیەنرا، زەنگەکان لە ریاز لێدراوە و هێلیکۆپتەرەکان چوونە ئاسمان. کاروانەکانیش بەرە و نەخۆشخانە کەوتنە رێ، کە پادشا لەوێ خەوێنرا بوو. یەکێ لەو کەسانەی خۆی گەیاندبووە نەخۆشخانە، هاوسەری چـوارەم و تاقانە گوڵەکەی «فەهد» و دایکی «عزوزی» - رۆشنایی هەردوو چاوی باوك - بوو. هەموو چیرۆکەکانی دەربارەی «عزوزی» و سواربوونی ماتۆڕی «هارلی دیڤیدسۆن» و سوڕانەوە بە دەوری کۆشکی باوکی، شوێنکەوتنی خاتوونان و تێکدانی کەلوپەلییانم بیستبوو. زۆربەی ئەندامانی خانەدانی «ئال سعود» عزوزییان بە کەسێکی ترسنۆك و گێل دەزانی، بەڵام خواپێداوی عزوزی ئەوەبوو کە دەیتوانی لە دڵی باوکیدا جێی خۆی بکاتەوە.

براکانی فەهد، «سوڵتان» وەزیری بەرگری، «نایف» وەزیـری وڵات و «سەلمان» ئەمیری ناوچەی ریاز لەو کەسانە بوون کە خۆیان گەیاندبووە نەخۆشخانە. ژمارەی کەسانی نامۆ لە نەخۆشخانە زۆر کەم بوو.

دایکییان کە لە خانەدانانی هۆزی «سەدیر» بوو، لە

نەوجەوانیەوە فێری کردبوون کە دەبێت دژی منداڵانی «بن سعود» هاوکاری یەکتری بکەن، ئەوانیش ئەو وانەیان وەرگرتبوو بەردەوام پراکتیزەیان دەکرد. شازادەکان و بەرپرسانی دیکەش لە ناوچەی جیاجیای عەرەبستانی سعودییە و سەرانسەری دنیا هاتنە نەخۆشخانە. فڕۆکە تایبەتیەکان لە فڕۆکەخانە ریزیان بەست. هەرکەسێك کە نەیدەتوانی دەرفەتێك بۆ گەیشتن بە فەهد بقۆزێتەوە، هەوڵیدەدا بە جۆرێك ئیرادەی خۆی دەربڕێت. هەموویان کەڵکییان لە سەخاوەتمەندیەکەی وەردەگرت. مانگانە تا 270 هەزار دۆلار وەك موچەی دراوی پادشا دەگەیشتە 12 هەزار کەس، ئەندامانی بنەماڵە دەیانزانی کە شازادە «عەبدوڵلا» میراتگری پاشایەتی (لە داهاتوودا) یان مووچەکەیان دەبڕێت، یان ئیمتیازە تایبەتیەکەیان کەم دەکاتەوە.

**پرسیارە سەیروسەمەرەکانی براکانی فەهد لە دکتۆرەکان**

براکانی فەهد لەم هەلومەرجەدا، پرسیاری سەیروسەمەرەیان لە دکتۆرە ئەمەریکی و ئەوروپیەکان لە بارەی بارودۆخی سەلامەتی براکەیان دەپرسی کە چەند درێژە دەکێشێت، پێش ئەوەی ئەو بمرێت؟ چونکە نایانەوێت بارودۆخی فەهد باش بێتەوە، بەڵکو

دەیانەوێت بەوشێوەیە لە «گیانەڵای ناوجێ»دا بێت.

دکتۆرەکان لە نائومێدی دەسەڵاتدارانی عەرەبستانی سعودییە و سیاسەتەکانی ئەو وڵاتـە نەدەگەیشتن. خانەدانی ئال سعود، وەك گورگی بیابان لە شازادە «عەبدوڵڵا» (میراتگری پادشایەتی)یان دەڕوانـی کە هەموودەمێ ئامادەی هەڵدڕینی ورگی مێگەلەکە بوو. تاکە ڕێگای دوورخستنەوەی، پاراستنی لێدانی دڵی «فەهد» و ئەندازەگرتنی شەپۆلی مێشکی بوو بۆ دوور و درێژترین ماوەی شیاو.

عەبدوڵڵا بەردەوام شازادەیەکی نائاسایی بوو. دایکی لە هۆزی «شەمەر» دوژمنی هەمیشەیی ئال سعود بوو. بن سعود بۆ پتەوکردنی ئاگربەست لەگەڵ هۆزی شەمەر، ژن و ژنخوازیان کرد، جگەلەوەی کە هۆزی شەمەر لە عەرەبستانی سعودییە دەسەڵاتی پەیدا کردووە، هەروەك عەبدوڵڵا لە ڕوانگەی براکانی فەهد، کەسێکی جێی متمانە نەبوو.

تەنیا عەبدوڵڵا لە خانەدانانی فەهد بوو، کە ڕێگای بیابانی گرتەبەر و پشتی لە باقوبریقی ژیان لە ریاز، جەدە و تائیف کردو بۆ پشوو نەچووە ئەوروپا. وتی بەباشی دەزانێت کاتی خۆی لە ڕەشماڵێکدا بباتەسەرو شیری وشتر بخواتەوە.

## شازادەکانی هیرۆیین فرۆش

ئال سعود لەوە بێزارن کە بیریان بهێنرێتەوە، باپیرانیان «دەشتەکی» بوون. بێزارن کە عەبدوڵڵا لە گەندەڵی و ئیمتیازاتی بنەماڵە کەم بکاتەوە، کاتێك کە عەبدوڵڵا ببێتە پادشا، سنوری بۆ دزیەکان دادەنێت. تەواو لە کۆنترۆڵ دەچێتە دەر. شازادەکانی نەوەی سێیەم مانگانە 19 هەزار دۆلاریان وەردەگرت کە دیارە بەشێك بوو لە پێویستیەکانیان، چونکە ساڵانە پێویستیان بە ملیۆنێك دۆلاری ئەمەریکییە تا بەلەمە گەشتیاریەکەیان لە کەنارەکانی لێورای فەرەنسا لە ئاودا بهێڵنەوە. هەربەوهۆیە، بۆ قەرەبووکردنەوەی خەرجیەکانیان، پارە و سامانی وڵات دەبەن لەو وڵاتەدا.

پاش ماوەیەك، عەبدوڵڵا دەستی گەیشتە باشترین دەرفەت بۆ گەیشتنە پادشایی. لە نیوەی ساڵی 1990 عەرەبستانی سعودییە رووبەڕووی قەیرانی دارایی کارەستبار ببوەوە. میراتگری پادشایەتی پادشای رازیکرد کە چەند وەزیرێکی ریفۆرمخواز دابنێت.

ئەو سەردەمە شازادە باڵاکان سودیان لە پۆستەکانی خۆیان لە حکومەت بۆ راگەیشتن بە داهاتی زۆر یان موڵك وماڵی زۆر وەردەگرت، بودجەی زۆریان بۆخۆیان دابین دەکرد. یەکێ لەو شازادە باڵایانە، لە ڕیشەکێش و بنبڕکردنی وەزیرە ریفۆرمخوازەکانی عەبدوڵڵا بوو.

«علی ئەلشاعر»، یەکەم کەس بوو کە لە پۆستەکەی

دوورخرایەوە. دوای وەرگرتنی پۆستی وەزارەت هەوڵی شێلگیرانەیدا بۆ گۆڕانکاری و ریفۆرم و نەهێڵێت گرێبەستەکانی شازادە «تەڵاڵ» بێنەدی. تەڵاڵ دەیویست زەوی بەهامەندی بازرگانێکی بەرچاو زەوت بکات. تەڵاڵ بە توندی ئیدانەی هەنگاوی ئەلشاعری کرد، یەکسەر هانی «سەلمان» دەسەڵاتداری ریاز و «نایف» وەزیری وڵاتی دا بۆ رووبەڕووبوونەوە بە گوشارەکان، کە بەرەنجامەکەی شاعر لە کارەکەی دوورخرایەوە.

لەساڵی 1995 روداووی هاوشێوە بۆ محەمەد بن عەبدولعەزیز ئال شێخ وەزیری کاروباری شارو دێهاتەکان روویدا. ئەویش نیازی بوو بەر بە زەوتکردنی زەویەك بگرێت لەلایەن منداڵەکانی سوڵتانەوە.

زەوتکردنی زەوی (بـە زەوی داکـەوتـن)، بەشێکی بچوکی گەندەڵی عەرەبستانی سعودییەە. گرێبەستەکانی پادشایەتی دەبێتە مایەی کەسادی وڵات و شازادە «تەڵاڵ» لەچاو ئەوانی دی زیاتر نوقمی ئەم کارە ببوو. تێچوونەکانی دەرەوەی بودجەو داهاتی فرۆشتنی نەوت راستەوخۆ بۆ حیسابە تایبەتیەکان دەگوازرایەوە، لە دارایی عەرەبستانی سعودییە دەپـەڕیـەوە. ئەم پارانە بۆ کڕینی چەك و تەونوبەستەکان سودی لێوەردەگیرا. بەهۆی نەبوونی چاودێری حکومەت، یان هەرجۆرە لێپرسینەوەیەك، بەرتیل و گەندەڵی زۆر فراوان بوو.

## بەناوبانگترین گرێبەستی عەرەبستانی سعودییە

بەناوبانگترین گرێبەست کە لە دەرەوەی بودجە بەسترا، بە «یەمامە» ناسراوە. لە راستیدا یەمامە گرێبەستێك بوو بۆ کڕینی چەك لە بەریتانیا کە بەهۆی زۆری بەرتیل و پارەی رەدەڵ و بەدەڵ کراوی کاتی بەستنی، ناوبانگی دەرکرد.

لە ئەیلولی 1985 «مایك هزلتاین» وەزیری بەرگری بەریتانیا یەکەم قۆناغی گرێبەستی یەمامەی بۆ فرۆشتنی شەڕکەرەکانی تۆڕنادۆ و بی ئەی هۆك و خستنەڕووی پشتیوانی هونەری و پاسەوانی، واژۆ کرد. بوونی پێگەیەکی سەربازی گەورە بۆ ئەم فڕۆکانە لە عەرەبستانی سعودییەش لە بەندەکانی ئەو گرێبەستە بوو. بەهای ئەم گرێبەستە بە نزیکەی 43 ملیار پاوەندی بەریتانی، (86 ملیار دۆلاری ئەمەریکی) گەیشت. بەریتانیا بۆ عەرەبستانی سعودییە بازاڕێکی زامنکراو بوو کە دەیتوانی لەوێ نەوتی خۆی بە پارە بگۆڕێتەوە. زۆربەی دەستەکان و ناوبژیوانەکان بەرەو سوڵتان و خێزانەکەی چوون.

فەهدیش بەپشکی خۆی لەم گرێبەستەی چنگ کەوت، دیارە بەهۆی گەوهەرەی هاوسەری و براکەی ئیبراهیم عەبدولعەزیز ئەلئیبراهیم، بۆئەوەی دەستی بەو گرێبەستە ئاڵودە نەبێت و لەکەیەك بەر مێژووی

عەرەبستانی سعودییە نەکەوێت، لە ساڵی 1980 و بەرایی ساڵی 1990 گرێبەستەکان لە ڕێگای ئیبراهیمەوە دەبەستران.

زۆرتـر ئاگاداربوون لە گرێبەستەکانی ئیبراهیم زەحمەت بوو، بەڵام لە 12ی کانونی یەکەمی 1997 ئیبراهیم سکاڵایەکی دادوەری دژی کۆمپانیای «رولزرۆیس»ی لەندەنی تۆمار کرد. ئەم کۆمپانیایە خۆی لە ڕەزامەندی کۆمیتەکان لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتیەکەی ئبراهیم دەدزیەوە، کە ماتۆڕەکانی شەڕکەری تۆرنادۆی دروستکردبوو.

بـۆچـی عـەرەبـسـتـانـی سعودییە نـەی دەوێــرا گرێبەستەکانی یەمامە هەڵبوەشێنێتەوە

لە ئەیلولی 1996 گرێبەستی یەمامە بـوو بە قەیرانێکی بەرگەنەگر بۆ عەرەبستانی سعودییە. هەر لە سەرەتای ئەو ساڵە عەرەبستانی سعودییە بەهۆی لاوازی بەرگەنەگرتنی گوشارەکانی سەرچاوەگرتوو لەم گرێبەستە، 400 ملیۆن دۆلاری قەرز کرد، تا کار بە بەڵێنە داراییەکانی خۆی بکات لەم گرێبەستە. سەرەڕای کە گرێبەستی یەمامە بۆ عەرەبستانی سعودییە خراپ بوو، نەدەوێران لێی بچنەدەر.

لە سەرەتادا عەبدوڵڵا فەرمانی بە کۆمپانیای سعودی «ئارامکۆ» کرد پشتگیری دارایـی گرێبەستی یەمامە

کەم بکاتەوە، بەڵام ئەم کارە رووبــەڕووی شکست بویەوە. لە دانیشتنی وەزیران لە 5ی ئەیلولی 1996 عەبدوڵڵا هەوڵیدا رای ئەرێنی وەزیرەکان بۆ راگرتنی گرێبەستی یەمامە دەستەبەر بکات، بەڵام «سوڵتان» لەبەرامبەر بڕیارەکەی عەبدوڵڵا وەستایەوە، چونکە راگرتنی ئەو گرێبەستە بەو واتایە بوو کە سوڵتان بەرگەی خەسارەتێکی زۆر دەگرێت، واتە هەمانشت کە عەبدوڵڵا بەدوایەوە بوو. سوڵتان بانگەشەی کرد هێزەکانی سعودی بۆ گۆڕانکاری پێویستییان بە شمەکی بەریتانیە، ئەگەر گرێبەستی یەمامە هەڵبوەشێتەوە، عەرەبستانی سعودییە ناچار دەبێت بۆ پڕچەك کردنی زیاتر پشت بە ئەمریکا ببەستێت، مەسەلەیەك کە لە روانگەی سیاسییەوە قبوڵ نییە. کۆتایی ئەو رۆژە، سوڵتان بە ویستی خۆی گەیشت و گرێبەستەکە وەك خۆی مایەوە.

## لەودیو گەڵاڵە پێشنیاری پەرەپێدانی حەرەمەینی شەریفەین

عەبدوڵڵا بڕیاری دابوو گەڵاڵە پێشنیارێکی دیکە کۆنترۆڵ بکات کە لە دەرەوەی بودجە بوو، گەڵاڵە پێشنیاری پەرەپێدانی حەرەمەینی شەریفەین بوو. ئەم گرێبەستە بریتی بوو لە تێکدان و نۆژەنکردنەوەی مەدینەی منەوەرە

و مزگەوتێکی دێرین لە مەککەی مکەڕەمە. کتومت یەمامە، بۆ ئەم کارەش 25 ملیار دۆلاری ئەمەریکا لە فرۆشتنی راستەوخۆی نەوت خەرج دەکرێت. خانەدانی بن لادن بەرپرسی ئەو تەونوبەستە و بەرتیلانە بوون کە دەدرایە ئەندامانی خانەدانی دەسەڵاتدار، تا پشتگیری دارایی لەم گەڵاڵە پێشنیارە بەردەوام بێت.

لە نیوەی دەیەکانی 1990 تا کۆتاییەکەی، بەشێکی بەرچاوی داهاتی نەوتی تایبەت دەکرا بە بەرنامەکانی دەرەوەی بودجە، واتە رۆژانە نزیکەی ملیۆنێك بەرمیل و 1\6ی هەناردەی نەوتی عەرەبستانی سعودییە. بەپێی نرخەکانی باو، عەرەبستانی سعودییە رۆژانە 30 ملیۆن دۆلاری لە دەست دەدات. هەر کەسێك - بەسەرنجدان بەو دەسەڵاتەی هەیەتی هەوڵیدەدا چەندی دەتوانێ تاڵان بکات. ئەم کارە لەلایەن وەزیرە سەرەکیەکانی حکومەت و هاوپەیمانانی وەهابییان ئەنجامدرا کە بڕیاریان دابوو شوێنەوارە مێژووییەکان تێکبدەن و دوبارە دروستیان بکەنەوە. بەمەش فەرمان بەکۆمپانیای ئارامکۆ کرا 100 ملیۆن دۆلاری ئەمەریکا بخاتە لاوە و گروپی «بەکر بن لادن» بووە جێبەجێکاری ئەم پڕۆژەیە، بەڵام لە جیاتی ئەوەی ئەو پارەیە بە تەواوی بۆ پڕۆژەکان خەرج بکرێت، بۆ گیرفانی شازادە باڵاکان و کۆمەڵە خێرخوازیەکان و زانایانی وەهابی سەرەوژێر بوو.

لە ئۆکتۆبەری 1995 فەهد تێگەیشت کە عەبدوڵڵا ئارەزوو دەکات بە دەست باری «سعود ئەلفەیسەڵ» وەزیری دەرەوەی وڵات کۆنترۆڵ بکات. مەلیك فەهد تێگەیشت، هەمووجارێ لەکاتی بوونی قەیران بە پەلە هاوکاری عەبدوڵڵا دەکـات، پاش ماوەیەك بڕیاربوو سوڵتان و فەهد وڵات بەجێ بهێڵن و کەسێك بۆ چاودێری «عەبدوڵڵا» دیاری بکرێت.

دوای سەکتەی مێشکی فەهد، دەبینین کە عەبدوڵڵا لە بازنەی کەسانێك چووەدەر کە ئەویان داگرتبوو، هیچ کەس نەیتوانی رێگای فەرمانڕەوایی پێ بگرێت.

**قۆناغی عـزوزی، زیندوکردنەوەی توندڕەوخوازانی وەهابی و پشتگیری دارایی لە تاڵیبان**

لەناو خانەدانانی دەسەڵاتدار، عەبدوڵڵا بەهۆی سەکتەی مێشکی فەهد سەرزەنشت دەکرا، چونکە زانیاریەك هەبوو کە فەهد و عەبدوڵڵا بە تەلەفۆن باس و گەنگەشەیان کـردووە، کە دەبێت کێ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هاوکاری لە عەمان ئامادە بێت.

دەڵێن فەهد و عەبدوڵڵا باس و گەنگەشەی قەیرانی داراییان کردووە، هەروەها هەندێك لە دەڵێنەکان ئەوە دەگێڕنەوە کە عەبدوڵڵا بە ئەنقەست دەیویست فەهد توڕە بکات، چونکە بارودۆخی تەندروستیەکەی دوای

تێپەڕینی ساڵونیوێك لە سەکتەی مێشکی چی وەها گونجاو نەبوو، سوڵتان هەوڵیدا ڕێ لە ئامادەیی عەبدوڵڵا بگرێت لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی ئەو. لە حوزەیرانی 1997 عەبدوڵڵاش هەوڵیدا واژۆی یاساو بڕیارە پێویستەکان بکات.

سوڵتان، سەلمان و نایف لە نمایشێك بۆ ڕاگەیاندنی هاوپەیوەندی خۆیان، خۆیان گەیاندە نەخۆشخانە، بەڵام دووبارە لەوێ حەپەسان. گەوهەرە و عزوزی لە دەرەوەی ژووری فەهد لە نەخۆشخانە بەرەیەکییان کردبویەوە. بە دەربڕینێکی دیکە لەوێ پێدەچوو کودەتا ئەنجامدراوە.

براکانی فەهد توڕە بوون، بەڵام نەیاندەتوانی هیچ بکەن. ئارەزوویان هەبوو گەوهەرە و منداڵەکەی بگرن. بژاردەی چاوەڕوان نەکراو ئەوەبوو کە عەبدوڵڵا جێنشین بێت.

عزوزی تەنیا نزیکەی 900 ملیار دۆلاری پارەی نەختینەی لە بەین نەبرد، بەڵکو براکەی «محەمەد بن فەهد» (بلدۆزەر)یشی تێکشکاند. محەمەد بن فەهد بەهۆی هەنگاو و چالاکی تاکتیکی بە (بلدۆزەر) ناسرابوو، بەڵام بە دزینی 22 ملیۆن دۆلار پارەو بەلەمی گەشتیاری بلدۆزەر، بارودۆخەکە سەد خۆزگە بە کفن دز بوو. بلدۆزەر وتی کە هیچی پێ ناکرێت، چونکە گەوهەرە و عزوزی هیچ بایەخ بە گەڕاندنەوەی کەلوپەلی دزراو نادەن.

کۆشکی ئەفسانەیی عـزوزی لە دەرەوەی ریـاز لە هەموو ئەو تەلارانە بەرزترە، کە تا ئێستا لەلایەن ئال سعود دروست کراوە. دەتوانی لە ڕێگای سێ دەروازەی کەوانەیی و جیاواز بچییە ژوور.

لە سەرەتای ئازاری 1997 بارودۆخەکە بۆ بنەماڵەی فەهد بەرگە نەگیراو بوو، چونکە سوڵتان لەگەڵ سەلمانی برای هاوکاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستێکی مەلەکی کرد بە قازانجی عزوزی. دڵنیانیم کە ئەنجامەکەی چ بوو، بەڵام ئەگەر سەردەکەوتن، دەستییان بە سەرکەوتنێکی پڕخەرج دەگەیشت.

شازادە باڵاکان بە گەڕانەوە بۆ ئەزمون و دووربینی، دەربــارەی خەلافەت گەیشتنە کۆدەنگی. جەنەراڵ «بینیقۆرد» فەرماندەی سوپای ئەمەریکا لە خۆرهەڵاتی ناوین لە 13ی حوزەیرانی 1997 بۆ سەردانی فەهد چووە ریاز، بەڵام لەوێ بە ئامادەبوونی عزوزی لە تەنیشت فەهد خافڵگیر بوو.

## بەڵگەی پشتگیری دارایی «عزوزی» لە وەهابیەکان

پشتگیری دارایــی عـزوزی لە وەهابیە توندڕەوەکان مەسەلەیەك بوو، کە خانەدانی ئال سعودی زۆر نیگەران کردبوو؛ پێدەچوو عزوزی باوەڕی پێهێنابوون و ئاشکرابوو کە پێیوابوو بۆ بوونە پادشا رۆژێـك پێویستی پێیان

دەبێت، لە کانونی یەکەمی 1993 عزوزی 100 هەزار دۆلاری کردە هاوکاری مزگەوتێك لە شاری کانزاس سیتی، لە 15ی ئەیلولی 1995 وتی دەیەوێت ئاکادیمی مەلیك فەهد لە بۆن بکاتەوە، لە 17ی ئەیلولی ساڵی 1995 «مەنسور عەبدولسەلام» سەرۆکی کۆمەڵەی ئیسلامی لە ئیسپانیای بانگهێشی ریاز کرد، لە ئازاری 1996 عزوزی بڕیاریدا «محەمەد ئەلفاسی» لە زیندان بەربدرێت. الفاسی بەهۆی نەیاری کردنی شەڕی کەنداو و بوونی هێزەکانی ئەمەریکی لە عەرەبستانی سعودییە گیرابوو.

«نایف» وەزیری وڵات دانی پێدانا کە عەرەبستانی سعودییە لەگەڵ ئیسلامگەرایانی زێدەڕۆ گرفتاری کێشە بووە، لە تشرینی دووەمی 2002 وتی: ئیخوان موسلمین سەرچاوەی هەموو کێشەکانمانن، چونکە زۆر پشتگیری ئـەو گروپەمان کـرد. ئیخوان موسلمین لە وڵاتانی عەرەبی براکانمانی کوشتووە. نایف درێژەی پێدا: بەهۆی سنوردارکردنی ئیخوان موسلمێن لە وڵاتەکانیان، پەنایان بردە بەر عەرەبستانی سعودییە و لێرە رووبـەڕووی ئیسلامگەرایانی توندڕەوبوونەوە.

## دزەکردنی وەهابییەکان بۆ ناو سوپای سعودی

لە ئەیلولی 1996 فەرماندەی هێزە ئاسمانیەکان بەرپرسیەتی دا بە 5 کەس لە لایەنگرانی بن لادن، ئەوکاتە بەرپرسان لە وەزارەتـی بەرگری عەرەبستانی

سعودییە نارازی بوون بە بوونی ئەمەریکا لە ناوچەکەدا. ئەفسەرانی پلە جیاجیا (سوپای عەرەبستانی سعودییە) لەو باوەڕەدابوون، کە ئەمەریکا زێدەڕۆیی لە مەترسی سەدام کردووە، تا بیانوویەکی بۆ مانەوەی هێزەکانی لە عەرەبستانی سعودییە و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە (کەنداو) هەبێت. هەرچەند بەپێدانی بەرپرسیەت بەو (5) ئیسلامگەرا توندڕەوە، بارودۆخەکە خراپتر دەبێت، بـەڵام هیچ کەس تەنانەت «عەبدوڵڵا» و «سوڵتان» ئامادە نەبوون دژی بڕیارەکەی فەرماندە بن، لە بەرایی تشرینی یەکەمی 2002 بە پۆلیسی عەرەبستانی سعودییە ڕاگەیەنرا کە لە مەودوا ناتوانن متمانە بە ئەفسەرانی سوپاو زانیاری ریزی خوارەوە بکەن، بۆ پاساوی نیگەرانی سعودیەکان، لە شوباتی 2003 ژمارەیەك لە ئەفسەرانی سوپای بەحرەین دەستگیرکران، کە پێدەچێت پەیوەندییان بە ئەلقاعیدەوە هەبێت.

پەرەسەندنی تێکهەڵچوونی ئیسلامگەرایان لە سوپادا، عزوزی هاندا کە لە ئەیلولی 1997 بۆ پێدانی هاوکاری بە بەهای 100 ملیۆن دۆلار بە تالیبان. گرنگی بەوە نەدەدا تاڵیبان پشتگیری بن لادن دەکات، کە بەڵێنی دابوو ئال سعود دەڕوخێنێت.

لە کانونی یەکەمی 1999 (با)کان لە عزوزیەوە هەڵیانکردو دەرکـەوت کە پشتگیری دارایی لە «سعد

ئەلبەریك»ی هاوپیشەی «بن لادن» کراوە؛ ئەلبەریك پارەی دەدایە گروپە توندڕەوەکانی چیچان تا سەربازان و هاووڵاتییانی روسی سەرببڕن.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵانە تاکە چارەی نایف ئەوەبوو کە پارەدان بە عزوزی بوەستێنێت و ئەلبەریك دەست بەسەر بکات، بەڵام نایف هیچی نەکرد، عزوزی بە هەمانشێوە درێـژەی بە پشتگیریکردنی ملیۆنی (ئەلقاعیدە) دا.

## پشتگیری کردن لە «ئەلئەحمەر» و ئیخوان موسلمینی یەمەن

لە روانگەی نایفەوە، هیچ یەك لە براکانی فەهد ناتوانن دەستییان بگاتە ناوەندێکی پێشکەوتووی واشنتۆن، لە ساڵی 1990 «سوڵتان» وەزیـری بەرگری درێژەیدا بە پشتگیری دارایی لە «عەبدوڵڵا ئەلئەحمەر» سـەرۆکـی کۆمەڵەی یەمەنی «ئیسلاح» و ئیخوان موسلیمن. واشنتۆنیش بەڵگەنامەی هەبوو (لە بارەی ئەم پشتگیری داراییە)ی نادیدە گرت، لەکاتێکدا کە دەستییان لە تەقاندنەوەی پـاپـۆڕە جەنگیەکانی ئەمەریکی «کـوڵ»دا هەبوو، هەروەها واشنتۆن وەرچەرخانی قوڵی تێڕوانینەکانی «سەلمان»ی دەسەڵاتداری ریازی لە نیوەی 1990 نادیدە گرتن لە کاتێکدا سەلمان بەرپرسی

ئەو کۆمەڵە خێرخوازانە بوو کە پشتگیری داراییان لە بن لادن و ئیخوان موسلمین دەکرد، نایف، سوڵتان و سەلمان لەسەروی یاساوە بوون، بە تایبەت لە واشنتۆن.

## بێدەنگی ئەمەریکا دەربارەی پشتگیری عەرەبستانی سعودییە لە تیرۆریزم

جارێکی دیکە ئەمریکا هیچ بژاردەیەکی نەبوو. بـارودۆخـی ریـاز بەوشێوەیە نەبوو کە حکومەتی (واشنتۆن) هەوڵی دابوو وا پیشانی بدات و رەخنەیەکی زۆر لە خانەدانی دەسەڵاتدار بەهۆی پشتگیری دارایی و پشتیوانی لە بکوژانی ئەمەریکی هەبوو. بێگومان واشنتۆن ئامادە نەبوو عەرەبستانی سعودییە تەمبێ بکات. واشنتۆن زۆرترین پشکی خەرجیەکانی لە پڕچەك کردنی عەرەبستانی سعودییە دەبـرد. ئەم خەرجیانە نیوەی خەرجیەکانی عەرەبستانی سعودییە بوو.

سعودیەکان بەرگەی گرێبەستی 2,7 ملیار دۆلاری گەڵ کۆمپانیای بۆیینگ ناگرن. لەم گرێبەستەدا داواکرابوو کە 500 ملیۆن دۆلار بدرێت، بەڵام سعودیەکان تەنیا دەیانتوانی 60 ملیۆن دۆلار دابین بکەن، لە سەرەتای ساڵی 1997 بڕی 2,8 ملیار دۆلار بۆ فڕۆکەکان تەرخان کرا، بەڵام نەدەتزانرا لە بودجەدا جێی ئەو ژمارەیە بکرێتەوە. سوڵتان بە گرێبەستی یەمامە پارەکانی دزیبوو

لە حوزەیرانی 1997 سوڵتان وتی کە خەرجی گرێبەستی بۆیینگ دەبێت لە بودجە دابین بکرێت. وەزارەتی وڵات بۆ دابینکردنی ئەم بڕەیە کڕینی پارچەو رادەستکردنی فڕۆکە نوێیەکانی دواخست.

عەبدوڵڵا متمانەی بە بەندەر نەبوو نەیدەویست ببێتە کەناڵی پەیوەندی کۆشکی سپی، چونکە سەرەنجام بەندەر وەفای بۆ باوکی «سوڵتان» هەبوو. باشترین کار کە عەبدوڵڵا دەیتوانی ئەنجامی بدات ئەوەبوو کە لە رێگای ریچارد مۆرفی باڵوێزی پێشوو کارەکانی خۆی پێش بخات. مۆرفی لە وڵاتانی عەرەبی کەسێکی ناسراو بوو، لە ئەمەریکاش وەك پسپۆڕی کاروباری خۆرهەڵاتی ناوین دەی ناسن.

سەرباری ئەوە، مۆرفی پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە نەبوو. لانیکەم ئەو شتەبوو کە عەبدوڵڵا لە بارەیەوە دەیزانی.

عەبدوڵڵا لە ئەیلولی 1996 بە مۆرفی وت کە ئەمەریکا پێش هەر کارێکی تازە لە ناوچەکەدا دەبێت راوێژ بە عەرەبستانی سعودییە بکات. عەبدوڵڵا بە بیرهێنانەوەی ئەزمونی حکومەتی بۆش لە شەڕی کەنداو وتی: حکومەتی بۆش بۆ خەرجیەکانی (شەڕ) حکومەتی عەرەبستانی سعودییە تەفرەدا. پێدانی خەرجیەکانی پێگەی ئەمەریکی لە عەرەبستانی سعودییە ملیارەها دۆلار زیاتر خەرجی هەبوو. (بە دیوێکی دیکەدا

عەرەبستانی سعودییە، ئەگەر بچێتە ناو کێشەکانی ناوچەیی نوێووە، ئیدی ناتوانێت خەرجیەکانی بۆیینگ، یان هەر خەرجیەکی دیکە بدات)

## داوای عەبدوڵڵا بۆ رزگاربوونی دەستبەجێ لە سەدام

عەبدوڵڵا وتی: دەبێت حکومەتی کلینتۆن دەستبەجێ، بۆ هەمیشە لە سەدام رزگار بێت. هاوکات نابێت عەرەبەکان پێیانوابێت کە ئەمەریکا لەگەڵ خەڵکی عێراق لە شەڕدایە، بەڵام لەو بەشەدا، داواکانی عەبدوڵڵا لە واشنتۆن گوێی بیستنی نەبوو کلینتۆن بۆ گەیشتن بە قۆناغی دووەمی سەرۆکایەتی کۆماری هەوڵیدەدا.

هەربەو حاڵە، سوڵتان درێژەی بە کڕینی چەك دا، هیچ کەس نەیدەتوانی خەرجی کڕینەکانی بدات، لە ئەیلولی 1996 عەرەبستانی سعودییە گرێبەستی چەکی بێکەڵکی بەست و 44 هێلیکۆپتەری ئاگۆستا 412ی کڕی - کە لە «نەوتی یەمامە» دابین دەکرا - بەم مانایە کە خەڵکی عەرەبستانی سعودییە ئاگایان لەم مەسەلەیە نەبوو.

هەر لەو مانگەدا، سوڵتان جارێکی دیکە چووە بازاڕەوە و 102 شەڕکەری ئێف 16ی کڕی، هەروەها لە هەمان ساڵدا سعودیەکان گرێبەستێکی 3 ملیار دۆلارییان لەگەڵ فەرەنسا واژۆ کرد، لە کاتێکدا کە تەنیا دواکەوتنەکانی گرێبەستی یەمامە 4,5 ملیۆن دۆلاری بۆ عەرەبستانی

سعودییە خەرجی هەبوو.

زەربەی راستەقینە لە 18ی ئەیلولی 1996 دەستی پێکرد. ئەوکاتە «ویلیام پێری» وەزیری بەرگری و «ئارن کریستۆڤەر» وەزیری دەرەوە، «ئالگۆر» یاریدەدەری سـەرۆك كۆمار، «بەندەر»یيان بانگهێشتی كۆشكی سپی كرد. دیارە نەك بۆ ئاگاداربوون لە پێشكەوتنی لێكۆڵینەوەكانی (تەقینەوەی تاوەرەكانی) «خوبەر»، بەڵكو بەهۆی رێگا نەدان بە بەندەر بۆ چوونەوە ماڵی لە «بوتاماك». بەندەر رازی بوو كە مانگانە وەك هاوكاری 2 ملیۆن دۆلار بداتە بۆسنی.

چەندی پەیوەندی كۆشكی سپی بە عەبدوڵڵاوە زیاتر دەبێت بە هەمان رادە لە خۆشەویستی كەم دەبێتەوە، سەرباری هەڕەشەی بۆ كەمكردنەوەی گرێبەستی بەرگری و فڕۆكەی سەربازی، لە بارەی گرتنەبەری میتۆدێكی سەربەخۆ لە سیاسەتی دەرەوە هۆشداری دەدات.

عەبدوڵڵا بــەردەوام جەختی لە نامەكەی ریچارد مۆرفی دەكردەوە: یان روخانی سەدام، یان وازلێهێنانی وەك خۆی و هەڵوەشانەوەی ئابڵوقەكان. كلینتۆن لە بارەی سیاسەتی عێراق هیچی نەكرد، لە عەرەبستانی سعودییەش ئیسلام گەرایانی توندڕەو كە دزەی كردبووە ناو سوپا، پشتگیرییان لە سەدام دەكرد.

لە حوزەیرانی 1997 عەبدوڵڵا نامەیەکی بە نوێنەرانی تایبەت، بۆ کردنەوەی کەناڵی تری دوور لە چاوی ئەمەریکا نارد، لە سەرەتای ساڵی 1996 بەهای هەر بەرمیلێك نەوت تاڕادەیەك 21 دۆلار بوو، ساڵێك دوای ئەو نرخە هەر بەرمیلێك بە 33 دۆلار گەیشت، واتا زیادکردنێك لە سنوری 10% .

**ئاگاداری عەرەبستانی سعودییە لە بێهودە بوونی ئۆسلۆ**

عەبدوڵڵا تێگەیشت کە رێکەوتن نامەی ئۆسلۆ لە ساڵی 1993 درۆ بوو. ئەو رێکەوتن نامەیە بەوپێیە بە عەرەبەکان فرۆشرا، کە فەلەستینیەکان ئەو توانایەیان پەیدا کردووە وڵاتێك لە لێواری خۆرهەڵاتی غەزە دامەزرێننن، بەڵام لە سایەی ئۆسلۆ هیچ کام لە شارۆچکەکان چۆڵ نەکران. ژمارەی شارۆچکە نشینانی جولەکە لە لێواری خۆرهەڵات لە 250 هەزار بۆ 380 هەزار زیادی کرد و ژمارەی جولەکەکان لە دۆڵی ئەردەنیش بۆ 5 هەزار کەس زیادی کرد کە 75%ی ئاویان بە کاردەبرد و باقییان بۆ دوو ملیۆن فەلەستینی دەهێشتەوە تا بژیین.

# شێوازی پشتگیری واشنتۆن لە تیرۆریزم

### قەتەر، ئەلقاعیدە، خالد ئەلشێخ و شازادەی رەش

چەند مانگێك پێش ئـەوەی دەسـت لـە دەزگـای هەواڵگری ناوەند بکێشمەوە، لە خۆم دەپرسی کە ئایا ئەمەریکا شتێکی هەیە نەی فرۆشێت (!). سەرەڕای کە زیاتر لە دەرەوەی وڵات بـووم، بـەڵام تێگەیشتم بەندەر و فڕۆکەکانی «بۆیینگ» و گروپەکانی «کارلایل» و «ئیکسۆن» واشنتۆنیان سەرقاڵی خۆیان کـردووە. ریسواییەکانی پشتگیری دارایيم لە بانگەشەی هەڵبژاردن بینی، تێگەیشتم کە چۆن دەنگەکان بە سەدان هەزار دۆلار دەکـڕدرێـت، لە واشنتۆن تەماشای حکومەتی بەندەرم کرد ... ، بەڵام بەردەوام لە خۆم دەپرسی کە چ روودەدات؟ ئایا دەبێت بۆ گەیشتن بەم وەڵامە بۆ خۆرهەڵاتی ناوین بگەڕێمەوە.

## شەڕی کوەیت چۆن دەستیپێکرد

لە سەرەتای تشرینی یەکەمی 1994 کاتێك کە یاریدەدەری سەرۆکی ژووری عەمەلیاتی عێراق بووم، سیخوڕێك لە عەمان پێیوتم کە سەدام بەرە و سنووری کوەیت دەجولێت. باوەڕم بەم مەسەلەیە نەکرد، چونکە چۆن دەبێت ئەوەندە گەمژە بێت کاری وەها بکات ؟!

کە گەڕامەوە واشنتۆن، تێگەیشتم مانگە دەستکردەکان جوڵانی زرێپۆشەکانی عێراقی لە باشوری ئەم وڵاتە بەرە و سنوورەکانی کوەیتییان کردۆتە ئامانج، بەڵام مانگە دەستکردەکان پێیان نەدەوتین، کە ئایا سەدام لەوکاتەدا نیازی پەڕینەوەی لە سنورەکان هەبوو، یان نەخێر. هەربۆیە پێویستمان بە سیخوڕ بوو. کێشە ئەوەبوو لە عێراق و لە پەنا سەدام، یان لە سوپای عێراق سیخوڕێکمان نەبوو پێمان بڵێت، ئایا سوپای عێراق نیازی جوڵانی بەرەو کوەیتی هەیە.

یەکەم پەیوەندی لە ژووری عەمەلیاتی کۆشکی سپی نیشانەی ئەوەبوو کە هێزی دەریایی ئەمەریکاو سەرۆك کۆمار بە نیازن پاپۆڕە جەنگیەکان ڕەوانەی کەنداو بکەن، بەڵام دەیانویست بزانن کە ئایا دەزگای هەواڵگری ناوەند پشتگیری ئەم چالاکییە دەکات.

دەمزانی سەرچاوەیەکمان نییە، هەربۆیە پەیوەندیم بە نوسینگەی (سی ئای ئـەی)ەوە کرد لە عەرەبستانی سعودییە تا بزانم ئایا جوڵانی نائاسایی لە سنوورەکانی

عێراقییان بینیووە، چونکە بـەردەوام دەشتەکییەکان لە سنورەکانی عێراق و عەرەبستانی سعودییە دەرباز دەبوون.
ئەفسەرێکی نوسینگەکە پێی وتم کە هیچ شتێك نییە.
دەمزانی راست دەکات، چونکە عەرەبستانی سعودییەش هاوپەیمانمان بوو. ئێمە لەو وڵاتەدا سەربازمان جێگیرکرد بوو لەو رێگایەوە پاپۆڕەکانی خۆمان لە کەنداو هێشتبۆوە.
ئەو (ئەفسەرەی نوسینگەی سی ئای ئەی لە عەرەبستانی سعودییە) وتی: کوەیتیەکان کەمترین زانیاریان لەو بارەیەوە نییە، کە سـەدام دەیەوێت چ بکات، بۆ ئاگاداربوون لەمەسەلەکان بۆ ناوچە سنوریەکان بانگهێشت نەکراون و چارەیەکیش نەبوو.
دوای 15 خولەك سنورپارێزانی کوەیت رایانگەیاند کە دەبابەیەکی عێراقییان بینیووە بەرەو سنور جوڵاوە.
رێك دوای 2 خولەك «جۆرج تنت» سەرۆکی رێکخراوی هەواڵگری ناوەند و بەرپرسی ئاگادارکردنەوەی واشنتۆن لە هەموو رووداو و قەیرانەکان لە کۆشکی سپی پەیوەندی کرد، وتی: «نەفرەت لەو بارودۆخە، لە عێراق چ دەگوزەرێت؟ لەم بارودۆخە رازی نیم.»
پرسی: «ئایا ئەو پارانە تەنیا بۆ کڕینی دووربین سوودی لێوەردەگیردرێت کە بۆ رێکخراوی هەواڵگری ناوەند تەرخان دەکرێت؟ هیچ لە بارەی باکوری کەنداوەوە نازانین.»

تاڕادەیەك عێراق هەرچوار دەوری سەدامی بە رووی تێکڕای دنیادا داخستبوو کۆکردنەوەی زانیاری لەم وڵاتە زەحمەت بوو، بەڵام بۆچی لە وڵاتانی دۆستمان وەك کوەیت و عەرەبستانی سعودییە زانیاریەك نییە، کە وەك لێدانی دڵ خوێن بە ئابووری وڵاتمان دەگەیەنن؟

**سی ئای ئەی لە ناوچەی کەنداو نابینا بوو**

لەوکاتە بەدواوە، سەرقاڵی خوێندنەوەی ئەو راپۆرتانە بووم کە لە ریاز دەنێردرێت. هیچ بابەتێکی بەرچاو لەو راپۆرتانەدا نەبوو. هیچ قسەیەك لە پۆلێنکاریەکانی خانەدانی دەسەڵاتدار یان پەیوەندی بە وەهابیەکان، یان تەنانەت بانگەشەکارانی وەهابی نەبوو چییان دەویست لە ئال سعود وەریان دەگرت.
جارێکی دیکە، بە چاوخشاندنەوە بە راپۆرتەکانی ساڵی 1986 تێگەیشتم کە شتێکی زیادە لە رۆژنامە و گۆڤارە ئەکادیمیەکاندا نییە. کاتێك کە دەگەینە مەسەلەی کەنداو، کوێرین و ئەگەر ئاگرێك دەکەوتەوە ئەوجا تێدەگەیشتین کە کەپەنکی پاش بارانێیە.

### گۆڕانی پایتەختی لوبنان لە ماوەی چەند ساڵێکدا

لەو ساڵەدا چوومە بەیروت. زۆری نەخایاند تێ بگەم هەمان بەیروت نەبوو کە ساڵی 1988 بەجێم هێشت. لەو کاتەدا ئەو شارە بەهۆی شەڕی ناوخۆوە شایەتی ناکۆکی زۆر بوو، بەڵام ئێستا لە نۆژەنکردنەوە دایە. «ڕەفیق حەریری» سەرۆك وەزیر بە بانگهێشتی باشترین ئەندازیارانی تەلارسازی دنیا، ناوەندی شاری نۆژەن دەکــردەوە. دەڵێن بەشێك لە کەرتی کۆنی بەیروتی سەردەمی ڕۆمیەکانی هەڵکۆڵیووە. نیازی وابــوو بۆ ئاسانکاری جوڵەو هاتوچۆ تونێلێك لە ژێر شاری نوێ لێ بدات. شەقامێکی نوێ بۆ فڕۆکەخانە دروست کرابوو. بەیروت دوای چەند ساڵ ڕکابەرێتی پاریس و لەندەنی دەکرد.

هێشتا خۆرهەڵاتی ناوین ئــازاری بەدەست ئەو برینانەوە دەچێشت و سارێژ بوونی ئەو برینانە پێویستی بە کاتی زۆرە، لەسەروبەری ساڵی نوێی زایینی، شوفێری تاکسیەکە لە بەیروتی نەناسراوەوە بردمیە بەیروتی خۆرهەڵات و پێی وتم کە یەکەمجارە لە مەترسی سەوز دەپەڕێتەوە.

## کودەتا لە قەتەر و شازادەی ڕەش

کاتێك دەستم بە کارەکەم کرد کە هاوڕێیەکم بۆ واشنتۆن گەڕایەوە و داوای لێکردم چاوێك بە بابەتی نەیارانی قەتەری دا بخشێنم کە پەنایان بردبووە بەر بەیروت و دیمەشق. سەرنجی هاوڕێکەم بە ئازادیەکی ئاژاوە گێڕەوە نوسابوو کە لە ئەمیری راستەقینە زۆر نزیك بوو. خوێندنی لە کۆلێژی سەربازی سنت هرستی بەریتانی تەواو کردبوو. ئەو شازادەیە «حەمەد بن جاسم بن حەمەد ئال دووەم»ە. ناوی تەواوم وەرگرت، چونکە پێدەچێت کە ناوی هەر شازادەیەك لە قەتەر «حەمەد» یان «جاسم»ە. ناوی وەزیری دەرەوەش «حەمەد بن جاسم بن جەبر ئال دووەم» ە. ناوی ئەمیری قەتەریش حەمەد بن خەلیفەیە. بۆ سادە کردنی بابەتەکە ئەو شازادە رەتێنراوەم واتە «حەمەد بن جاسم بن حەمەد ئال دووەم» بە شازادەی ڕەش دەی خوێنمەوە.

لە شوباتی 1996 شازادەی ڕەش هەوڵیدا ئەمیری قەتەر بڕوخێنێت، کە وەزیری پێشووی ئابووری و سەرۆکی پۆلیس بوو. قەتەر وڵاتی پیلانەکانە لە کەنداو. قەتەر بۆ هەر وڵاتێك بە وڵاتێکی جادووگەر دادەنرێت، کە گرنگی بە سیاسەتەکانی ناوچەی کەنداو دەدات، هەروەها ئەو میرنشینە گەورەترین خەڵات بوو بۆ بۆ کۆمپانیا نەوتیەکانی جیهان. قەتەر سەرباری پاشەکەوت کردنی نەوتێکی زۆر،

خاوەن یەکێ لە گەورەترین سەرچاوەی گازی دنیایە، لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی بە ئیسرائیلەوە باش بوو.

لە ماوەی چەند چاوپێکەوتنێك کە لەگەڵ هاوڕێ باشەکانم لە بەیروت هەم بوو، کەسێکم دۆزییەوە «شازادە رەش»ی دەناسی، لە دیمەشق لە کۆمەڵگایەکدا دەژیـا کە ئەفسەرانی پلە بـاڵاو هەواڵگری (سوریا) کۆنترۆڵییان دەکردو گەیشتن پێی ئاسان نەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا هاوکارێکم دۆزیەوە کە لای «شازادە» کاری دەکرد. قبوڵی کرد لە لوبنان چاوی پێم بکەوێت. تاکە مەرجی ئەوەبوو کە ئەم چاوپێکەوتنە لە ئوتێلێکی ناوچەی «بیقاع» ئەنجام بدرێت. هەواڵگری سوریا ئەو ئوتێلەی ئیدارە دەدا، لە رۆژی چاوپێکەوتنەکە چووین بۆ ئوتێلی ناوبراو لە «بیقاع». شازادەی رەش چاوەڕێی دەکـردم و جلوبەرگی سـەربـازی لـەبـەردابـوو وەك خەباتگێڕێکی فەلەستینی مێزەرێکی لە ملی هاڵاندبوو، لەوڵاتانی عەرەبی پەراوێزی کەنداو ئەمجۆرە جلوبەرگانە ناپۆشن. ژووری چاوپێکەوتنەکە تاریك بوو، جگەلە چرایەکی نەوتی کە لە گۆشەیەکی ژوورەکـە داییسا. شازادەی رەش فەرمووی چای کردم و وتی: «هەروەك دەزانی لە یەکەم رۆژی چالاکی گیان بەخشانە، لەگەڵ یاسر عەرەفات بـووم، لە کەمپەکەی ئەو پـەروەردەم دیتووە و شان بە شانی ئەو شەڕم کردووە.»

ئەو شازادەیە هەوڵیدەدا بڵێت هاوشێوەی ئامۆزاکەی نییە، شەڕڤانێکی پلە یەکەو کەس ناتوانێت شان لە شانی بدات.

لەو ساتەدا لە هۆی رازیبوونی شازادە بەو چاوپێکەوتنە گەیشتم. دەیویست لە بابەت پەیوەندی دەرەوەی واشنتۆن بەوڵاتەکەی و حەمەد بن ئیسم بن جەبر ئال دووەمی وەزیری دەروە، یان هەمان «حەمەد باش» (ناوێك کە لە ئەمەریکا پێی دەناسرێت) زانیاری دەستەبەر بکات.

حەمەد وەزیری دەرەوەو دۆستی واشنتۆن و ئیسرائیل بوو، لە قەتەر بە سازدانی کۆنفرانسەکانی ئابووری عەرەبی ئیسرائیلیشی بانگهێشت کردو لە دۆحە ناوەندی ئابووری بۆ ئیسرائیل کردەوە.

قەتەر بەڵێنی دابوو هەڵبژاردنی دیموکراسییانە بکات. ئەم وڵاتە مۆڵەتی چالاکی دا بە ژنان و گرێبەستی چەند ملیار دۆلاری لەگەڵ کۆمپانیای «نرۆن» بەست.

حەمەد بن جاسم بن جەبر ئال دووەمـی وەزیـری دەرەوەی قەتەر وەك بەندەر کەسێکی پەسەند بوو. کێڵگەیەکی لە جادەی «فاکس هاڵ»، گرانترین ناوچە لە پایتەختی (ئەمەریکا) هەبوو.

شازادە رەش لێی پرسیم: ئامۆزاکەم کورسی لە ئەنجومەنی ئاسایش کڕیووە؟ وەڵامم دایەوە: نەخێر، لە واشنتۆن هیچ کەسێك شتێك ناکڕێت و نافرۆشێت.

بەردەوام بوو: «وەزیرێکی نەفرەتی و دەوڵەمەندە و دڵنیام کە دەتوانێت ببێتە خاوەنی ئەوێ، بەڵام ناتوانێت بیکرێت. دەبێت زۆر شت بزانی هاوڕێکەم».

چاوپێکەوتنەکە تەواو بوو، بەڵام دوا چاوپێکەوتن نەبوو. دوای ئەوە لە چەند شوێنێکی دیکە چاوم بەو شازادەیە کەوت و هەرجارێك دەیوت کە متمانەم پێتە. دیاربوو ئەو شازادەیە دەیویست سێرە لە دڵی ئامۆزاکەی و وەزیری دەرەوە بگرێت.

جارێك، شازادەی رەش بانگهێشتی کردم بۆ ماڵەکەی لە دیمەشق. خانوویەکی دوو نهۆمی بۆخۆی لە شارۆچکەی سەربازی باکوری خۆرئاوای دیمەشق دروستکردبوو. ئەم شارۆچکەیە پارکێکی بە قەدەرا گۆڕەپانێکی یاری هەبوو. جارێك شازادە پێی وتم: «ئایا هیچ لە بارەی ئامۆزاکەم حەمەد بن جاسم بن جابر دەزانی.» پێموت لە نوسینگەی لیۆن فیۆرسی راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دیتوومە. پێموت کە داوای لێکردم لە کاتی گەیشتنی وەزیری دەرەوە، لە نوسینگە بچمەدەر.

وەڵامی دامەوە: چووزانم کە لەگەڵم راستگۆی یان نا، بەڵام وڵاتەکەت چۆتە یارییەکی زۆر ترسناکەوە. لێم پرسی مەبەستی کێیە، با لە بن لادنەوە دەست پێ بکەم. وەزیری دەرەوەی (قەتەر) پشتگیرێکی سەرەکیەتی و لە عەرەبستانی سعودییە بێزارە. کاتێك لە دەزگای هەواڵگری

ناوەند بووم، لەو مەسەلەیە گەیشتم. بیستم کە سوڵتان و شازادە باڵاکان وەزیری دەرەوە بە «سەگ» بانگ دەکەن.

دەمزانی کە «عەبدوڵڵا بن خالد» وەزیری وڵات لە 10ی ئابی 1996 چاوی بە ئوسامە بن لادن کەوت. دیارە ئەم کارە هیچ مانایەکی نییە. زۆربەی عەرەبەکان بۆ دیداری بن لادن دەچوونە خەرتوم. ڕێکخراوی هەواڵگری عێراقیش لەچەند بارەیەکەوە دیداری لەگەڵ بن لادن هەبوو.

## خالد ئەلشێخ حەمەد کێیە ؟

ئایا دەزانی کە خالد الشێخ حەمەد کێیە؟ لە زمانی قەتەریەکاندا، پیتی «میم» لە وشەی «محەمەد» کەوتووە مەبەست شازادەی ڕەش خالد شێخ محەمەد بوو.

بە شازادە ڕەشم وت کە نای ناسم، چونکە دەمویست چیرۆکەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بزانم، لەسەری ڕۆیشت: فەرماندەی چالاکی تیرۆریستییە کە بن لادن ئەنجامی دەدات. ئامانجی تەقاندنەوەی فڕۆکەکانە.

شازادەی ڕەش بەردەوام بوو: لە ساڵی 1995 فەرماندەی پۆلیس بووم. ئەوکاتە دوای گرتنی دوو یاوەری خۆی لە فلیپین هاتبوەوە قەتەر. کەوایە یەکسەر بردمانە لای «عەبدوڵڵا بن خالد» وەزیری وڵاتی وەهابی و دەمارگیر. ئەمیر داوای لێکردم هاوکاری عەبدوڵڵا بکەم.

تێگەیشتم کە شـازادەی ڕەش داوام لێدەکات بەم زانیاریە کارێك بکەم. زۆربەی عەرەبەکان ئەم کارەیان دەکرد، منیش ئارەزووم لێبوو باقی چیرۆکەکە ببیستم.

لێم پرسی: ئێستا خالد ئەلشێخ لە کوێیە؟

کاتێك خالد ئەلشێخ محەمەد لە ساڵی 1996 قەتەری بەجێهێشت، ئیدی ئاگام لە بارودۆخی نەبوو.

وتی: پێموایە لە پراگە، پاشان لێم پرسی: ئایا بەڵگەیەك بۆ ئەو مەسەلەیە هەیە؟ وەڵامی دایەوە: زۆر زیاتر لە بەڵگەیەك. من وەزیری ئابووری بووم و لە کاتی پارەدان بە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، من پارەکەم دەدا.

گوێ بە هەنگاوی وڵاتانی بێگانە نادەم لە پشتگیری دارایی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکا، بەڵام مەسەلەی خالد ئەلشێخ محەمەد بۆ من گرنگە. ئاگام لەو پیلانە بوو کە هەبوو زانیاریم لە بارەی نەخشەی خالد ئەلشێخ محەمەد بۆ تەقاندنەوەی هێڵی فڕۆکەکانی ئەمەریکا بەدەست هێنابوو، بەڵام چۆن دەمتوانی بە دەزگای هەواڵگری ناوەندی بگەیەنم؟ لە دەزگا دەرکرابووم و تاکە ڕێگای ناردنی زانیاری و بەڵگە لە ڕێگای ئیمێڵ بۆ دۆستێك بوو کە هێشتا لە دەزگای هەواڵگری ناوەند کاری دەکرد. دەبوو داوام لێبکردایە کە زانیاریەکە بۆ ناوەندی بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم بنێرێت و هەموو زانیاری، تەنانەت ناوی شازادەی ڕەشیشی تێدا بنوسێت.

## بێدەنگی سی ئای ئەی دەربارەی تیرۆریزم

هیوادار بووم واشنتۆن کەسێك بۆ گفتوگۆ لەگەڵی بنێرێت، بەڵام دوای دوو رۆژ هاوڕێکەم وەڵامی دایەوە «لە بەرژەوەندیمان دا نییە»

تەسلیم نەبووم. هەربۆیە داوای هاوکاریم لە «گیم رایزەن» هەواڵنێری رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز کرد، ئەگەر ئەم زانیاریە و بە تایبەت بەڵگەنامەکە لە رۆژنامەی نیۆیۆرك تایمز بڵاودەکرێتەوە رەنگە سەرنجی یەکێ لە هاوپەیمانانمان لە کەنداو بۆ یەکێ لە ترسناکترین تیرۆریستانی دنیا رادەکێشرێت.

ئەوکاتە، گوازرامەوە بۆ نیۆیۆرك. هێشتا شازادە رەش ئامادەی باسکردنی هەموو زانیاریەکانی بوو، کاتێك بڕیاردرا رایزەن چاوی پێ بکەوێت، شازادەی رەش لە بەیروت رفێنرابوو بە فڕۆکە گوازرابۆوە دۆحە.

تا نوسینی ئەو دێڕانە، لە گرتووخانەیەکی بێ پەنجەرە پاسەوانی دەکرێت. بنەماڵەکەی دەڵێن ماددەی بێهۆشکەری لێدەدەن. بە دیارنەمانی ئەو شازادەیە، تاڕادەیەك دەستڕاگەیشتن بە هەندێك راستییەکان نەشیاو بوو.

دوای دیارنەمانی شازادەی رەش، لە نیۆیۆرك چاوم بە دۆستێکی کەوت، لە دایکبوی سریلانکایەو ناسنامەی ئەمەریکی هەبوو، لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

کاری بۆ دەستەی قەتەر دەکرد. پێیوتم نایەوێت قسەم لەگەڵدا بکات، چونکە سەری ناهێشێت سێتای لێ باڵێنێت.

دوای ئەوەی رازیم کرد کە هاوڕێی شازادەی رەشم، چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە: «لە ساڵی 1995 کاتێك ئەمیر فەعالی (قەتەر) دەسەڵاتی باوکی روخاند، هەڵەیەکی تاکتیکیم کرد و پشتگیریم لە باوکی ئەمیر و شازادەی رەش کرد. ئەو کارە کردمییە دوژمنی وەزیری دەرەوەو ئەمیری (قەتەر). رۆژێکییان لە نیۆیۆرك چاوم بە وەزیری دەرەوە کەوت. پێیوتم کە دەبێت لە هەردوولا یەکێکییان هەڵبژێرم و شوێنی شازادەی رەش ئاشکرا بکەم. پێموت بۆ؟ خۆ یاسا شکێنیم نەکردووە. وەزیر وەڵامی دایەوە: گرنگ نییە، زوو تێدەگەی.»

بۆم دەرکەوت کە وەزیری دەرەوە (قەتەر) لە واشنتۆن زۆر بە دەسەڵاتە. پارەی سەرەوژێر بوو، رێی بە قەتەر دا کار لە نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی (ئێف بی ئای) بکات. ئەو نوسینگەیە لە شوباتی 1996 تیمێکی ناردە دۆحە تا خالد ئەلشێخ محەمەد دەستگیر بکەن، هەروەها قەتەر ئێف. بی. ئای. بۆ تۆقاندنی نەیارانی بەکاردەهێنا.

## بەسەرهاتی ئاشنابوون بە هەواڵنێری واڵ ستریت و مردنی

مەخابن ئەوە کۆتایی چیرۆکەکە نەبوو، لە ساڵی 1998 کاتێك لە فەرەنسا بووم گەنجێك بە ناوی «دانی رێل» لە رۆژنامەی واڵ ستریت جورناڵ بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوەکردم. لە ژنۆ چاومان بە یەکتری کەوت تا قسە لە بارەی خالد ئەلشێخ محەمەد و قەتەرەوە بکەین. ئەو گوێی دەگرت و خاڵەکانی دەنوسین. دواى ماوەیەك وتی کە بەسەرهاتی خالد ئەلشێخ محەمەدی خستۆتە روو، بەڵام زانیاری پێویست بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بەسەرهاتە نییە.

دوو رۆژ دوای 11ی ئەیلول (2011) لە رێگای ئیمێڵەوە نامەکەی پرێلم پێگەیشت: سڵاو بارودۆخ چۆنە؟ هێشتا کتێبەکەت بڵاونەبۆتەوە؟ هیوادارم رۆژی سێشەمە لە نزیك پنتاگۆن نەبووبیت؟ شیمانە دەکرێت هەندێك لە تاوانباران پاسپۆرتی ئیماراتیان هەبێت و ئەوە بیردەهێنمەوە کە تۆ زۆر باسی ئەو مەسەلەیەت کردبوو. داوات لێدەکەم کە دەربارەی خالد ئەلشێخ محەمەدو قەتەر قسە بکەی، بۆ ئاگادار بوون لەم مەسەلەیە کە ئایا پرێل بۆ ئاگاداربوون لە خالد ئەلشێخ محەمەد چۆتە کەراچی، هیچ ئامرازێکم نەبوو. بەڵام رۆژنامەی واڵ ستریت (لەوەڵامدانەوەی نوسەری ئەم کتێبە) رای دەگەیاند کە نەخێر، لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکی دیکە دەکات.

پرێل کوژراو واشنتۆنیەکان سێرەیان لە تۆمەتەکانی خالد ئەلشێخ محەمەد گرت، لەرێگای هاوڕێیەکەوە لە لەندەن تێگەیشتم کە چەند رۆژێك دوای 11ی ئەیلول پێرل گفتوگۆی لەگەڵ وەزیری دەرەوەی قەتەر کردووە، تا لەوبارەیەوە پرسیاری لێ بکات، کە ئایا خالد ئەلشێخ محەمەد لە پاش پەردەی ئەو پەلامارانەوەیە. پێویستم بە ئاگاداربوون لە وەڵامی قەتەریەکان نەبوو. بێگومان بەتوندی هەرجۆرە ئاگادار بوونێکی لە 11ی ئەیلول و خالد ئەلشێخ محەمەدی رەتکردەوە.

ئێستا ئەو پرسیارە دەکرێت، کە ئایا قەتەریەکان بە خالد ئەلشێخ محەمەدیان وتووە کە پێرل بە رێگاوەیە. زۆربەی پرسیارەکانمان بێ وەڵام مانەوە. حکومەتەکانمان دەبێت بە دوای راستیەوە بن و لە شوێنەکانی وەك قەتەرو عەرەبستانی سعودییە بۆی بگەڕێن. باوەڕ بکە، دوای 11ی ئەیلول پرسیارەکان لە وەڵامەکان زیاترن.

قەتەریەکی دیکە پێیوتم کە لە کۆتایی ساڵی 1990 «ئەیمەن زەواهیری» یاریدەدەری بن لادن لە میسر و دەیان لایەنگرانی لە قەتەر بوون، لە کاتێکدا حکومەتی (قەتەر)یش ئاگای لەم مەسەلەیە بوو. عەرەبستانی سعودییەش بارودۆخێکی بەم چەشنەی هەبوو.

ئێمە هێشتا لە بارەی ئەو مەسەلەیە زانیاریمان نییە، کە بۆچی «عومەر بیومی» لە سان دیگۆ بە سەدان

هەزار دۆلار دەرکەوت و هاوکاری دوو لە رفێنەرەکانی سعودی کرد. هێشتا دۆسیەکەی لە نوسینگەی ئێف بی ئایە، لەکاتێکدا لە ناو عەرەبستانی سعودییە بەوپەڕی ئاسودەیی دەژی.

چەندینجار ئەو پرسیارە کراوە پارەیەك کە «کالین پاوڵ» لە وتارەکەیدا لە ڤانکۆی «تافتس» وەریگرت، لە هەمان حیساب نەدرا کە وەزارەتی بەرگری عەرەبستانی سعودییە بۆ پێدانی پارە بە «عومەر بیومی» سودی لێوەرگرت.

دەبێت بۆ داواکردنی راستییەکان لە عەرەبستانی سعودییە پێشتر راستییەکان بەخۆمان بڵێین، چونکە بێجگە لەمە زۆر کارەساتی وەك 11ی ئەیلول و کوشتنی دڵتەزێنی دان پێرل روودەدەن.

### دەرمانی ترسناك بۆ نەخۆشییە بێ دەرمانەکان

وەڵامەکانی واشنتۆن بۆ وڵاتی عەرەبستانی سعودییە وەك وەڵامەکانی باقی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوین بوو: دیموکراسی هەموو شتێك چارەسەر دەکات. دەبێت قسە لەگەڵ خانەدانی دەسەڵاتدار بکرێت، تا لانیکەم دەست لە بەشێك لە دەسەڵاتەکەی هەڵگرێت، شازادەکان بە بیرۆکەی چاکسازی بێنە سەرکار، پەرلەمانی نمونەیی لەم وڵاتەدا دابمەزرێت، دوو حزبی سیاسی دابمەزرێت، جیمی

کارتەر وەك چاودێری نێودەوڵەتی هەڵبژاردن بچێتە ئەو وڵاتە و گۆڕانکاری بکرێت، تا ریاز وەك ئەنکەرا، یان رەنگە ستۆکهۆڵم بێت.

«شاس فریمان» باڵوێزی پێشووی (ئەمەریکا) لە عەرەبستانی سعودییە وتی: عەرەبستانی سعودییە چووە ناو شەڕەکانی بە تایبەت لە مەیدانی بە گژداچوونەوەی تیرۆریزم.

«ئەنتۆنی کوردزمان» شارەزای کاروباری خۆرهەڵاتی ناوین لە ناوەندی توێژینەوەی رێهبۆردی و نێودەوڵەتیش وتی: عەرەبستانی سعودییە رێنمایی چالاکی فراوان دەکات بۆ گۆڕانکاری ئابووری و کۆمەڵایەتی. بەهۆی ئەم گۆڕانکاریەوە کەمینەکان پاڵیان داوەتە توندوتیژییەوە.

دەتوانی ئەمجۆرە ورتە ورتانە لە سەرانسەری واشنتۆن ببیستی تەنانەت لە دەرەوەی دەزگای هەواڵگری ناوەند بڕوا وابوو کە دیموکراسی لە بیابان سەردەکەوێت، چونکە لە ئەمەریکاو ئەوروپا سەرکەوتووە.

هەموو ئەم بابەتانە وڕێنەیە. لایەنگرانی دیموکراسی لە عەرەبستانی سعودییە باسی هەڵبژاردنی ئازاد و پاك دەکەن لە عەرەبستانی سعودییە. (!)

وەرەبا چاو بە دوا هەڵبژاردنی راستەقینەی وڵاتێکی عەرەبیدا بگێڕین: لە جەزائیر، لە کۆتایی ساڵی 1991 و سەرەتای ساڵی 1992 کاتێك کە بنەڕەتخوازان لە

سەرکەووتن دابوون بە دەنگی زۆرینەی حەتمی، سوپا دەستی لە کارەکە وەرداو ئەو وڵاتە بەرە و شەڕی ناوخۆ چوو کە لەوکاتەدا سەدان هەزار کەس لە خەڵك کوژران.

بۆچی چاوەڕوانین بارودۆخی عەرەبستانی سعودییە جیاواز بێت؟

«ند واکر» کە هەموو شتێك لە بارەی دیموکراسی لە عەرەبستانی سعودییە دەزانێت و سەرۆکی ناوەندی توێژینەوەی خۆرهەڵاتی ناوینە، تائاستێك شازادەکانی سعودیە پشتیوانی دەکەن. شازادانێك کە بۆ وەرگرتنی دەنگی خەڵك ئامادەن هەموو کارێك بکەن.

«ریچارد پێرڵ» سەرۆکی ئەنجومەنی ئیداری (حکومەتی ئەمەریکا لە سەردەمی جۆرج دەبلیوو بۆش)، شەریکی کارگەیەکی تەکنەلۆجی و کەلوپەلی ئاسایش و بەرگری بوو، لە کاتێکدا پێرل دەیوت سعودیەکان خوازیاری شەڕن دژی عێراق، شەریکەکانی خەریکی سازدانی کۆبوونەوە بوون لەگەڵ سەرمایەدارانی باڵای سعودیە تا 100 ملیۆن دۆلار بۆ سەرمایەگوزاری نوێ کۆبکەنەوە.

بۆ هەموو کەسانێك کە بە دوای گۆڕانکارییەوەن لە راستییەکانی دنیا:

بارودۆخ بەمجۆرەیە:

- دنیای پیشەسازی گرنگی بە پاشەکەوتی نەوت

دەدات لە وڵاتانی ئیسلامی و بۆ گرێبەستەکانی داهاتوو پێویستی پێیەتی، دیارە جیاوازی ناکات ئەم پاشەکەوتە لە وڵاتانی عەرەبی دابین بکرێت، یان ئاسیای ناوەڕاست.

- عەرەبستانی سعودییە لە ناو وڵاتانی خاوەن نەوتی ئیسلامی، لە هەموویان گرنگترە،چونکە: (ئەلف) گـەورەتـریـن پاشەکەوتی نەوتی هەیە. (ب) وەکو دەستەیەکی چاودێرە بەسەر بازاڕی پیشەسازی نەوتی جیهانی (ت) پـارەو ئیرادەی سیاسی هەیە، هەروەها هەوڵدەدات بەسەر نیمچە دوورگەی عەرەب و ئاسیای ناوەڕاستدا زاڵبێت.

- لە ناو وڵاتانی بە کارهێنەری نەوت، هیچ وڵاتێك بە رادەی ئەمەریکا نییە، لە ئەنجامدا هیچ وڵاتێك وەك ئەمەریکا پەیوەست نییە، بە نەوتی عەرەبستانی سعودییە.

- ئەگەر دەبابەکانی عەرەبستانی سعودییە بتوانن بەسەر 4 بنەماڵەی عەرەبی ناوچەی کەنداودا زاڵبن کە بەگشتی لە 60%ی پاشەکەوتی نەوتییان هەیە، ئابووری پیشەسازی و لەوانە ئابووری ئەمەریکا توشی وەستانەوەی ئابووری نابێت.

بمانەوێت یان نەمانەوێت ئەمەریکاو عەرەبستانی سعودییە لە بەلەمێکدان. داهاتوویان (سعودیەکان) داهاتوومان (ئەمەریکیەکان)ە. سەرەنجام پێویستمان بە حکومەتی یاسایە لە عەرەبستانی سعودییە و خۆرهەڵاتی

ناوین. من باسی ڕەوایەتی، ئازادی چاپەمەنی، ئازادی ئایین یان مافی هەڵگرتنی چەك ناکەم. مەبەستم مەسەلەیەکی زۆر گرنگترە. یاساخ کردنی چالاکی توندڕەوەکان و ئیخوان موسلمین و تاوانی زانینی دزی و بەرتیل. تەنیا لە ڕێگای چارەسەری ئەم کێشانە دەتوانی بیر لە مافەکانی ئەوانی دی یان دیموکراسی بکەیەوە. ئەوە دیموکراسییە دەتوانێت ببێتە هۆی سەروەری یاسا. وەك پەسەندکرنی یاسای بەگژداچوونەوەی گەندەڵی ورووژێنەری دەرەکی، وەستاندنی بەرتیل و سنوردارکردنی بەرپرسانی خانەنشینی حکومەتی ئەمەریکا، بەڵام ئێستا ڕووبەڕووی مەسەلەی هەڵوەشانەوەی ئال سعود بووینەوەو چارەیەکی دیکەش نییە. پەلاماردان و شۆڕش تاکە ئەو کارانەن کە دەتوانی بەهۆیانەوە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ پیشەسازی خۆرئاوا بپارێزی.

واشنتۆن ناچاری کردین کە مامەڵە لەگەڵ شەیتاندا بکەین. بە گوێیدا چرپاندووە، خۆشەویستیمانی بۆ دەربڕین. کاتێك کە مەسەلەکان بە هەڵە بەرەوپێش دەچێت، واشنتۆن دەستی لەسەر دادەنێت و دەڵێت هەموو شتێك بەگوێرەی بیرکردنەوە و شێوازی باوە، لە کاتێکدا لەو هەموو ماوەیەدا چاومان بە جانتای کراوەی پارەوە لکاوە.

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە<br>ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە<br>قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە<br>بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە<br>کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە<br>سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە<br>سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە<br>ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە<br>یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە<br>درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی<br>کوردستان | ماجد خەلیل | 2013 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە<br>جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە<br>جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە<br>هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە<br>سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە<br>سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو<br>محەمەد | 2015 |